وەرزنامەی

# ئایینناسی

ژمارە ١٠ | ساڵی سێیەم، نیسانی ٢٠٢٥ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایینەوەیی وەرزانە دەریدەکات


- کۆمەڵناسیی ئایین چەمك و سەرهەڵدان
- سیماکانی ڕەوتە دینییەکانی هەرێمی کوردستان
- ئایین چییە؟ و دەستەبژێری ئایینی چییە؟
- عەلائەدین سەجادی مەلایەکی ڕچەشکێن
- زانستی کۆمەڵناسیی ئایینی




ئایین و کۆمەڵناسی، تێڕوانین و خوێندنەوە
بۆ ئاییـــن لەڕوانگـــەی کۆمەڵناسییەوە

# وەرزنامەی
# ئایینناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.


ژمارە (١٠)، ساڵی سێیەم، نیسانی ٢٠٢٥



خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د. سالار تاوگۆزی
د.ئومێد ڕەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
ئلیاس تاهیر محمدامین
د.فاروق عبدول مەولود

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان ئەحمەد



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠)٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠)٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

ئایینناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆك

## سەروتار


◇ ئایین و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی..........د.فاروق عەبدول | ٥


## توێژینەوە


◇ کۆمەڵناسیی ئایین چەمك و سەرهەڵدان..........د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | ٩
◇ سیماکانی ڕەوتە دینییەکانی هەرێمی کوردستان، هۆکار و کاریگەرییەکان.......... زیرەك ئەحمەد ڕەحمان | ١٧


## وەرگێڕان


◇ ئایین چییە؟ و دەستەبژێری ئایینی چییە؟..........وەرگێڕانی: د. سالار تاوگۆزی | ٣٣
◇ کۆمەڵناسیی ئایین، کۆمەڵناسیی ئایینی و کۆمەڵناسیی ئیسلامی..........وەرگێڕان: ئارام مەحموود ئەحمەد | ٤٥


## گفتوگۆ


◇ د. ئاراس عەبدولکەریم: کولتووری کوردی بایی ئەوەندە کاریگەریی هەیە کە ئەم کۆمەڵگەیە لە توندڕەوی بپارێزێت.......... | ٥٥
سازدانی: ئیدریس سیوەیلی و سالار تاوگۆزی


## مێزگرد


◇ ئایین و کۆمەڵناسی؛ تێڕوانین و خوێندنەوە بۆ ئایین لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە..........ئامادەکردنی: ئایینناسی | ٧٥


## بیرمەندان


◇ عەلائەدین سەجادی مەلایەکی ڕچەشکێن..........هێمن مەلا کەریم بەرزنجی|عومەر مەلا کەریم بەرزنجی | ٩٥


## ئایین و ئایینزاکانی کوردستان


◇ فەتواکانی "ئیبن سەلاحی شارەزووری" دەربارەی سیفەتەکانی خودا.......... د. یاسین تەها | ١١٧


## ڕانانی کتێب


◇ زانستی کۆمەڵناسی ئایینی.......... ڕانان: ئلیاس تاهیر | ١٣٣


## زاراوەناسی


◇ کۆمەڵناسیی ئایینی.......... ئامادەکردنی: ئایینناسی | ١٥١

## سەروتار



# ئاییـن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

د.فاروق عەبدول

پەیوەندی نێوان ئایین و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی تایبەت و فرە ڕەهەندە، ئەم پەیوەندییە مەحکومە بە چەندین پێوەر و بنەما کە هەریەکەیان ڕۆڵ و کاریگەی بەهێزی هەیە لە ئاڕاستەکردنی ئەوی دیکەدا، جۆری کاریگەرییەکەش بەپێی سروشتی کۆمەڵگە و ئایینەکان دەگۆڕێت، لە هەندێك کۆمەڵگەدا ئایین پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە و کاریگەرییەکەی لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکێکەوەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە دەسەڵاتی سیاسی، لە هەندێك کۆمەڵگەی تردا ئەم کاریگەرییە هێندە لاوازە بە ئاستەم دەتوانیت جێکەوتەکانی دیاری بکەیت.

یەکێك لە کاریگەرییە هەرە دیارەکانی ئایین، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە، ئایین ئامڕازێکی نافەرمی بەهێزە لەم بوارەدا، هەڵبەتە جگە لە ئایین چەندین ئامڕازی دیکەش هەن، لەوانە دابونەریتەکان، یاسا، خێزان، پەروەردە... هتد.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی واتە ڕەفتارێك کە تاکەکان بەرەو پابەندبوون بە پێوەر و بەها خوازراوەکانی کۆمەڵگە دەبات، هیچ کۆمەڵگەیەك نییە بەبێ پێوەرەکانی کۆنترۆڵ بۆ ڕەفتاری تاکەکانی کە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی دیاری دەکات لە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارە بە ڕێگەپێدراو و قەدەغەکراوەکان، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو ئامڕازانەیە کە کۆمەڵگە بەکاریان دەهێنت و پیادەیان دەکات بۆ کاریگەری دانان لەسەر تاکەکان، کە ئایین یەکێکە لەو ئامڕازانە.

زۆرێك لە فیگەرە دیارەکانی کۆمەڵناسی جەخت لەم ڕۆڵەی ئایین دەکەنەوە لە کۆمەڵگەدا، پێیانوایە کە ئایین هێزێکی یەکگرتووە لە کۆمەڵگادا، بەو پێیەی هێزی داڕشتنی بیروباوەڕی بەکۆمەڵی هەیە و دەتوانێت یەکگرتوویی لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا

بەدی بهێنت لە ڕێگەی بەهێزکردنی هەستی پابەندێتی و هۆشیاری بەکۆمەڵ، دۆرکهایم جەختی لەم بۆچوونە کردووەتەوە و پێیوایە کە سروتە ئایینییەکان گوزارشتە لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، ئەوەش لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی ئەو هەست و سۆزانەی کە هاودەنگی کۆمەڵگەی لەسەر وەستاوە، مالینۆڤسکی-ش پێیوایە کە ئایین هێزێکی گرنگە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، نەک لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەوە سەرهەڵدەدات، بەڵکو لەبەرئەوەی وەڵام و پابەندییە بۆ تاکەکان لەکاتی تەنگژەکاندا.
بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا ڕۆڵی ئایین لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەلایەتیدا بەهێزترە بەراورد بە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان، ئەرکی ئایین لەم کۆمەڵگانەدا دوو جۆرە؛ یەکەمیان، دەستنیشانکردنی ڕەفتارە دروستەکان لە ڕێگەی بنەما ئایینییەکانەوە کە پەیڕەوانی پێوەی پابەندن و زیاتر هەستێکی ڕۆحانییە لەنێوان خودا و بەندەکانیدا، ئەوی دیکەیان ڕێنماییە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتارە هەڵەکان لەڕێگەی نوخبەی دینی و دامەزراوە ئایینییەکانەوە، کە فاکتەرێکی بەهێزن بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان لە ڕێگەی گەیاندنی پەیامە ئایینییەکانەوە دوور لە دەمارگیری و حوکمدانی ڕەها.
هەڵبەتە ئایینی ئیسلام یەکێك لەو ئایینە بەهێزانەیە کە ڕۆڵی گەورەی هەیە لە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە، لە هەموو ئەو بابەتانەکەی کە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان ڕێکدەخات و جۆرێك لە ئارامی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات، ئایینی ئیسلام بە قووڵی لەسەریان وەستاوە و هانی تاکەکان دەدات کە ڕەفتارەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەو پەیامانە بێت کە لە دەق و فەرموودەکاندا هاتووە، لێرەوە زۆرێك لە پرسەکانی لێبوردەیی، چاکەی گشتی، پەروەردەی خێزان و پێگەیاندنی تاك لەسەر بنەمای خوشەویستی و دوورکەوتنەوە لە تاوان، لەو بنەما جێگیرانەی ئیسلامن کە پێویست و بناغەن بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، ئەمە جگە لەلایەنە پەرستشیە خودییەکان، کە دەتوانێت دۆخێکی دەروونی ئارامبەخش بۆ پەیڕەوانی دەستەبەر بکات.
بەو پێیە کە ئایین ئامرازێکی بەهێزی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە، گرنگە لە کۆمەڵگەی خۆشماندا بەوردی هەڵوەستەی لەسەر بکەین و هەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە ئایین ڕۆڵی هەیە لە ئاڕاستەکردنیاندا لە ڕووە کۆمەڵناسییەکەیەوە خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، بەتایبەتی ئەو دیوەی کە زیاتر دەتوانێت نزیکمان بکاتەوە لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و ئارام کە ڕەفتاری تاکەکان تەواوکار و هاوئاڕاستەی بنەما ئایینییەکان بن. ئەمەش زیاتر وابەستەیە بە ڕۆڵی نوخبەی ئایینی و دامەزراوە ئایینەکان و هەموو ئەوانەی بەشێکن لە ئاڕاستەکردنی پەیامە ئایینییەکان، بەجۆرێك کاریگەرییەکەیان لەسەر ڕەفتاری تاکەکان لە چوارچێوەی بەها خوازراوەکانی کۆمەڵگەدا بێت بەبێ ڕەتکردنەوە و بازدان بەسەر ئامرازەکانی تری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی یاسا و دابونەریتەکان.

# توێژینەوەکان

ئایینناسی

# کۆمەڵناسیی ئایین

# چەمك و سەرهەڵدان

د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

**ناساندنی زاراوەکە**

سۆسیۆلۆژیای ئایین Sociology of Religion بەشێکە لە کۆمەڵناسی کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە هەیە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە ئایینەکان دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە دیاردەی ئایینی دەگەڕێنێتەوە بۆ بنەما کۆمەڵایەتییەکەی، بەو پێیەی ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەنێو کۆمەڵگەدا هەڵدەقوڵێ، دامەزراوە ئایینیەکانیش بەشێکن لە کۆمەڵگە.

یەکێك لە خاڵە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسیی ئایین بریتییە لە دەرخستنی کاریگەریی ئایین لەسەر کۆمەڵگە و نیشاندانی کاریگەریی کۆمەڵگە لەسەر ئایین، هەروەها ئەو بارودۆخەی دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی ئایینێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، لەدواییدا لە هۆکار و میکانیزمی گرووپە ئایینییەکان دەکۆڵێتەوە بەو پێیەی ئەمانیش بەشێکن لەو کۆمەڵگەیە.

سۆسیۆلۆژیای ئایین لە ئایینە سەرەکییەکانی جیهان دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی ئایینی جولەکە و مەسیحی و ئیسلام و بودی و زەردەشتی و هیندۆسی و کۆنفشیوسی و تاوی و مانەوی و بەهائی، هەروەها هۆکارەکانی ئەو جیاوازی و ناکۆکییانەی لەنێوان ئایینزاکاندا دروست دەبێت، کە ئەو ناکۆکییانەش دەگەڕێنەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە: ناکۆکیی نێوان کاتۆلیکی و ئەرسەدۆکسی و پرۆتستانتی لە مەسیحیەتدا، ناکۆکیی نێوان سوننە و شیعە و سۆفییەکان لە ئیسلامدا.

## ئایین لە ڕوانگەی ئیمێل دۆرکهایم

گرنگترین ئەو سۆسیۆلۆژیستانەی بایەخیان بەم لایەنەی کۆمەڵناسی داوە، بریتین لە ئیمیل دۆرکهایم و جۆرج زیمڵ و ماکس ڤیبەر و کارل مانهایم و دواتر گەلێ زانای تر ئەم بەشەیان فراوان کردەوە، ئەمان بەتەنها لە ئایینە گەورەکانیان نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو لە ئایینە سەرەتاییەکان و لە پەیوەندیی سیحر و ئاینیشیان کۆڵیوەتەوە، ئەگەر چی پتر ئەنترۆپۆلۆژیستەکان لە ئایینی سەرەتایی هۆزە سەرەتاییەکانیان کۆڵیوەتەوە، لەوانە جێمس فرێزەر لە کتێبە ناودارەکەیدا بە ناونیشانی (چڵی ئاڵتوونی- لێکۆڵینەوەیەك لە سیحر و ئایین)، بەڵام کۆمەڵناسەکان پتر لە ئایینە یەکتاپەرستەکانیان کۆڵیوەتەوە، بەپێی پێناسەی کۆمەڵناسان ئایین بریتییە لە چەند چالاکییەکی هێمایی و کۆمەڵایەتی کە لەنێو خودی کۆمەڵگەدا، لەڕێگەی تێکستەکان و سرووتەکانەوە، بڵاودەبێتەوە و مۆرکێکی میللی لەخۆ دەگرێت.

کۆمەڵناسی فەرەنسی ئیمێل دۆرکهایم لە کتێبە ناودارەکەیدا بە ناونیشانی "بنەماکانی ژیانی ئایینی-١٩١٢" لە دیدێکی سۆسیۆلۆژییەوە لە ئایین دەڕوانێت کە بۆ ئەمرۆ دیدێکی کلاسیکییە، بەبێ ئەوەی بایەخی خۆی لەدەست بدات، ئایین لەلای دۆرکهایم بریتییە لە سیستمێکی یەکگرتووی باوەڕ و سرووت و موقەدەس کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری لایەنگران لەخۆی کۆدەکاتەوە. دۆرکهایم دیدێکی نێگەتیڤی نییە بۆ ئایین، بە پێچەوانەوە پێی وایە ئایین لە قۆناغێکی دوورودرێژی ژیانی بەشەریدا سەرچاوەی زانین بووە. دۆرکهایم وایدەبینێت ڕەگەکانی مەعریفە لە ئاییندایە، ئایین بیری مرۆڤایەتیی دەوڵەمەند کردووە، هەروەها ئایین لە جەوهەردا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.

وەك پێویستییەکی گرنگی گەشەکردنی فەلسەفەو زانست، دۆرکهایم پێی وایە ئینسان لە ڕێگەی سرووتە ئایینی و ڕۆحانییەکانەوە گەشەی بە مەعریفەی خۆی داوە، چونکە هەموو چەمکە فیکری و زانستە قوڵەکان لە سەرەتادا چەند گریمانەیەکی ئایینی و ڕۆحانی بوون، کە پاشان گەشەیان کردووە و لە بوارەکانی فەلسەفە و زانستدا شیکراونەتەوە. دۆرکهایم پێمان دەڵێ بیری ئایینی سەرچاوەی هەموو بیرێکی مرۆییە و مرۆڤ لە گێرەشێوێنییەوە دەگوازێتەوە بۆ ئارامی.

دۆرکهایم ڕەخنە لە دژایەتیکردنی ئایین دەگرێ و ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێ کە دەڵێن ئایین ڕێگرە لە بەردەم کرانەوەدا، دەبینین هەر دیدێکی زانستی یان فەلسەفی ڕەگێکی لەناو ئاییندا هەیە، بەڵام دۆرکهایم داکۆکی لە ئایین ناکات وەك بیروباوەڕێکی ڕەها، بەڵکو وەك قۆناغێك

لە قۆناغەکانی گەشەکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی داکۆکیی لێدەکات.

**ئایین لەلای مارکس و ماکس ڤێبەر**

کارل مارکس وایدەبینێت سەرمایەداری لە دەرەوەی ئاییندا درووست دەبێت، ئایین تەنها ئامرازێکە کاپیتالیزم بۆ بەهێزکردنی خۆی بەکاری دەهێنێت و وەك بەشێك لە سەرخانی کۆمەڵایەتی تەماشای دەکات، کەچی ماکس ڤێبەر بە پێچەوانەوە پێی وایە ئایین رۆڵێکی بەرچاوی لە گەورەبوونی سەرمایەداریدا هەیە، لێرەدا ئایین دەبێت بە ژێرخان نەك ئابووری. بەڵام ئایینی پرۆتستانتی بە پلەی یەکەم ئەو رۆڵە دەبینێت، واتە لە دیدی ڤێبەردا سەرمایەداری و پرۆتستانتیزم بەیەکەوە لەدایك دەبن، بێگومان ئەو کاتەی سەرمایەداری لە سەدەی نۆزدەدا وەك هێزێکی گەورەی ئابووری و سیاسی دەردەکەوێت و هەژموونی خۆی زاڵ دەکات.

کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس ڤێبەر گرنگییەکی زۆری بەم بەشە گرنگەی کۆمەڵناسی داوە، دوو کتێبی گرنگی لەو بوارەدا چاپ کردووە، یەکێکیان بە ناونیشانی "ئاکاری پرۆتستانتی و رۆحی سەرمایەداری"، ئەویدیکەیان بە ناونیشانی "کۆمەڵناسیی ئایین". ڤێبەر، بەپێچەوانەی کارل مارکس، پێی وایە ئایین کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئابووری و گەشەکردنی سیستمی سەرمایەداریدا هەیە، واتە ئایین وەك یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی سەرمایەداری چاو لێدەکات، بۆچی؟ چونکە وەك ڤێبەر دەڵێ رۆحی سەرمایەداری لە قووڵاییدا رۆحێکی ئایینی هەیە و تەبایە لەگەڵ ئەو گیانە ئایینییەدا.

بە بۆچوونی ماکس ڤێبەر، داواکارییە ئەخلاقییەکانی پرۆتستانتیزم، بەتایبەتی لای کالڤینییەکان، ئەو پاڵنەرە ئەخلاقییانە گەشە پێدەدەن کە لەگەڵ رۆحی سەرمایەداریدا یەك دەگرنەوە. چونکە پرۆتستانتەکان داوایان دەکرد مرۆڤ ژیانێکی زاهیدانە و عابیدانە و کەم مەسرەف بژی و کارکردنیش ئەرکێکی خوداییە کە پێویستی بە ئیش و رەنج و خۆماندوو کردنە.

ئەمرۆ زوربەی زانایانی بواری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان دیدێکی جیاوازیان بۆ ئایین و بۆ سۆسیۆلۆژیای ئایین هەیە، زوربەیان جەخت لەو گۆڕانکارییە گەورە و ریشەییە دەکەنەوە کە بەسەر ئاییندا هاتووە، بەهۆکاری شۆڕشی فەلسەفی و رۆشنگەری و پاشان شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی زانستی و تێکنۆلۆژی و ئێستاش شۆڕشی ئەلیکترۆنی و خێرابوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەم گۆڕانکارییانە پێکڕا ئاینیان کردووە بە مەسەلەیەکی

شەخسی و لە بواری تاکەکەسدا قەتیسیان کردووە، کۆمەڵگەکان پتر بەرەو بیر و سیستمی عەلمانی هەنگاو دەنێن، سیستمێك وەکویەك و بە یەکسانی تەماشای هەموو ئایینەکان دەکات، سەرجەمی ئایینەکان بە یەکسانی مافی پرۆسەکردنی سرووتەکانی خۆیان هەیە. لێرەدا عەلمانییەت بە مانای دژایەتی کردنی باوەڕی ئایینی نییە، هەروەها عەلمانییەت مانای بێبایەخکردن و بێماناکردنی ئایین نییە و عەلمانییەت یەکسان نییە بە بێ دینی.

## دوو انەی ئایین و عەلمانییەت

عەلمانییەت و ئایین دوو بابەتی پێکەوەبەستراون، بەتایبەتی لە سەدە نوێیەکاندا بوون بە دوالیزمێکی گونجاو، دوو بابەتن پێکەوە گرێ دراون و لە ململانێی بەردەوامیشدان، باسکردنی یەکێکیان بەبێ ئەویدیکەیان باسکردنێکی ناتەواو و کەموکورتە، ئایین و عەلمانییەت توند بەیەکەوە بەستراونەتەوە و پێویستە لە ڕەوتی مێژوویدا باسی هەردووکیان بکرێت.

ئایا وشەکە لە بنەڕەتدا عەلمانییەتە یان عیلمانییەت؟ واتە لە عالەمەوە وەرگیراوە یان لە عیلمەوە؟ زۆربەی سەرچاوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە وشەکە عەلمانییەتە نەک عیلمانییەت، چونکە لە وشەی عالەمەوە وەرگیراوە نەک لە عیلمەوە، ئێمە ئەم وشەیەمان لە زمانی کوردیدا لە وشە عەرەبییەکەوە وەرگرتووە، لە کوردیدا وشەیەک شک نابەین بۆ وشەی عەلمانییەت، هەندێ جار دەنووسین سیکیولاریزم، ئەم وشەیەشمان لە زمانی ئینگلیزییەوە خواستووە Secularesim.

لە زمانی ئینگلیزیدا چوار چەمکی سەرەکیی هەیە:

١- The Secular واتە کەسی عەلمانی.

٢- Secularization واتە بەعەلمانیکردن، پراکتیزەی عەلمانییەت.

٣-Secularism ئەمەیان پتر بۆ ئایدیۆلۆجیای عەلمانییەت بەکار دەهێنرێت.

٤-Secularity پتر بۆ سیستمی عەلمانییەت بەکار دەهێنرێت.

عەلمانییەت بە پرۆسەیەکی مێژوویی دووروودرێژدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەمرۆ، عەلمانییەت بەرووبومی چەندین سەدەیە، لە چەرخی پانزە و شانزەی ڕێنیسانس و ڕیفۆرمی ئایینی مارتن لۆتەرەوە دەست پێدەکات، بە چەرخی حەقدەی ئەقڵانییەت و سەدەی هەژدەی رۆشنگەری و پۆزەتیڤیزم و شۆڕشی هزریدا تێدەپەڕێت، تا دەگاتە شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی نۆزدەدا، هەموو ئەو پێشکەوتنە هزری و پیشەسازی و زانستییانە، کە چەندین بیرمەندی گەورەیان لەپشت بووە، کاریگەریان

لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئەقڵی مرۆڤ و ژیانی مۆدێرنە و بیرکردنەوەی تاکەکاندا بەجێهێشتووە، بە جۆرێک گەیشتۆتە گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی عەلمانییەت کە بە پلەی یەکەم لە ئەوروپادا سەرهەڵدەدات و جێگیر دەبێت، لە بنەڕەتدا عەلمانییەت بۆ کۆتایی هێنان بووە بە شەڕی نێوان ئایینەکان و شەڕی مەزهەب و ئایینزا جیاوازەکان، عەلمانییەت تەنیا لەنێو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتدا نییە، بەڵکو پەیوەستە بە زانست و مەعریفە و چەمکی هاووڵاتیبوون و مۆدێرنە و سیستمی پەروەردە و سیستمی دیموکرسییەوە.

مانای گشتیی ئەم زاراوەیە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، بەڵام ئەم دەستەواژەیە لە زەینی زۆر کەسدا هەستیارییەک دەوروژێنێت، لەڕاستیدا مەبەست لەم دەستەواژەیە بریتییە لە جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین، یان دەست تێوەرنەدانی دەوڵەت لە ئایین، بەهەمان شێوە دەست تێوەرنەدانی ئایین لە کاروبارەکانی دەوڵەت، لێرەدا دەبێ سەرجەم ئایین و ڕەوت و مەزهەب و ئایدیۆلۆجیاکان لە خزمەتی دەوڵەتدا بن، بۆ ئەوەی دەوڵەتیش بە شێوەیەکی دادپەروەرانە حوکمی هەمووان بکات، ئیدی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی و لە میانی دامەزراوەکانیدا، بەیەکسانی تەماشای هەمووان دەکات، بە یەکسانی ئازادی بۆ هەموو ئایین و ڕەوتەکانی دیکە فەراهەم دەکات، هەموو ئایینەکان وەک یەک مافی پرۆسەکردنی سرووتەکانی خۆیان هەیە، بێئەوەی ئایینێک بەسەر ئایینەکانی دیکەدا بسەپێنێت، تەنانەت ئەگەر ئایینی زۆرینەش بێت. کەواتە عەلمانییەت بریتییە لە سیستمی بەڕێوەبردن کە بە پلەی یەکەم لە خزمەتی هاووڵاتیدا دەبێت، سا ئەو هاووڵاتییە سەر بە هەر ئایین و نەتەوەیەک بێت.

**یەکێك لە خاڵە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی ئایین بریتییە لە دەرخستنی کاریگەریی ئایین لەسەر کۆمەڵگە و نیشاندانی کاریگەریی کۆمەڵگە لەسەر ئایین**

سەرهەڵدانی عەلمانییەت و پراکتیزەکردنی، لە پەیوەستیدا بە ئایینەوە، بە چەندین قۆناغی پڕ لە ململانێدا تێپەڕیوە، لە سەرەتادا ململانێکە توند بووە، هەم ئایین بە توندی دژی پرۆسەی عەلمانییەت وەستاوەتەوە، هەم عەلمانییەت لە بەرانبەر ئاییندا پەرگیر بووە، بەتایبەتی لە نیوەی

یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئەو کاتەی عەلمانییەت وەک ئایدیۆلۆژیا دەردەکەوێت و لە کایەی سیاسیدا دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ ئاییندا، بەڵام دواتر، لەلایەن چەندین بیرمەندەوە، فۆرمی عەلمانییەت گۆڕدرا و شێوازی دیکەی وەرگرت، کە دەشێت دیارترینیان بریتی بێت لە عەلمانییەتی کراوە و نەرم لە بەرانبەر ئایین و ئیتنییە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە کۆمەڵناسی ئەمریکی (پیتەر بێرگەر) لەتەک عەلمانییەتدا باسی دنیای پلورالیزم دەکات کە دەشێت ئایینە جیاوازەکان بە تەنیشتی یەکدییەوە بن، ئایین و عەلمانییەت پێکەوە بەشێک بن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ، بە مەرجێک ڕێز لە عەقیدە و بۆچوونی جیاوازی یەکدی بگرن، سا ئەو بۆچوونە سەر بە هەر ئایینێک و هەر دیندارێک بێت، یان سەر بە هیچ ئایینێک نەبێت، واتە دۆخی دنیای ئەمڕۆ دۆخێکی تەواو جیاواز و پلورال و فرەجۆرە، هەم ئایینی فرەجۆری تیادایە، هەم شێوازی فرەجۆری نائایینی، ئەمانەش لەپاڵ یەکدا و لەنێو یەک کۆمەڵگەدا بەئاشتی پێکەوە دەژین، واتە دەشێت لەنێو زەینی کەسی عەلمانیدا چەندین پانتایی ئایینی هەبێت و لەنێو زەینی دینداریشدا چەندین پانتایی عەلمانییانە هەبێت، ئەم دۆخە لە ڕاستیدا ژیانی هاوچەرخ و شۆرشی ئەلیکترۆنی و نیولیبرالیزم سەپاندوویەتی.

**سۆسیۆلۆژیای ئایین لە رۆشنبیریی کوردیدا**

لە رۆشنبیریی کوردیدا تا ئەندازەیەک گرنگی بە سۆسیۆلۆژیای ئایین و بە پەیوەندیی ئایین بە عەلمنییەتەوە دراوە، بەڵام گرنگیپێدانێکی کەم بووە و لەم ئاستەدا کتێب و سەرچاوە زۆر کەمن، واتە ژمارەی ئەو کتێبانە بە زمانی کوردی زۆر کەمن کە بایەخ بە مەسەلەی ئایین دەدەن لە پەیوەستیدا بە کۆمەڵناسی و بە عەلمانییەتەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەم گرنگترین ئەو کتێبانە بخەمەڕوو کە لەو بوارەدا چاپ کراون و لەبەردەستی مندان.

**بەپێی پێناسەی کۆمەڵناسان ئایین بریتییە لە چەند چالاکییەکی هێمایی و کۆمەڵایەتی کە لەنێو خودی کۆمەڵگەدا، لەرێگەی تێکستەکان و سرووتەکانەوە، بڵاودەبێتەوە و مۆرکێکی میللی لەخۆ دەگرێت**

یەکێک لەو کتێبە گرنگانەی چەند ساڵێک لەمەوپێش بە زمانی کوردی چاپ کراوە، بریتییە لە کتێبەکەی مەریوان وریا قانع بە ناونیشانی (دین و عەلمانییەت)،

لە ساڵی ٢٠١٨ لە ناوەندی ئەندێشە چاپ کراوە، کتێبێکی گرنگە بۆ هەر کەسێک بیەوێت بە قووڵی لە پەیوەندیی نێوان ئایین و عەلمانییەت تێبگات، ئەم کتێبە مێژووی درێژی ئەو پەیوەندییە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە لە ئەوروپا و خۆرئاوادا دەخاتەڕوو، پەیوەستی دەکات بە سەرهەڵدانی زانستی کۆمەڵناسییەوە. گرنگترین بەشەکانی ئەم کتێبە بریتین لە: پێگەی ئایین لە دنیای مۆدێرندا لەلای ئمیڵ دۆرکهایم، تێزی بەعەلمانیبوونی دنیا لەلای ماکس ڤێبەر، بریان ویلسن و حەتمییەتی بەعەلمانیبووونی دنیا، رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەکانی ئەمرۆدا، ئەنترۆپۆلۆژیای عەلمانییەت، هابرماز و کۆمەڵگەی پۆست عەلمانییەت، رۆڵی ئەخلاقی و سیاسییانەی ئایین.

لە بواری وەرگێڕانیشدا یەکێك لەو کتێبە گرنگانەی لە زمانی کوردیدا دەربارەی سۆسیۆلۆژیای ئایین وەرگێڕدراوە و پێویستە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆی، کتێبێکە بە ناونیشانی (ئایین چییە؟) کە د.عادل باخەوان لە فەرەنسییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەگەرچی ناونیشانی کتێبەکە لە زمانی فەرەنسیدا بریتییە لە "سۆسیۆلۆژیای ئایین" و لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەشدا هەر هەمان ناونیشانی هەیە، بەڵام عادل باخەوان ناونیشانەکەی گۆڕیوە. گرنگیی ئەم کتێبە لەوەدایە کە لە میانی ١٧ قوتابخانەی سۆسیۆلۆژییەوە، لە دید و بۆچوونی پتر لە ١٧ بیرمەند، دەربارەی ئایین دەکۆڵێتەوە، ئەوانیش بریتین لە: کارل مارکس، ئەلێکس دو تۆکڤێل، ماکس ڤێبەر، جۆرج زیمیل، ئیمێل دۆرکهایم، مۆریس ئەلڤاکس، ئێرنست ترۆلچ، کارل مانهایم، ئەنتۆنیۆ گرامشی، مارسێل مۆس، رۆژێ باستید، لوسیان گۆڵدمان، پیێر بوردیۆ و هی تریش.

یەکێکی دیکە لەو کتێبانەی دەربارەی ئایین و عەلمانییەت لە پەیوەستیاندا بە سۆسیۆلۆژیای ئایینەوە وەرگێڕدراون، کتێبێکی (د.محەمەد ئەرکون)ە بە ناونیشانی (دەربارەی عەلمانییەت و ئایین) کە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە ساڵی ٢٠١٨ لە ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر چاپ کراوە، ئەم کتێبە چوار لێکۆڵینەوەی گرنگی محەمەد ئەرکون لەخۆ دەگرێت لەتەک چەندین بابەتی دیکە و چەند پاشکۆیەک دەربارەی هەمان بابەت، لە سەرەتادا لەو پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە کە ئایین و عەلمانییەت دەکات بە دیواڵتێکی پێکەوەبەستراو لەمیانی هەر سێ ئایینە سەرەکییەکەدا، ئایینی جولەکە و مەسیحییەت و ئیسلام، پاشان بە دیاریکراوی لە ئیسلام و عەلمانییەت دەکۆڵێتەوە، کاریگەرییەکانی دنیای مۆدێرن و گلۆبالیزم لەسەر ئیسلام پیشان دەدات.

**سەرچاوەکان:**

-جان بول ويليم، الاديان في علم الاجتماع، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، بيروت، ٢٠٠١.
-د.يوسف شلحت، نحو نظرية جديدة في علم الاجتماع الديني، دار الفارابي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٣.
-دانيال هيرفية و جان بول، سوسيولووجيا الدين، ترجمة: درويش الحلوجي، القاهرة، ٢٠٠٥.
-عزمي بشارة، الدين و العلمانية في سياق تاريخي، ثلاثة أجزاء، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، الدوحة- قطر، ط١، بيروت- ٢٠١٣ و ٢٠١٥.
-د.احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩.
-جون سكوت و جوردون مارشال، موسوعة علم الاجتماع، ترجمة: محمد الجوهري و آخرون، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١.
-جيل فيريول، معجم مصطلحات علم الاجتماع، ترجمة: أنسام محمد الأسعد، دار و مكتبة الهلال، بيروت، ٢٠١١.
-مەریوان وریا قانع، دین وعەلمانییەت، ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٨.
-دانیاڵ هێرڤیۆ لیژێ و ژان پۆڵ ویلیەم، ئایین چییە؟، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.عادل باخەوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
-د.محەمەد ئەرکون، دەربارەی عەلمانییەت و ئایین، وەرگێڕانی: د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر، سلێمانی، ٢٠١٨.

# سیماکانی ڕەوتە دینییەکانی هەرێمی کوردستان

## هۆکار و کاریگەرییەکان

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

مرۆڤ هەر لە دێرزەمانەوە ئاشنایە بە پۆشاك و داپۆشی جەستەی، هەم بە مەبەستی پاراستنی فیزیکی، هەم وەك پاراستنی تایبەتمەندی. ئیتر جلوبەرگ و پۆشاك هەرچییەکی کەوا جەستەی مرۆڤ دادەپۆشێت بە مانا گشتییەکی[1] . ڕەنگە لە کۆندا و جلوبەرگ تەنیا ئەم دوو مەبەستەی سەرەوەی پێکا بێت. بەڵام دواجار لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، جیاوازیی کۆمەڵگەکان لە ناوەخۆ و دەرەوە، ئەوا جلوبەرگ دەکەوێتە ژێر کاریگەری تر، کە شوناس وەردەگرێت.

جلوبەرگ دەکەوێتە خانەی کولتووری مادی، وەك هەر کەرەستەیەکی تری مادی کەوا مرۆڤ بەکاری دەهێنێت[2] ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەوپێیەی کولتوور بۆ کولتوور جیاوازە، ئەوا ئەم ڕەگەزە مادییەی کولتوور دەکەوێتە ژێر کاریگەری ناسنامەی نامادديش وەك بەهایەکی کولتووری، کاریگەر دەبێت بە دین، بیروباوەڕ، ڕوانینی ناوخۆیی... هتد.

ئەمە بۆ هەر کۆمەڵگەیەك ڕاستییە بە ڕێژەی جیاواز، کۆمەڵگەی کوردیش بەو فراوانییەی هەیە، بەشێکی دانەبڕاوە لەم ڕوانینانە. ئەڵبەت لەم باسەدا کە باس لە کۆمەڵگەی کوردی دەکەین، پتر مەبەستمان هەرێمی کوردستان-عێراقە لە ڕووی ئیدارەی سیاسیەوە.

پۆشاکی نەتەوەیی دوای زمان، پێناسەی نەتەوە دەکات، جلی کوردیش پێناسەی نەتەوەی کوردە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سێ هەزار ساڵێك، وە نەبێت بۆ ماوەی ئەم سێ هەزار ساڵەش لە کۆی ناوچەکانی کوردستان یەك جۆر پۆشاك هەبووبێت لە هەموو سەردەمێکدا، بەڵکو ئەم جلوبەرگەی پێی دەگوترێت، کوردی لە

ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، بەردەوامیش گۆڕانی بەسەردا دێت[٣].

## جلوبەرگ و توێژە دینییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا

ئێمە سەختە کۆی کۆمەڵگەی کوردی لەم باسەدا وەك نموونە وەربگرین، چونکە دەبینین، ئەم کۆمەڵگە دین و پێکهاتەی تائیفی و نەتەوەیی جیاوازی تێدایە، بەڵام گەر ئەمە هەڵاوێر بکەین، پتر چاوبخەینە سەر شار و شارۆچەکان بە گشتی، ئەوا دەتوانین کۆمەڵێك تێبینی و سەرنج بخەینەڕوو. سەبارەت بە کاریگەری دینی ئیسلامی و ئەم توێژ و کەسایەتییە دینیانەی لە کۆمەڵگەی کوردین، ئەوا بە جۆری پۆشاك، زۆربەیان دەناسرێنەوە.

لە کۆندا لەگەڵ پۆشینی کورتەك شەرواڵ و ڕانك و چۆغە، کەوا جلێك بوو پڕ بە لەشی پیاوەکە دەدوورا و لەڕووی پێشەوە کراوەبوو، بەس دەخراوە سەر یەك و پشتێنەکی لێ دەبەسترا، سەڵتەش وەك کورتەکێکی تەنك بوو، لای پێشەوەی کراوە بوو، گیرفانی هەبوو، لە دەشتی هەولێر پیاوە بەتەمەن و خواپێداوەکان لە بەریان دەکرد و زیاتریش ئەو هۆزانەی لە گەرمیان و ناوچەی کرماشانەوە هاتبوون وەك لەك و کەڵهوڕییەکان[٤]. تا سەردەمی نوێ و دەرکەوتنی جلوبەرگی مۆدە زۆربەی مەلاکان بەم جلوبەرگە دەناسرانەوە، لەگەڵ لەسەرکردنی مێزەری سپی. ئەڵبەت بە هەمان شێوە شێخانی ئەهلی تەسەووف بە تایبەت قادرییەکان کەوا و سەڵتەیان پۆشییوە زۆربەشیان پشتێنی سەوزیان لەگەڵ پۆشیوە، وەك ئاماژەیەك بۆ گێڕانەوەی وەچەیان بۆ ئەهلی بەیتی پێغەمبەر[٥]. ئەمە جگە لەوە عەبایان لەسەر شان داناوە.

لە حەفتاکانەوە، جلوبەرگی مەلاکان بە تایبەت ناو شاری سلێمانی و هەولێر، شێوازێکی تری هەبوو، ئەمیش پۆشینی جوبە و مێزەری خڕ، کە جوبە پتر لە پۆشاکی سەردەمی مەملووکی دەچێت. پێچانەوەی مێزەریش بە بازنەیی، لەناو مەلای کورد باو بووە. بەڵام هەندێك مێزەر پێچانەوە پتر لە مێزەری هیندی دەچێت، ئەمە بە هۆی ئەوەی عێراق لە بیستەکان کاریگەری ئاڵوگۆڕی هیندی بەسەرەوە بوو، وەك دوو وڵاتی بن دەستی ئینگلیز. هاوکات کەم تا زۆر لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەسەرکردنی تەربووشی عوسمانی[٦] وەك نەریتێك مابۆوە. لە کورد ئەوەی وەك وێنە و ئەرشیف ماوەتەوە، م. عەبدولکەریمی مودەڕیس و شێخی خاڵ و م. عەلائەدینی سەجادی و شێخی قەرەداغی ئەم جۆرە تەربووشەیان لەسەر بووە. تەربووش کڵاوێکی لوولەیی تۆزێك درێژترە لە کڵاوی ئاسایی کوردی، لە تەپڵەکی سەری گوڵنگێکی پێوەیە.

هەروەها جیاکارییەکی تری دینی بە جلوبەرگی دەروێشانەوە دیاربووە، کەوا هەم قژیان درێژ بووە لەژێر کڵاو و جامانە، هەروەها خەنجەر و زەرگیان

لەبەر پشتێن ناوە، زەرگ شیشێکی درێژە وەک دووخی خەڕەک، سەرێکی تیژە و سەرەکەی تری دەکرێ بەگۆیەکی داری ناو زریزەی بەبزمار لێ دەدرێ[٧] و تەسبێحی درێژیان لە مل بووە. بەم جیاوازیانە لە سیمای پۆشاکی دەروێش ناسراونەتەوە.

سەبارەت بە جلوبەرگی ئافرەتان، وەک جلوبەرگی پیاوان هەر ناوچەیەك کۆمەڵێك جیاکاری تایبەت بە خۆی هەیە بە شێوەیەکی گشتی، بەم وێنە ئەرشیفیانەی هەن، ئافرەتی کورد بە گشتی نیوە سەرپۆشی بەسەرەوە بووە، لە هەندێ ناوچەش مێزەری هەوری، بەڵام بە گشتی پەرچەم و زوڵفیان بە دەرەوە بووە. لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن جلوبەرگەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و کەمتر ئاڵا و واڵا بوونە. هەروەها ئافرەت لەگەڵ مردنی کەسێکی نزیك بە تایبەت پیاوان، هەندێ لە ئافرەتان ئیتر بەردەوام ڕەشیان پۆشیوە. بۆ هاتوچووی دەرەوە تەنیا لەناو شارە گەورەکاکانی وەك هەولێر و کەرکووك عەبا هەبووە. هاوشێوەی پیاوان ژنانیش کە چوونەتە حەج، کەشیدەی زەردیان کردۆتە مێزەر. جگە لەمەی باسکرا، هیچ ئاماژەیەکی تری دینی و ئایدیۆلۆژی بە جلوبەرگی ئافرەتانەوە نەبووە.

**پۆشاکی کوردی و سیمای ئایدیۆلۆژی**

لە ساڵانی چلەکان و لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بە هۆی کاریگەریی جلوبەرگی ڕۆژئاوایی گۆڕانێکی بچووك لە جلوبەرگی کوردی پەیدا بوو، ئەویش بەستنی بۆینباخە لەگەڵ جلوبەرگی کوردی پیاوانە. دواتر ئەم جۆرە مۆدەیە بە جلوبەرگی دیموکرات ناسرا لە کوردستان، تەنانەت هەندێ کەسایەتی وەك پیرەمێردی شاعیر و دڵداری شاعیر و مام جەلال و کەسایەتی تریش وایان پۆشیوە[٨] . ئەم جلوبەرگە دوو دیوی ئایدیۆلۆژی هەڵدەگرێت، دیوێکیان وەك پیشاندانی سیمایەکی نوێخوازی و ڕۆشنبیری و جیاواز لە نەوەی کۆن، دیوەکەی تریش بە هۆی ئەوەی لە مەهاباد باو بووە، دیوێکی دەرکەوتنی ناسیۆنالیستی لەخۆ هەڵدەگرێت، وەك هەڵگری بیری سەربەخۆیی و کۆماری بۆ کورد. بەڵام ئەم مۆدێلە کاریگەر بە ئایدیۆلۆژیایە لەناو کورد مەگەر تاك و تەرای زۆر کەم گەرنا نەماوە، بەڵام بە بەراورد دەبینرێ جامانەی سوور وەك هێمایەك بۆ کولتووری بارزان، لەناو ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان پۆشاکێکی ڕەمزییە و بەهای مەعنەوی هەیە. ئەمە جگە لەوەی لەم ساڵانەی دوایی، کۆمەڵێك ستایلی جلوبەرگی پیاوانە بوونەتە مۆدێل کە بە ناوی کەسایەتییە سیاسییەکان دەناسرێنەوە، بە تایبەت بەرپرسانی حزبە دەسەڵاتدارەکان، ئەمەش بە هۆی پەیڕەوی کردنی هەوادارە حزبییەکان و پۆشینی ئەم شێواز و ستایلانە، کە پێشتر لە پۆشاکی کوردەواریدا نەبوونە.

هەروەها سەبارەت بە پرسی بەحیجابکردن و برەودان بە حیجاب نە ئیخوانەکانی سەرەتا و نە ئێستا ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن، ڕەهەندە بەهێزەکەی حیجاب ڕەهەندێکی سیاسییە، بۆ ئەوەی کاریگەر بن نەك کارتێکراو! ئەمە جگە لەوەی ئەم ڕەوتە هەمیشە لەبەرامبەر حیجابدا ئەوانی تر بە ملشۆڕ و کەم غیرەت و سووك وەسفکردووە[9]، ئەم ڕەهەندە سیاسییە پتر کار لە کۆمەڵگە عەشایر و دواکەوتووەکان دەکات، جاری وایە لە بری ئەوەی ئایدیۆلۆژیاکە لە ڕووی بیرەوە کار بکاتە سەر کۆمەڵگە، ئەوا ڕواڵەتەکە پتر کاردەکاتە سەر کۆمەڵگە. بە نموونە گەر سەیری حیجابی وەك سەرۆکی پیشووی پەرلەمان و سکرتێرەکەی بکەین، ئەوا بە قەد پەرلەمانتارە ئیسلامییەکان توندە، بەڵام لەناو بارەگایەکی نائیسلامییەوە، دژی بەرژوەندییە سیاسیەکانی ئیسلامییەکانیش.

## پۆشاکی کوردی و ئیخوان

لەسەرەتای جموجۆڵی ئیسلامی سیاسیدا، چ مەلاکانی ناو ئەم ڕەوتە و چ بەرپرس و هەوادارانی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبووە جگە لە هێشتنەوەی ڕیش. یەکگرتووی ئیسلامی وەك درێژەپێدەری ئەو خەتەی خۆی بە میراتگری شەرعی ئیخوان موسلمین دەبینێ. شێوازی جلوبەرگ و شێوەیان پتر لە ئیخوانە میسرییەکان دەچێت. ئەویش بە پۆشینی چاکێت و پانتۆڵ و بۆینباخ لەگەڵ هێشتنەوەی تەنکە ڕیشێك. ئەمە لە ئەمیندارەوە تا زۆرینەی کادیرانیان دەرکەوتنیان بەم شێوەیە[10]. بە هەمان شێوەی ئیخوانەکانی میسڕ و نەهزەی ئیخوانی تونس و مەغریب و ...هتد. زۆر بە کەمی کەسانی سەرەوەی هەرەمی یەکگرتوو بە جلوبەرگی کوردییەوە دەردەکەون، مەگەر تاك و تەرا. ئەم جۆرە ستایلە لە پۆشاکی چاکێت و پانتۆڵ و بۆینباخ، لە هەندێ شوێن بە جلوبەرگی ڕەسمی یاخود ڕۆژئاوایی ناسراوە، زۆربەی دەرکەوتەکانی سەید قوتب ڕێبەری ئیخوان وا بووە، هەروەها زۆرێك لە وێنەکانی حەسەن بەننا دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین بە هەمان شێوە بووە.

**دەتوانین کۆمەڵێك تێبینی و سەرنج بخەینەڕوو سەبارەت بە کاریگەری دینی ئیسلامی و ئەم توێژ و کەسایەتییە دینیانەی لە کۆمەڵگەی کوردین، ئەوا بە جۆری پۆشاك، زۆربەیان دەناسرێنەوە**

هەرچی جلوبەرگی مەلاکانی یەکگرتووە، لە سەرەتای نەوەدەکانەوە بە هۆی هەندێ مەلای ناسراوی یەکگرتوو، لە بری پێچانەوەی مێزەری سپی، ئەوا تەڕپووشی

سوور و مێزەری پێچراوە، وردە وردە بووە باو[١١]. ئەڵبەت تەرپووش لەگەڵ ئەوەی پتر سیمایەکی تورکی عوسمانی هەیە، بەڵام پۆشینی لەلایەن ئیخوانەکانی میسرەوە پتر دەلالەتی لەوە دەکرد وەك بزووتنەوەکی ئیسلامی سیاسی، ئاواتەخوازی گێڕانەوەی ئەم خیلافەتە کەوتووەی عوسمانی بوون. بۆیە تەرپووش وەك هێمایەکی خیلافەتخوازی لەناو ئیخوان بڵاوبوو. بەڵام ئەمە بە دەستی دوو دەگاتە مەلا ئیخوانییەکانی کورد، وەك دەرکەوتنێکی ئیخوانی ئەم شێوازە مەندیلە ئیخوانییە بووە مۆدێل. ئەمە دواتر لەناو مەلا تورکەکانیش وەك میراتێکی نەریتی کۆن باو بوو، لێرە پتر باوێتی پەیداکرد بە تایبەت لەو مەلا و بانگخوازە کوردانەی کاریگەرن بە پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا.

سەبارەت بە جلوبەرگی ئافرەتان، لە سەرەتای نەوەتەکان و جووڵەی سەحوەی ئیسلامی لە کوردستان ئەم مۆدێلە جوبەی سادە و لەچکی تەواو داخراو بووە مۆدێلێکی ئیسلامی. بەڵام ئەمە بەردەوام کاریگەر بووە بە مۆدێلی حیجابی وڵاتانی تر، دواتر مانتۆی ئێرانی بە کاریگەریی فیلمە دۆبلاژکراوە فارسی بۆ کوردییەکان، بووە مۆدێلێکی تری ناو ئافرەتانی موحەجەبە[١٢]. دوای مۆدێلی ئێرانی، بە هۆی هەڵکشان و مانەوە لە حوکم، مۆدێلی حیجابی تورکی داد و گەشەپێدان بووە بازاڕی کەوتە ناو ئافرەتانی ئەم ڕەوتە، بە تایبەت لە مەراسیمەکانی تاجی زێڕین[١٣] و نمایشی کچانی تازە موحەجەبە، ئەم شێوازە زۆر ڕوون بە دیار دەکەوێت.

## بزووتنەوە کۆنەکە

مەبەستمان لێی نەوەی یەکەمی جیهادی بزووتنەوەی ئیسلامی ڤێرژنە کۆنەکەیە، ئەو بزووتنەوەی کەوا کۆی ئیسلامییەکانی ئێستای تێدا بوو، هەر یەکە لە کۆمەڵ و بزووتنەوە و بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی و ئەنسار و لق و لایەنە ترازاوەکانی تر.

هەرچی شێوازی جلوبەرگی مەلاکان لەم ئاڕاستەیە، م. عوسمان عەبدولعەزیز؛ بەردەوام بە مێزەرێکی مەلای کوردەواری و هەروەها عەبایەکی ڕەشی عەرەبی دەردەکەوت، ئەڵبەت ئەم عەبایەی بە زۆری بەسەر کەوا و سەڵتەی مەلایەتی دەپۆشی یاخود بەسەر دیشداشەیەکەوە بوو، هەندێك جاریش بەسەر جلوبەرگێکی کوردییەوە بوو[١٤]. دوای لادانی لە ڕابەرایەتی بزووتنەوە و مەلا عەلی برای، ئەویش پتر دەرکەوتەکانی بەم مێزەر و عەبا ڕەشەوە بوو، بەڵام پتر بە دیشداشە و جلوبەرگی کوردی دەردەکەوت. وەك لێکدانەوەیەکی بۆ ئەم جلوبەرگانە، هەرچی کەوا و سەڵتەیە، ئەوا نەریتێکی کۆنی پیاوانی بە تەمەن و مەلا و شێخانی کورد بووە، چونکە م. عوسمان پشتێنێکی سپی دەبەست

لەگەڵیان. ئەم شێوازە جلوبەرگە لەناو کورد بە گشتی پاشەکشەی کردووە وەك پۆشاکەکەی سەید قوتب و حەسەن بەننا نەبووە باو، هەروەها وەك هەندێك مەلای کورد دشداشە و کەوای مەلایەتی، ئەمە هەر خۆی باو بووە و ئەو کەسایەتیە پەیڕەوی لێ کردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین نەبووەتە کاریزمایەك کاریگەریی کولتووری بخاتەوە. بەڵام هاوکات دەبینین لەناو ئەم ڕەوتە هەندێك دەرکەوتنی پۆشاك جیاوازتر دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی چەکداری، پۆشینی ئێلەگی سەربازی پیاوانە، لەسەر پۆشاکی کوردی وەك سیمایەکی ئیسلامییەکان دەناسرایەوە، ئێلەگەکە شێوەی پتر سەربازی بوو، لە دەرەوە و ناوەوە باخەڵی زۆری هەبوون، وەك سیمایەکی ئیسلامیانە لەسەر باخەڵی سەرسینگ شوێنی سیواك هەبوو، سەری سیواکەکە دەردەکەوت، ئەم شێوازە لە دەرکەوتن بەردەوام ئەم هێڵە ئیسلامیەی پێ دەناسرایەوە. هاوکات هەندێکی تر لە بزووتنەوەی ئەوساکە وەك مەلا کرێکار مۆدێلێکی تریان هێنایە ناو پۆشینی جلوبەرگی خەڵکی بزووتنەوە ئەویش کڵاوی ئەفغانی بوو[15] ، هەندێك لە چەکداران و هەوادارانی بزووتنەوە بە کاریگەریی جەنگی ئەوساکەی چەکدارانی جیهادی دژی یەکێتی سۆڤیاتی ئەوساکە و دەسەڵاتی ئەفغانسان، بە تایبەت ساڵانی نەوەدەکان. ئەڵبەت ئەوەی جێی ڕامانە تاك و تەرا هەوادارانی بزووتنەوە جلوبەرگی ڕەسمی، چاکێت و پانتۆڵیان دەپۆشی، گەر لە دەرەوەی کوردستانیش بیانپۆشی بووا، ئەوا بۆینباخیان نەدەبەست، ئەمە دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت، یەکەمیان بزووتنەوە هێزێك بوو لە بن باڵی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە هەم بە سیمای ڕۆژئاوای دەزانن، هەم خاچپەرەوەری. دووەمیان ڕاستەوخۆ بە دەر لە تێگەیشتنی ئێرانیستی، هەندێك لە بانگخوازانی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی، هەمان ڕوانینی فەقیهە شیعییەکانی کۆماری ئیسلامییان لەسەر بۆینباخ هەیە.

سەبارەت بە پۆشاکی ئافرەتان، ئەم ئاڕاستەیە لە ئیخوانەکان توندتر بوون، هەم لە ڕووی قەبارە و هەم ڕەنگ، پۆشاکیان داخراوتر بووە[16] ، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ئەم ڕەوتە ئافرەتانیان لەسەر حیجابەکە، عەبایان پۆشیوە و دەپۆشن. نەریتی پۆشینی عەبا لەسەر حیجاب، پتر دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران بووە باو لەناو گۆڕەپانی ئیسلامی سیاسی. هەروەها ئەم ڕەوتە تا ترازانی پێکهاتە و ڕایە جیاوازەکانی، کەمترین ئامادەیی و دەرکەوتنی ئافرەتانی هەبوو هەم لە ڕاگەیاندن هەم کاری سیاسی و جموجۆڵ و چالاکی.

**سەلەفییەکان**

هەرچی سەلەفییەکانن هەرچەند

جموجۆڵیان لە كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەكان، بەڵام كاریگەرییەكی ئەوتۆیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردی وا نەبووە. كاریگەریان پتر دەكەوێتەوە دوای دووهەزارەكانەوە، بە تایبەت كەوا ڕەوتێكی سەلەفی بە ناوی مەدخەلی لە هەندێك وڵاتانی جیهانی ئیسلامی برەوی پێدرا، وەك جووڵەیەكی ئەڵقە لەگوێی دەسەڵات و بۆ لاوازكردن و كزكردنی ئیسلامییەكان. بە هەرحاڵ جیاوازیی سەلەفییەكان لەگەڵ ئیسلامییەكان لە ڕووی جلوبەرگەوە ئەمەیە، بە گشتی سەلەفییەكان كەمتر بە دیشداشە و جلوبەرگی عەرەبییەوە دەردەكەون، بە گشتی سەلەفییەكان جلوبەرگی كوردی دەپۆشن، بەڵام لە دوورەوە دیارن، چونكە بە گشتی سەلەفییەكان جامانەی خڕخڕ دەبەستن، هەروەها ڕیشیان درێژ و دەستكاری ناكەن، گەر ڕیشیان زۆر نارێك و كەمەوزێدەش بێت، هەروەها بە گشتی سمێڵ كورتن لەگەڵ ئەم ڕیش درێژیەیان، هەروەها هەموویان دەرلنگی شەرواڵیان كورتە، وەك ئاماژەی پێ دەكەن، ئەمە وەك نەریتی پێغەمبەر بە واجبی دەزانن، نەكردنی دەبێتە هۆی تاوانبار بوون[17] . لەمەدا بە گشتی مەلاكانیان بەم شێوەیەن، كەمكەمەش بە دیشداشە و عەبا و غترەی خەلیجیشەوە دەردەكەون، بە تایبەت قورئانخوێن و پێشنوێژەكانیان. هەروەها هەندێك جار بە مێزەری جامانەی كوردی و دیشداشەی عەرەبیەوە دەردەكەون، بەڵام ئەمە كەمتر. لە ڕووی پۆشاكەوە، مەلا سەلەفییەكان و تاكی سەلەفی لەم جۆرە پۆشاكەی باسكرا هاوبەشن، بە گشتی گەر مەلا سەلەفییەكە ناسراو نەبێت، ئەوا لەنێو كۆمەڵێك سەلەفی سەختە مەلاكەیان بناسیتەوە.

**شێخانی ئەهلی تەسەووف بە تایبەت قادرییەكان كەوا و سەڵتەیان پۆشیوە زۆربەشیان پشتێنی سەوزیان لەگەڵ پۆشیوە، وەك ئاماژەیەك بۆ گێڕانەوەی وەچەیان بۆ ئەهلی بەیتی پێغەمبەر**

سەبارەت بە ئافرەتانی سەلەفییەوە، ئەوەی لە كوردستان باوە، سەرەتا ئەوانیش وەك ئافرەتانی بزووتنەوە پتر بە عەباوە دەردەكەون، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی، زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتانی خێزانە سەلەفییەكان بە نیقابەوە دەردەكەون. بە تایبەت دوای هاتنی لێشاوی ئاوارەی عەرەبی سونی عێراقی لە ساڵانی شەڕی تائیفی عێراقی.

**كۆمەڵ**

ئەم حیزبە وەك میراتگرێكی بزووتنەوەی ئیسلامی و بوونی كۆمەڵێك پێكهاتەی

جیاجیا، کاریگەریی لەسەر جلوبەرگی هەوادارانیشی هەیە. بە گشتی سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری بەردەوام بە جلوبەرگی کوردی دەدەکەوێت، بە ستایلێك کە تا ئەندازەیەك وەك مۆدێلێکی تایبەت بە خۆی دەردەکەوێت. جلوبەرگە کوردیەکەی پتر کەتافییە، هەندێك جار زنجیرداره وەك ستایلی جلوبەرگی سەرۆکی پارتی، هەروەها پشتێنی بە گشتی بەگرێ دەبەستێت، هەندێك لە شارەزایانی کولتووری کۆمەڵایەتی ئەم شێواز پشتێنە گرێ گرێیە دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی زەردەشتییەکان، بە هەرحاڵ لەوە ناچێت پەیوەستیەك لەنێوان م. عەلی باپیر و ئەم میراتە دینییە کۆنە هەبێت. هەروەها ناوبراو بەردەوام بە سەروجامانەیەکی کوردەواری وا دەردەکەوێت پتر لە مەلایە بە تەمەنەکان دەچێت، هەم سەر و سیما و ڕیشێکی مامناوەندییەوە[18] . بە گشتی ئەم جۆرە لە جلوبەرگە لەناو زۆربەی ئەندام و کادیرانی کۆمەڵ باوە، زۆربەی بەم شێوەیە دەردەکەون. هەروەها هەندێکیان بە جلوبەرگی ڕەسمیەوە دەردەکەون، هەندێکیان بە کاریگەریی حەرامێتیی بۆینباخ بێت یاخود کاریگەریی هەژموونی ئێران، ئەوانی تریش ئاسایی پتر شێوەیان لە بەرپرسانی حەماس دەچێت بە ڕیش و جلوبەرگی ڕەسمییەوە.

کۆمەڵ بە حوکمی ئەوەی خەتێکی سەلەفی حەرەکییان تێدایە، ئەوانە لە ڕووی جلوبەرگەوە پتر لە سەلەفییەکانی تر دەچن[19] . ڕەنگە زۆرپێوەنان نەبێت، گەر بگوترێ بە ئەستەم لەوان جیادەکرێنەوە. هەم لە سەر و سیما، هەم جامانە بەستن، هەم لە ڕووی شەرواڵ کورتییەوە. ئەم جیاوازیی بیرکردنەوەیە لەناو کۆمەڵ کاریگەریی لەسەر ئافرەتانی ئەم حزبەش هەیە، بۆیە دەبینرێ لەناو کۆمەڵ، ئافرەتانێکی حیجاب تورکی هەن، کە ئەوانەن پتر کاریگەریی خەتە ئیخوانیەکەی ناو ئەو حزبەن، هەروەها مانتۆی ئێرانی، ئەوانەن پتر لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی و ئێرانی، و تا ئەندازەیەکیش سیاسەتی ئێرانی. ئەوانەشی وەك میراتگرانی کۆنە بزووتنەوەن، پتر موحەجەبە و عەباپۆشن لەگەڵ هەڵکشانی نیقاب پۆشان لەناو هەوادارانی ئەم حیزبە[20] . ئەڵبەت بەهۆی کاریگەریی نەریتی عەرەبی سوونەی ئاوارە، دوابەدوای شەڕی داعش و پتر برەودانی میدیایی بە نیقاب، دیاردەیەکی نیقابپۆشی ڕووی لەم حزبەش کردووە بە تایبەت ئەم خەتەی کاریگەرە بە بیری جیهادی و سەلەفییەکانی ناو ئەو حزبە.

## مۆدێلکردنی پۆشاکی عەرەبی

مەبەست لە پۆشاکانەیە کۆمەڵێك پارچە پۆشاکە کە بە یەکەوە یا بە تەنیا سیمای عەرەبی پێوە دیارە، بە هۆی زۆریی ئاوارەی عەرەب و سووری، هەروەها کاریگەریی زۆر چوونە عەمرە، لە کوردستان ساڵانە لە مانگی ڕەمەزان یا ڕۆژانی هەینی بە

تایبەت وەرزی هاوین، خەڵکێکی دیندار دیشداشە دەپۆشن، زۆرێک لەوانەی دەچنە حەج و عەمرە، لەوێ یەکسەر ئەم پۆشاکە دەپۆشن، جا لەبەرئەوە بێت کە ئاو و هەواکەی ئەوێ وا دەخوازێت[٢١]، یاخود چاولێکەری، یا ئەوەتا بە دینی تێ بگەن، ئەڵبەت گەر پرسەکە ئاو و هەوا بێت، ئەوا دەبوو تەنیا لە گەرمای هاوین ئەم جلوبەرگە بپۆشرایە.

**جیاکارییەکی تری دینی بە جلوبەرگ دەروێشانەوە دیاربووە، کەوا هەم قژیان درێژبووە لەژێر کڵاو و جامانە، هەروەها خەنجەر و زەرگیان لەبەرپشتێن ناوە**

هەروەها پارچە پۆشاکێکی تری عەرەبی، پۆشینی غترەیە، یاخود جامانە بە شێوازی عەرەبی، ئەمە پتر هەندێک مەلا و بانگخواز و قورئان خوێن وا دەیپۆشن، ئەڵبەت کاریگەریی خەلجییەکانە. لەگەڵ ئەمەش هەندێک ڕێک وەک خەلیجیەکان عەبای ڕەشی لەگەڵ دەپۆشن، ئەم شێوازەش هەندێک مەلای کاریگەر بە ستایلی جلوبەرگی ئەوان ئەمە دەکەن. هەروەها بەستنی مێزەری ئیماراتی و یەمەنی، مۆدێلێکی تری دینداری کوردە، بە تایبەت گەنجەکان تەنانەت هەیە لەگەڵ جلوبەرگی کوردیش دەیپۆشێت، بە تایبەت ئەوانەی کاریگەریی جیهادییەکانیان بەسەرەوەیە، چونکە ئەم جۆرە لە بەستنی سەر بەم پێچانەوەیە، پتر لەناو قاعیدە و داعش باو بوو[٢٢]. کەم تا زۆرێکیش بە هۆی ئەم کاریگەرییە کولتوورییە هەم لە وەرزی حەج و عەمرە، هەم کاریگەریی میدیایی، لە بازاڕەکانی جلوبەرگی عەرەبی لە کوردستان، جلوبەرگی پاکستانی و ئەفغانیش هەن، بەڵام ئەم شێوازەش وەك دیشداشەکە لە وڵاتی سعوودیە دەپۆشرێت بە هۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی سەر بەم کولتوورە.

**نیقاب**

گەرچی لە کۆندا کۆمەڵێك پارچە پۆشاکی تر هەبوون بۆ داپۆشینی سەر: لەچك و سەرپۆش و مێزەر و چارۆگە و چارشێو و ڕووبەند و پەچە. ئەوەی کە ئێستاکە لە بازاڕەکانی حیجاب دەفرۆشرێ و هەندێك لە ئافرەتان دەیپۆشن، ئەمە لە ئەدەبیاتی کوردی پەچەی پێ دەگوترێت. کە پارچە تەنراوێکی تەنکی ڕەشە ژنان لە کاتی چوونە دەرەوەیاندا دەیگرن بە دەم و چاویاندا[٢٣]. بەڵام دیاردەیەکی باو لەناو دینداری کوردی کاریگەر بە ئیسلامی سیاسی و سەلەفی ئەمەیە، هەمیشە ناوی ئەم دەستەواژانە بە عەرەبی کە پەیوەستییان بە دینەوەیە. ئەم دیاردەیە تەنانەت گەیشتۆتە ئاستێك ناکرێ وشەی خوا بە کاربهێنت، تەنیا (الله) دەبێ

بەکاربێت[٢٤] . بە هەرحاڵ دیاردەی نیقاب، نوێترین دیاردەی ناو ڕەوتی دینداراانی کاریگەر بە سەلەفی و ئیسلامی سیاسیی دەرەکییە. ئەم دیاردەیە سەرەتا پتر لەناو عەرەبی ناوچە سوننەنشینەکان باو بوو، لە هەرێمی کوردستان زۆر نامۆ بوو، بەڵام دوای هاتنی بەلێشاوی عەرەبی سوننە، ئەم دیاردەیە پتر کەوتە بەرچاوان، هەروەها لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و فەرزکردنی ئەم دیاردەیە بەسەر ئافرەتان، ئەمە پتر لەڕووی وەرگرتنی ئیعازی چاوی بینەر ئاساییتر بۆوە. لەگەڵ هەڵکشانی سەلەفییەکان، ئەمە بووە دەرفەتێك کە ئەم دیاردەیە لە کوردستان زیاتر بێت. لە ئێستادا زۆرێکی ئافرەتانی خێزانە سەلەفییەکان پەچەپۆشن، سەلەفی بە هەموو ئاراستەکانیانەوە. هەروەها ئەمە کاریگەریی لەسەر ئیسلامییەکانیش زۆرە، بۆ نموونە بە هۆی کاریگەریی ئەم ئاراستانەی باسکران، لەناو کۆمەڵی دادگەرییش ئەم دیاردەیە لە هەڵکشانە، هەرچی بزووتنەوەی ئیسلامییە ئەم حزبە ڕۆژ لە ڕۆژ لە کزی و لاوازیدایە، بەڵام سوودی لەم دیاردەیە بینییوە ئەمیش بە ناردنی پەرلەمانتارێکی پەچەپۆش، وەك خۆیان دەڵێن یەکەم پەرلەمانتاری نیقاب لە کوردستان، ئەمە دەرفەت زانینی کشانەوەی یەکگرتوو لە پرۆسەکە[٢٥] . بەڵام دواتر لە کۆتا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤) جارێکی تر هەمان پەرلەمانتاری بە هەمان ناونیشان و نیقابێکی خەلیجییەوە کاندید کرد لە بازنەی هەڵەبجە وەك سوودبینین لە دەرچوون بە کۆتای ژنان، بەڵام لەویش سوودمەند نەبوو. ئەمە دوو دیوی دیاردەکە هەڵدەگرێت، یەکەم سوودبینین لەو شەپۆلە ڕووکردنە نیقابە، دووەم خۆبەستنەوە بەو دنیای ئیسلامی سیاسی دەرەوە بە تایبەت سوننەی عێراق و سووریا و ئەفغانستان و خۆنمایشکردن وەك ئەوان. هەروەها هەمیشە ئەم چەند ئافرەتەی ئەو حیزبە بەردەوام نەیارانیان بە ڕووت و بێدین و بەڕەڵلا وەسف دەکەن، بە دیوێکی تر ئەوان بەم شێوازە ئەم ستایلە لە دەرکەوتن بکەنە ناسنامەی ئافرەتی کورد، هەم سوودمەندی دیوە سیاسییەکە بن.

**لە سەرەتای جموجۆڵی ئیسلامی سیاسیدا، چ مەلاکانی ناو ئەم ڕەوتە و چ بەرپرس و هەوادارانی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبووە جگە لە هێشتنەوەی ڕیش**

**ئەنجام:**

١. لەگەڵ ئەوەی گرنگیی جلوبەرگ و پۆشاك لە پاراستنی لەش و جەستەی مرۆڤە هەم لە ڕووی سەرما و گەرما و هەروەها پاراستنی تایبەتمەندی تاکەکان،

بەڵام لە هەمان کاتدا ناسنامەی کولتووری و نەتەوەیی لە خۆی هەڵگرتووە، هاوکات دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی.

٢. ڕەوتی دینی لە هەندێك دین و تایەفە و مەزهەبەکان هەڵگری ناسنامەی نەتەوەییە لە هەمان کات، زۆربەی جارانیش نەتەوەی ژێر دەستەی شوێنکەوتووی دینی نەتەوەی سەردەستە، ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەخاتە خزمەت ناسنامەی نەتەوەیی سەردەستە، بە پاساوی پیرۆزیی پەیامە دینییەکە.

٣. لە هەرێمی کوردستان جلوبەرگ جگە لە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و حزبی، تەنانەت هەندێك جار ناسنامەی کەسە ناودارە سیاسییەکانیش هەڵدەگرن و دەبنە مۆدێل و ستایلی دروونی جلوبەرگ بە تایبەت لە پیاوان.

٤. ڕەوتە ئایدیۆلۆژیەکان، لە ڕێگەی هەوادارانیانەوە برەو بە ستایل و مۆدێلی پۆشاك و شێوەی ڕوخسار دەدەن، وەك دەرکەوتنێکی ڕواڵەتیان لە کۆمەڵگەی کوردی. ئەڵبەت ئەمەش لەسەر حسێبی کولتووری نەتەوەیی و دینی میللی باوی ناو خەڵك.

٥. وڵاتانی دەوروبەر لە ڕێگەی هەوادارانی هاوبیرانیانەوە لە هەرێمی کوردستان، بەردەوام خەریکی هاوردەکردنی کولتووری تایبەتی خۆیانن، لە ناوەخۆشدا بەئاگا یا بێئاگا خزمەت بەم ئەجێندایە دەرەکییە دەکرێت بۆ سڕینەوەی کولتووری نەتەوەیی ناوەخۆیی.

٦. هەمیشە ئەو جلوبەرگ و پۆشاکانەی هەڵگری ناسنامەی ئایدیۆلۆژین، وا دەکەن کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەسەر توێژی جیاجیا دابەش بن، بە هۆی خۆجیاکردنەوەی پۆشیوانی ئەم جلوبەرگانە و ڕەچاوکەری ئەم شێوازانەی سەر و سیما...هتد، بە تایبەت گەر شێواز و ستایلەکە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە نەبێت.

---

## سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:
أ. کتێبی کوردی
١.حسین، ڕەیان و ئەوانی تر (٢٠٢٥) جلوبەرگی کوردی، سلێمانی: زانکۆی پۆلیتەکنیك، پەیمانگەی تەکنیکی.
٢.خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ. چ٢. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، زنجیرەی ڕۆشنبیری.
٣.عالایی، عەبدوڵڵا (٢٠١٥) سەلەفییەت و کۆمەڵگەی کوردیی. چاپی یەکەم. هەولێر: ماڵی وەفایی.
٤.قادر، عەباس نادر (٢٠٢٢) کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر. هەرێمی کوردستان: چاپخانە. چ١.
٥.موفقی، پ.د. حسن خالد مصطفی (٢٠٢٣) دروستی بەکارهێنانی وشەی خودا لەجیاتی وشەی الله لە ئاخاوتن و نووسین و ئامۆژگاری و پەرستشەکاندا. توێژینەوەیەکی بەڵگەداری فیقهی بەراوردکاریە. هەولێر: یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.
٦.میشەڕۆ، حەمەڕەشید حەسەن بەگ (٢٠١٢) مەتەڵی کوردەواری. هەرێمی کوردستان: چاپخانەی گەنج.
٧.قادر، عەباس نادر (٢٠٢٢) کەندووێك لە

زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر. هەرێمی کوردستان: چاپخانە. چ١.

٨.خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ. چ٢. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، زنجیرەی ڕۆشنبیری.

٩.عالایی، عەبدوڵڵا (٢٠١٥) سەلەفییەت و کۆمەڵگەی کوردیی. چاپی یەکەم. هەولێر: ماڵی وەفایی.

١٠.موفتی، پ.د. حسن خالد مصطفی (٢٠٢٣) دروستی بەکارهێنانی وشەی خودا لەجیاتی وشەی الله لە ئاخاوتن و نووسین و ئامۆژگاری و پەرستشەکاندا. توێژینەوەیەکی بەڵگەداری فیقهی بەراوردکاریە. هەولێر: یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.

١١.میشەڕۆ، حەمەڕەشید حەسەن بەگ (٢٠١٢) مەتەڵی کوردەواری. هەرێمی کوردستان: چاپخانەی گەنج.

## ب. سایتی کوردی

١٢.ئەرشیفی کوردی (٢٠٢٤) کۆبوونەوەی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی. کوردستان: کەناڵی یوتیوبی ئەرشیفی کوردی. لینکی بابەت: https://www.youtube.
com/watch?v=tb٢hZVo٧HLE

١٣.باوەڕنما (٢٠٢٣) جلوبەرگ لەنێوان ئایین و کولتووردا. کوردستان: کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، ڕووداو ستری. لینکی بەرنامەکە لە یوتیوب:
https://www.facebook.com/photo.php?f
١٠٠٠٦٤٧٩=id&٨١٦٣١٧٦١٣٨٧١٥٣٤=bid
l&٥٥٤٤٣٢٢٢٠٠٦٠٠٧٦.set=a&٩٠٧٦٤٣٥
ocale=fr_FR

١٤.پێگەی فەرمی م. عەلی باپیر. گەلەری. کوردستان: پێگەی فەرمی ئەمیری کۆمەڵی دادگەری کوردستان. لینکی بابەت https://
lang=ku&١٠٢٩=alibapir.net/?page_id

١٥.تەها، تەرزە (٢٠٢١) ژنان لەنێوان مۆدێل و باڵاپۆشیدا. کوردستان: سایتی ئاژانسی هەواڵی ژن. لینکی بابەت: https://jinhaagency.
com/so/syast/zhnan-lnwan-mdl-w-
١٢٤٩٧-baapshyda

١٦.چەتر (٢٠٢٤) قاتی کوردی و جامانەی ئیماراتی. کوردستان: پەیجێکی نارەسمییە. لینکی بابەت: https://www.facebook.com/
id&٨١٦٣١٧٦١٣٨٧١٥٣٤=photo.php?fbid
٥٥٤٤٣٢٢٢.set=a&١٠٠٠٦٤٧٩٩٠٧٦٤٣٥=
locale=fr_FR&٠٠٦٠٠٧٦

١٧.دەزگای نووری حیکمە (٢٠١٤) پێنجەمین ئاهەنگی نوری حیکمە بۆ قورئانلەبەران و یەکەمین ئاهەنگی سەرد. کوردستان: کەناڵی یویتووبی دەزگای نووری حیکمە. لینکی بابەت: https://www.youtube.com/
watch?v=Mv١eYXJonl٠

١٨.ڕووماڵی تایبەت (٢٠١٩) کۆنگرەی هەشتەمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان. هەولێر: سایتی ڕووداو. لینکی بابەتەکە: https://www.
٢٨١٢٢٠١٩٣/rudaw.net/sorani/kurdistan

١٩.ڕوون میدیا (٢٠٢٤) مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز ڕێبەر و مەشخەڵی ڕابوونی ئیسلامی. کوردستان: کەناڵێکی سۆشیاڵ میدیای ئیسلامیە. لینکی بابەت https://www.
youtube.com/watch?v=qt٣U٤kaLnFg

٢٠.عەبدوڵڵا، تەحسین وسو (٢٠٢٣) دەروازەیەك بۆ شیکردنەوەی پرسی حیجاب لە ئێران، لە ڕوانگەی ئایینی و سیاسیەوە. کوردستان: سایتی درەو. لینکی بابەت: https://
drawmedia.net/page_detail?smart-
١١٨١٧=id

٢١.عەبدوڵڵا، کاوە (٢٠١٧) جلوبەرگی کوردی و بۆینباخ، کلتوری کۆیەیەو مام جەلالیش پۆشیویەتی. سلێمانی: پیوکەی میدیا. لینکی بابەت: https://www.pukmedia.com/KS/
٩٦٣٢١=details/?Jimare.

٢٢.کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی (٢٠٢٣) لێدوانی لەیلا عەلی عەبدولعەزیز لەسەر سوێندخواردنی پەرلەمانی و نیقاب. هەولێر: دەزگای میدیایی ڕووداو، لینکی بابەت:
https://www.facebook.com/Rudaw.net/
/٧٦٥٢٢٥٣٠٨٣٨٣٦٠٤/videos

٢٣.مەکتەبی خوشکانی بزووتنەوەی ئیسلامی (٢٠١٧) سەردانی خوشکانی بزووتنەوە و خوشکانی کۆمەڵ. کوردستان: پەیجی ڕەسمی. لینکی بابەت: https://www.facebook.com/maktabxoshkan/posts/١٦١٥٧٤٧٠٩٨٤٤٧٨٩٠/
٢٤.هەڵوێستەکانی یەکگرتوو (٢٠١٨) زانایانی ئاینی. کوردستان: پەیجی نارەسمی. لینکی بابەت: https://www.facebook.com/٣٣٧.photos/a/٣٣٧٤٨٤٦٦٣٣٦٩٧٩٩/٤٣٥١٩٢٤٦٠٢٦٥٦٨٥/٨٦٥٠٤٩٩٩٨٤٢٧/?type=٣

## دووەم: سەرچاوە بیانییەکان

٢٥.الفراهيدي، الخليل بن أحمد (٢٠٠٢) كتاب العين. مرتبا على حروف العجم. ترتيب و تحقيق د. عبدالحميد الهنداوي. ط١، ج٤، بيروت لبنان: دار الكتب العلمية.
٢٦.الطائي، رعد مطر مجيد (٢٠١٥) أثر فنون عصر النهضة على التصوير الإسلامي دراسة تحليلية تاريخية، القاهرة: دار النشر للجامعات.
٢٧.العربي، شهرزاد (١٩٨٩) البعد السياسي للحجاب. القاهرة: الزهراء للإعلام العربي قسم النشر.
٢٨.مجموعة الباحثين (٢٠١٧) السلفية في كردستان العراق. التاريخ - الاعلام - الانتقادات. كتاب ١٢٦. الامارات: مركز المسبار للدراسات والبحوث.
29.Palmer, Alexandre (1997) New Directions: Fashion History Studies and Research on North America and England in: Fashion Theory, the Journal of Dress, Body & Cultur, vol.1, issue3, September.

---

١-الفراهيدي، الخليل بن أحمد (٢٠٠٢) كتاب العين. مرتبا على حروف العجم. ترتيب و تحقيق د. عبدالحميد الهنداوي. ط١، ج٤، بيروت لبنان: دار الكتب العلمية ص٣٠.
2-Palmer,Alexandre (1997) New Directions: Fashion History Studies and Research on North America and England in: Fashion Theory , the Journal of Dress , Body & Cultur,vol.1,issue3,September ,p.298
٣-حسین، ڕەیان و ئەوانی تر (٢٠٢٥) جلوبەرگی کوردی، سلێمانی: زانکۆی پۆلیتەکنیک، پەیمانگەی تەکنیکی. ل٣-٥.
٤-قادر، عەباس نادر (٢٠٢٢) کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر. هەرێمی کوردستان: چاپخانە. چ١. ل١٥٠.
٥-میشەرۆ، حەمەڕەشید حەسەن بەگ (٢٠١٢) مەتەڵی کوردەواری. هەرێمی کوردستان: چاپخانەی گەنج. ل٦٠.
٦- الطائي، رعد مطر مجيد (٢٠١٥) أثر فنون عصر النهضة على التصوير الإسلامي دراسة تحليلية تاريخية، القاهرة: دار النشر للجامعات. ص٢١٢.
٧- خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ. چ٢. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، زنجیرەی ڕۆشنبیری. ل٢٤٢.
٨- عەبدوڵڵا، کاوە (٢٠١٧) جلوبەرگی کوردی و بۆینباخ، کلتوری کۆیەیەو مام جەلالیش پۆشیویەتی. سلێمانی: پیوکەی میدیا. لینکی بابەت: https://www.pukmedia.com/KS/details/?Jimare=٩٦٣٢١
٩- العربي، شهرزاد (١٩٨٩) البعد السياسي للحجاب. القاهرة: الزهراء للإعلام العربي قسم النشر. ص٩٥-٩٩.
١٠- ڕووماڵی تایبەت (٢٠١٩) کۆنگرەی هەشتەمی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان. هەولێر: سایتی ڕووداو. لینکی بابەتەکە: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/٢٨١٢٢٠١٩٣
١١- هەڵوێستەکانی یەکگرتوو (٢٠١٨) زانایانی ئاینی. کوردستان: پەیجی نارەسمی. لینکی بابەت: https://www.facebook.com/٣٣٧.photos/a/٣٣٧٤٨٤٦٦٣٣٦٩٧٩٩/٤٣٥١٩٢٤٦٠٢٦٥٦٨٥/٨٦٥٠٤٩٩٩٨٤٢٧/?

٣=type
١٢- عەبدوڵڵا، تەحسین وسو (٢٠٢٣) دەروازەیەك بۆ شیکردنەوەی پرسی حیجاب لە ئێران، لە ڕوانگەی ئایینی و سیاسیەوە. کوردستان: سایتی درەو. لینکی بابەت: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=١١٨١٧
١٣-تەها، تەرزە (٢٠٢١) ژنان لەنێوان مۆدێل و باڵاپۆشیدا. کوردستان: سایتی ئاژانسی هەواڵی ژن. لینکی بابەت: https://jinhaagency.com/so/syast/zhnan-lnwan-mdl-w-baapshyda-١٢٤٩٧
١٤- ڕوون میدیا (٢٠٢٤) مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز ڕێبەر و مەشخەڵی ڕابوونی ئیسلامی. کوردستان: کەناڵێکی سۆشیاڵ میدیای ئیسلامیە. لینکی بابەت https://www.youtube.com/watch?v=qt٣U٤kaLnFg
١٥-ئەرشیفی کوردی (٢٠٢٤) کۆبوونەوەی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی. کوردستان: کەناڵی یوتیوبی ئەرشیفی کوردی. لینکی بابەت: https://www.youtube.com/watch?v=tb٢hZVo٧HLE
١٦- مەکتەبی خوشکانی بزووتنەوەی ئیسلامی (٢٠١٧) سەردانی خوشکانی بزووتنەوە و خوشکانی کۆمەڵ. کوردستان: پەیجی ڕەسمی. لینکی بابەت: https://www.facebook.com/maktabxoshkan/posts/١٦١٥٧٤٧٠٩٨٤٤٧٨٩٠/
١٧-عالایی، عەبدوڵلا (٢٠١٥) سەلەفییەت و کۆمەڵگەی کوردیی. چاپی یەکەم. هەولێر: ماڵی وەفایی. ل٥٠
١٨- پێگەی فەرمی م. عەلی باپیر. گەلەری. کوردستان: پێگەی فەرمی ئەمیری کۆمەڵی دادگەری کوردستان. لینکی بابەت https://alibapir.net/?page_id=١٠٢٩&lang=ku
١٩- مجموعة الباحثين (٢٠١٧) السلفية في كردستان العراق. التاريخ - الاعلام - الانتقادات. كتاب ١٢٦. الامارات: مركز المسبار للدراسات والبحوث. ص٧٩.
٢٠- دەزگای نووری حیکمە (٢٠١٤) پێنجەمین ئاهەنگی نوری حیکمە بۆ قورئانلەبەران و یەکەمین ئاهەنگی سەرد. کوردستان: کەناڵی یویتووبی دەزگای نووری حیکمە. لینکی بابەت: https://www.youtube.com/watch?v=Mv١eVXJonl٠
٢١- باوەڕنما (٢٠٢٣) جلوبەرگ لەنێوان ئایین و کولتووردا. کوردستان: کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، ڕووداو ستری. لینکی بەرنامەکە لە یوتیوب: https://www.facebook.com/photo.php?fbid=٨١٦٣١٧٦١٣٨٧١٥٣٤&id=١٠٠٠٦٤٧٩٩٠٧٦٤٣٥&set=a.٥٥٤٤٣٢٢٢٠٠٦٠٠٧٦&locale=fr_FR
٢٢- چەتر (٢٠٢٤) قاتی کوردی و جامانەی ئیماراتی. کوردستان: پەیجێکی نارەسمییە. لینکی بابەت: https://www.facebook.com/photo.php?fbid=٨١٦٣١٧٦١٣٨٧١٥٣٤&id=١٠٠٠٦٤٧٩٩٠٧٦٤٣٥&set=a.٥٥٤٤٣٢٢٢٠٠٦٠٠٧٦&locale=fr_FR
٢٣-خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ. چ٢. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، زنجیرەی ڕۆشنبیری. ل٧٦.
٢٤- موفقی، پ.د. حسن خالد مصطفى (٢٠٢٣) دروستی بەکارهێنانی وشەی خودا لەجیاتی وشەی الله لە ئاخاوتن و نووسین و ئامۆژگاری و پەرستشەکاندا. توێژینەوەیەکی بەڵگەداری فیقهی بەراوردکاریە. هەولێر: یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان. ل٥.
٢٥-کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی (٢٠٢٣) لێدوانی لەیلا عەلی عەبدولعەزیز لەسەر سوێندخواردنی پەرلەمانی و نیقاب. هەولێر: دەزگای میدیایی ڕووداو، لینکی بابەت: https://www.facebook.com/Rudaw.net/videos/٧٦٥٢٢٥٣٠٨٣٨٣٦٠٤/

# وەرگێڕان

ئایینناسی

# ئایین چییە؟ و دەستەبژێری ئایینی چییە؟ (*)

نووسینی: د. عەبدولڕەحمان شوعەیری مەنزور ـ مەغریب
وەرگێڕانی: د. سالار تاوگۆزی

ئەم پەیپەرە دەیەوێت هەوڵێك بۆ پێناسەكردن و شیكردنەوەی چەمكی ئایین و دەستەبژێر (نُخبة)ی ئایینی لە ئەدەبیاتی سەرەكیی كۆمەڵناسیی ئایینیدا بدات. دەتوانرێت جەخت لەوە بكرێتەوە كە (ئایین) و (دەستەبژێری ئایینی) پێكەوە پردی پەیوەندیی میتۆدۆلۆژی و زاراوەیی پێكدەهێنن و گشت چەمكە تیۆرییە دامەزرێنەرەكانی دیكەی كۆمەڵناسیی ئایین بەسەر ئەو پردەدا تێدەپەڕن وەك : (بیروباوەڕ) و (پراكتیزەكردنی ئایینی) و (دامەزراوەكانی پەرستن) و (نەریتی ئایینی) و چەمكەكانی دیكە.

پاشان ویستم هەردوو چەمكەكە لە ئەدەبیاتی كۆمەڵناسیی ئایینیدا لەڕێگەی چاودێریكردنی سروشتی ئامادەگیی چەمكی ئایین لای كەسە پێشەنگەكانی سۆسیۆلۆژیای ئایین هەڵبوەشێنمەوە و دواتر جەوهەر و ئەركی دەستەبژێری ئایینی لە كۆمەڵگە مرۆییەكاندا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەندێك لە كارە توێژینەوەییەكان لەم بوارە مەعریفییەدا دەستنیشان بكەم.

### ١-چەمكی ئایین لە تیۆرەكانی كۆمەڵناسیی ئایینیدا

چەمكی ئایین یەكێكە لە چەمكە زانستییە ناڕوونەكانی ناو بواری زانستە كۆمەڵایەتییەكان بە شێوەیەكی گشتی و بواری ئەدەبیاتی كۆمەڵناسیی ئایین بە شێوەیەكی زۆر تایبەت. سەرچاوەی ئەدەبیاتی كۆمەڵناسیی ئایین ڕۆژئاواییە و چەمكی ئایینیش لەم ئەدەبیاتەدا لەڕووی تیۆرییەوە ناڕوونە، ئەم ناڕوونییەش بۆ چەند هۆكارێكی جیاواز دەگەڕێتەوە، یەكێك لە هۆكارەكان فرەچەشنیی ئایینەكانە كە لەم پەیپەرەدا ئێمە دەمانەوێت پێناسەی بكەین و لێی بكۆڵینەوە. هەروەها بۆ فرەچەشنی دەركەوتە پەرستشی و

ئاکاری و یاساییەکانی پەیوەست بە ئایینەکان دەگەڕێتەوە، ئەمەش لە ڕووی ئەکادیمییەوە ناچارمان دەکات پەنا بۆ بنەمای ڕێژەیی لە پێناسەکردندا ببەین و لەکاتی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی زانستیی چەمکی (ئایین) ڕەچاوی فرەیی دیاردەی ئایین بکەین و تەنیا ئایینێك لە ناو گشت ئایینەکاندا بە نموونە وەرنەگرین[١]. لەسەر بنەمای ئەم تێبینییە میتۆدۆلۆژییە دەگەین بەوەی کە پێویستە جیاوازی لە نێوان چەمکی ئایین (دین- Din) لە بواری واتایی پەیوەست بە ئیسلامەوە لە قورئان و سوننەت و ئایین وەك وەرگێڕانی وشەی (Religion) لە هزری کۆمەڵایەتی و ئایینی ڕۆژئاوایی بکەین لە گشت قوتابخانە پۆزیتیڤیست (وضعي) و تیۆلۆژی (لاهوتي) یەکاندا.

وشەی ئایین (الدین) لە زمانی عەرەبیدا بەمانای گوێڕایەڵیکردن و لێپرسینەوە و خوو دێت. زمانناسی عەرەبیی (ئیبن مەنزور) لە ئینسکلۆپیدیاکەیدا (لسان العرب) نووسیویەتی: " چووە سەر وەها ئایینێك و کردی بە ئایینی خۆی، ئەوەش ئایین و ئاییندارە (...) ئایین خوو کاروبارە، لەمەوە ئایین هی خودایە، بەڵکو ئایین گوێڕایەڵی و پەرستشە لە بۆی، ئایین ئەو شتەیە کە پیاو دەچێتە سەری"[٢]. لەبەر ئەوەی لە کۆنتێکستی واتایی ئیسلامییدا واتای بیروباوەڕیی و یاسادانانی بەهێزی هەیە، وشەی (ئایین) و داتاشراوەکانی زۆر جار لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەردا هاتوون، بۆ نموونە وشەی ئایین لە قورئانی پیرۆزدا نەوەد و دوو (٩٢) جار هاتووە[٣]. ئایینش لە چوارچێوەی شارستانیی عەرەبی و ئیسلامیدا کە پاشخانی مەعریفیی ئەم پەیپەرە پێکدەهێنێت هاوواتای ئیسلامە و لە چەمکی (Religion) جیاوازە، بەو شێوە نییە کە لە بەرهەمەکانی کۆمەڵناسیی ئاییندا دەرکەوتووە کە - ئەو بەرهەمانە - لە بیروباوەڕی مەسیحی و قوتابخانە لاهوتییەکانی و جێبەجێکردنی لە کڵێسادا دەکۆڵێتەوە.

زۆربەی تیۆرە سۆسیۆلۆژییە ئایینییە ڕۆژئاواییەکان چەمکی ئایین واتە:(Religion) یان بە مەبەستێکی کرداریی لە پێناو جیاکردنەوەی لە بوارە تایبەتە پەیوەستەکەی بە بیروباوەڕی مەسیحی و کڵێسا واتە (پیرۆزیی) و ئەوەی پێی دەگوترێت (کایەی پیسی - المدنس) کە پەیوەندی بە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی کاتییەوە هەیە، بەکارهێناوە. ئەمەش ئەو شتەیە کە دژیەکیی مەعریفی و سیاسی بەرهەم هێناوە و چەند پێوەرێکی دروست کردووە کە لە ڕووی کاتییەوە هێشتا هەر لە کۆی هزری ئایینی و سیاسی ڕۆژئاوادا ماوە، وەك قسەکردن لە سەر دەسەڵاتی کاتی بەرانبەر بە دەسەڵاتی ئایینی، یاسای ئایینی بەرانبەر بە یاسای شارستانی و جەژنی ئایینی بەرانبەر بە جەژنی شارستانی[٤].

بەکارهێنانی چەمکی ئایین لە چوارچێوەی

عەرەبی – ئیسلامیدا بە جۆراوجۆری دەرکەوتە و ڕەهەندەکانی جیا دەکرێتەوە، چونکە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە ئیسلامەوە وەك بیروباوەڕ و شەریعەت و شارستانییەتەوە هەیە، هەر ئەمەش وای کردووە لە زانای تونسی و خاوەنی ڕاڤەی قورئانیی بەناوبانگ (التحریر والتنویر) محەممەد ئەلتاهیر بن عاشور (١٩٢٦ -١٩٧٢) کە نۆ ڕووکار و دەرکەوتەی ئایینی ئیسلام لە میانی ڕاڤەکردنی ئایەتی پیرۆزی "إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإسلام"[٥] دیاری بکات کە دیارترینیان: ڕووکاری بیروباوەڕی (یەکتاپەرستی)ی و ڕووکاری پەرستش (پەرستنەکان) و یاسادانان (یاساکان) و ڕەوشت و پاشان ڕووکاری مەعریفی و هزریی و پاش ئەوەش مامەڵەکردنە[٦].

لە هەمان ئاڕاستەی تیۆری و ڕاڤەکاری بۆ ئایین لە چوارچێوە شارستانییە پەیوەستەکەیدا بە ئیسلامەوە، ناتوانرێت ئایین لە پەیوەندیی ڕۆحی لە نێوان مرۆڤ و خودای باڵادەستدا قەتیس بکرێت، بەڵکو ئایین وەك چەمکێکی فرە ڕەهەند دەردەکەوێت و لە ئاڕاستە و ڕێنموویە وەرگیراوەکەشیدا لە سروشی قورئانی و نیشاندانی ڕێگەی ڕاستی پێغەمبەر، هەموو وابەستەبوونەکانی مرۆڤیش دەگرێتەوە، ئیتر ئەوانە بێت کە لە بواری خوداپەرستیدان، یان لە بواری مامەڵەکردن و گشت لایەنەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدان.

بیرمەندی جەزائیری پسپۆڕ لە ئیسلامناسی، محەممەد ئەرکۆن (١٩٢٨-٢٠١٠) چەند دەربڕین و دەرکەوتەیەکی ئایینی ئیسلامی خستووەتە ڕوو کە دەکرێت لەمانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:

- دەربڕینە فەرمییەکان کە لە دەقە دەستوورییەکاندا دەردەکەوێت وەك پەیماننامە نیشتمانییەکان و گوتاری نوخبەی دەسەڵاتدار و ئەدەبیات و کۆنگرە ئیسلامییەکان.
- دەربڕینە پەروەردەییەکان: خوێندنی ئایینی یان ڕەسەن، زمانەکان و میتۆدە پەروەردەییەکان، گەشەکردنی منداڵ... تاد
- دەربڕینە یاساییەکان: لە تۆمارەکانی باری کۆمەڵایەتی و تۆمارە تاوانکارییەکان.
- دەربڕینە کولتوورییەکان: وەك کاروبارە زانکۆییەکان، خوێندنی باڵا... تد.
- دەربڕینە ئەدەبییەکان: لە ڕۆمانەکان، شانۆ، سینەما، شیعر....تد.
- دەربڕینە هونەرییەکان: کە لە میوزیکی ڕۆحی، بیناسازیی ئایینی و ئەو نەخشانەدا دەردەکەوێت کە بە شکۆوە باسی ئیسلام و سیمبولەکانی دەکەن.
- دەربڕینە ئیکۆلۆژییەکان: کە پەیوەستن بە بەهاکانی ئیسلام لە مامەڵەکردن لەگەڵ زەوی و ڕێگاکانی وەبەرهێنانی سامانە سروشتییەکان...تد.
- دەربڕینە سیمۆلۆژییەکان: داب و نەریت ....تد.
- دەربڕینە نەریتییە دینییەکان: نوێژ،

حەج، جەژنە ئایینییەکان...تد [٧].

سەبارەت بە کۆمەڵناسی ئایین لە ئەو چوارچێوەیەیدا کە لە ڕۆژئاوا لە ژێر سایەی بنەما لائیکییەکان و عەقلانییە پۆزیتیڤیزم و ڕێژەگەراییەکان گەشەی کردووە و تێڕوانینێکی فەلسەفییانەی بۆ گەردوون هەیە، ئایین لە گشت قوتابخانە و تیۆرییەکانیدا وەك دیاردەیەکی خودان ڕەهەندی ئەرکی و مادی لە کۆمەڵگەکاندا ئامادەگی هەیە، لەسەر ئەم بنەما میتۆدۆلۆژی و ڕێبازە ئەرکییەی ئایین، چەند پێناسەیەکی جۆراوجۆر بۆ چەمکی ئایین بەپێی ئاراستە تیۆری و ئایدیۆلۆژییەکانی ئەو پێناسانە[٨] و جۆراوجۆری ئایینەکان – کە بابەتی پێناسەکردن و لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە – دەکرێت. وەك دەزانین نەخشەی ئایینەکان لە جیهاندا، لە ڕابردوو ئێستادا، بەشێوەیەکی خەیاڵنەکراو، هەمەجۆرە، هەندێك لە ئەو ئایینانە ئایینە ئاسمانییە ناسراوەکانن وەك: ئیسلام، کریستیان و جوولەکە. هەندێکیشیان ئایینی زەمینی وەك: کۆنفۆشیۆسی و هیندۆسی و بودایی و ئایینی دیکەن.

پێشەنگی قوتابخانەی هێرمنۆتیك (تأویل) و نیشانەناسی ئەنسرۆپۆلۆژیای هاوچەرخ کلیفۆرد گیرتز (١٩٢٦-٢٠٠٦)ی ئەمەریکی لە ڕێبازێکی مرۆڤناسیانەی پەتیدا پێناسەی ئایینی وەها کردووە کە "سیستمێکە لە نیشانە کە چەند پاڵنەرێکی بەهێز و قووڵ و بەردەوام لە ڕێگەی دارشتنی چەند چەمێك سەبارەت بە بوون دەوروژێنێت و ڕواڵەتێکی کەتواریی (واقعی)یان پێدەدات تا ئەم پاڵنەرانە وەها دەربکەون کە ڕاستەقینەن"[٩]. بۆیە ئایین لای کلیفۆرد تەنیا بەشێك نییە لە سیستمێکی سەربەخۆی نیشانە کولتوورییەکان کە لەلای کۆمەڵگەیەك مانایەك بەژیان دەبەخشێت. ئەو لە کتێبەکەیدا بەناوی (هێرمنۆتیکی کولتوورەکان) ئایینی وەك: "ڕۆحی کۆمەڵگەی گەلێك لە گەلەکان داناوە، کە ئەو کەش و هەوا گشتی و ئەو تایبەتمەندییەیە ژیانی خەڵکی ئەو گەلە پێکدەهێنێت. بریتییە لە شێوازی ئەم گەلە لە ڕووی ڕەوشت و چێژی جوانی و باری دەروونیی گشتی، بەڵکو بریتییە لە هەڵوێستی بنەڕەتییان سەبارەت بە خودی خۆیان و ئاراستەی گشتی، ئەوەش لە ژیانیاندا ڕەنگ دەداتەوە. وەڵ لە تێڕوانینیان بۆ جیهان: وێنەیەك سەبارەت بە شتەکان لە مێشکیاندا دروست دەبێت، کە بەهەمان شێوەی ئەو وێنەیەیە لە واقیعی پەتیدا هەیە. ئەمەش تێڕوانینی ئەوانە دەربارەی سروشت، دەربارەی خود، سەبارەت بە کۆمەڵگە. ئەمەش فیکرێکی زیاتر و گشتگیرتر لە ئەو فیکرانە لەخۆی دەگرێت کە سەبارەت بە سیستم هەیانە (سیتم لێرەدا بەمانا وجودییەکەی دێت)[١٠]. بێگومان ئەم پێناسە هاوسەنگە کە دەوێت بچێتە ناو جەوهەر و مانای

ئایینەوە لای کلیفۆرد گیرتز، بە ڕای من بۆ کاریگەربوونی ئەو نووسەرە بە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی دەگەڕێتەوە کە سەبارەت بە ئیسلام لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣) و (١٩٧١)دا لە هەریەك لە وڵاتانی مەغریب و لە ساڵی (١٩٥١) لە ئیندۆنیسیا ئەنجامیدا، ئەم کارە مەیدانییانەیشی لە کتێبەکەی "چاودێرکردنی ئیسلام: پەرەسەندە ئایینییەکان لە مەغریب" ١٩٦٨ بڵاوبوونەوە. ئەم کتێبە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە لێکۆڵینەوە مرۆییەکان سەبارەت بە ئیسلام دروستکرد، ئەویش بەتێپەڕاندنی ئەو میراتە تیۆرییە ڕۆژهەڵاتناسییەی کە زۆر لە ئوستادگەرای و ئارەزووی پۆلێنکاریدا نوقم بووە کە لەسەر گومانی باڵادەستیی شارستانیی ڕۆژئاوایی – مەسیحی چەق بەستووە و بەرەو خاکەرایی فراوانی مەعریفی لێکۆڵەر لە ئیسلامی جێبەجێکرا و چاودێری کراو شۆڕ بووەتەوە.

لە هەمان ڕوانگەی فیکری و فەلسەفییەوە، زانای کۆمەڵناسیی ئایینی ئەمەریکی جۆن میڵتۆن یەنگەر (١٩١٦-٢٠١١) ئایینی وەها پێناسە کردووە کە "سیتمێکە لە بیروباوەڕ و کردار کە بە هۆیەوە ڕێگە بە کۆمەڵە خەڵکانێك دەدرێت تاوەکو ڕووبەڕووی کێشە بنچینەییەکانی ژیانی مرۆڤ ببنەوە"[١١].

ئەمە لە کاتێکدایە (کلاود بۆقایل، ڕۆلاند جەی و کامێچ) پێناسەیەکیان بۆ ئایین کردووە کە هەردوو توخمی جەوهەریی و ئەرکیی پێکەوە کۆ دەکاتەوە، بۆیە ئایین بەپێی تێڕوانینی ئەوان " کۆمەڵێك بیروباوەڕ و کردەوەی تاڕادەیەك ڕێکخراوە، پەیوەندیی بە ڕاستییەکی بەرزەوە هەیە کە لەسەرووی ئەزموونەوەیە، لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ئەرکێك یان زیاتری هەیە وەك: یەکخستن، ناسینەوە، ڕاڤەکردنی ئەزموونی کۆمەڵایەتی، وەڵامدانەوەی سروشتی لە بنیاتدا نادڵنیای ژیانی تاك و کۆمەڵ"[١٢].

## چەمکی ئایین یەکێکە لە چەمکە زانستییە نارِوونەکانی ناو بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی و بواری ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی ئایین بە شێوەیەکی زۆر تایبەت

بەپێی ئەم پێناسانە کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لەسەر بنەمای کەڵەکەبوونی زانیارییەکانی کۆمەڵناسیی ئایین دامەزراون، هەروەك لە کارەکانی (ئیمیل دۆرکهایم)[١٣] و (ماکس ڤیبەر)[١٤] (ئەلیکس دە تۆکڤیل)[١٥] و (ڕۆجێ باستید) و (برۆنسیلاف مالینۆڤیکی) و چەندانی دیکە دەرکەوتوون، ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین، ئایین لە تێڕوانینەکانیاندا لەسەر بنەمای ڕوانەگەیەکی فەلسەفیی

هاوبەش ئامادەیی هەیە و ئایین بە کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت کە ڕەهەندی نیشانەیی و دڵنەواییکەرانەوەی بۆ ئیمانداران هەیە، ئەمەش پوختەیەکە و کۆمەڵناس و ئابووریناسی بەناوبانگی ئەمەریکی ماکس ڤیبەر (١٨٦٤- ١٩٢٠) بە زمانێکی ئەکادیمی ڕاستەوخۆ لە پێناسەکەیدا بۆ ئایین گوزارشتی لێکردووە بەوەی کە ئایین بریتییە لە " شێوازێك لە هەڵسوکەوتکردن لە کۆمەڵگەدا بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەریی"[١٦]. بەهەمان شێوە توێژەری فەرەنسی (ژان پۆل ویلیام) پێناسەکەی خۆی بۆ ئایین دارشتووە و ئایینی وەك " چالاکییەکی کۆمەڵایەتی ڕێکوپێك کە پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتێکی قوڵ و کاریگەر لەسەر جەماوەر"[١٧] پێناسە کردووە. ئەم توێژەرە پێیوایە چالاکیی کۆمەڵایەتی ئایین بەستراوەتەوە بە پەیوەندییەکی ڕەمزی ڕێکوپێك لە ڕێگەی سروتی ئایینی و بیروباوەڕەکانەوە. ئەمەش بەشێکە لە بنیاتی ناوەڕۆکی هەر ئایینێك، بۆیە ئایین بەپێی ئەم تێڕوانینە لە ڕێگەی ئامڕازێکی نەریتی ئایینی ڕەمزی بە زمانێکی سۆسیۆلۆژیای ئایینی، بەشێوەیەکی ڕێکخراو چەند بکەرێك کۆدەکاتەوە کە لە ڕێگەی چەند پەیوەندییەکەوە بەیەکەوە پەیوەستن، لە کاتێکدا دەسەڵاتی ڕاکێشانی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەسەر بنەمای سروستی کۆمەڵایەتی و سەرکردایەتی ڕۆحیی سەرکردە و هاوکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری دادەمەزرێت کە لە ئایینەوە سەرچاوە دەگرن[١٨].

**٢- دەستەبژێری ئایینی، جەوهەر و ئەرك**

بابەتی دەستەبژێری ئایینی یەکێکە لە گرنگترین تەوەرە یەکتربڕەکانی نێوان هەردوو زانستی کۆمەڵناسیی ئایین و کۆمەڵناسیی سیاسی، سەربارى ئەوەی لەنێوانیاندا جیاوازیی میتۆدۆلۆژیی لە توێژینەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردندا لەسەر ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی دەستەبژێریی لە سیستمی سیاسی و ئایینی کۆمەڵگاکان هەیە، بەڵام کۆمەڵناسیی سیاسی چاودێریی بابەتی دەستەبژێری ئایینی وەك تەوەرێکی کاری زانستیی لە گۆشەی بەشداریکردنی لە کاری سیاسی دەکات، یان لە کاتێکدا دەستەبژێری ئایینی بە ڕەفتار و هەڵوێستەکانی دەبێتە بەشێك لە دەستەبژێری سیاسی[١٩] لە کاتێکدا دەستەبژێری ئایینی گرنگترین بواری میتۆدۆلۆژیی و لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵناسیی ئاییندا پێکدەهێنێت، بەتایبەتی لە ئەو کاتەدا کۆمەڵناسیی ئایینی هەوڵی ڕاڤەکردنی جەوهەر و پێکهاتەو کار و میکانیزیمی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا و ڕێکخستنی دەدات[٢٠] لەم ڕووەوە دەستەبژێری ئایینی لە گشت کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا کار لەسەر جێبەجێکردنی جۆرێك لە چاودێریی مەعنەوی و ڕەوشتی بەسەر ئیمانداران و خەڵکانی

دیکە دەکات و لە ئەو ڕێگایەیشەوە ئەوپەڕی دیسپلینی کۆمەڵایەتی ڕێنماییە ئایینییەکان و توخمەکانی ژیانی هاوبەش بە پێی ڕێنماییەکانی مسۆگەر دەکات، ئەم چاودێرییە نەرمەش لە ڕێگەی شێوازەکانی ئامۆژگاریی ئایینی و بیرخستنەوەی هاندان و تۆقاندن و ڕێکخستنی کردەیی خوداپەرستی و ڕێوڕەسمەکان و پەیوەستبوون بە نموونەی ئەخلاقی وەردەگیرێت و بەئەم زمانە گوتارەکانی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگە دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت کە ئەو نموونە ئەخلاقییەی باسیکردووە لە کۆتاییدا هەر ئەو وەك جەمسەری سەرکردایەتی ئایینی لە کۆمەڵگە دەمێنێتەوە.

بەگوێرەی ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی ئایین گەشەکردنی دەستەبژێری ئایینی لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا پەیوەستە بە بنەمای بڵاوکردنەوەی ئایینی و – ئیدی هەر ئایینێك بێت – بانگهێشتکردنی خەڵك بۆ ڕێکخستنی بیروباوەڕەکانی ئایینەکە و پەیوەستبوون بە نەریت و دروشمی ئایینی و بەهاکانی ئایین، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە قایلکەرە جۆراوجۆرەکانی وەك: بانگەواز و فێرکردن و ڕێکخستن و کاری خێرخوازی و فریاگوزاری، هەروەها لەڕێگەی خوێندنی ئایینی و گەشەپێدانی ڕۆحی شوێنکەوتوان و لایەنگران لە پێناو زامنکردنی بەردەوامی ئایین و کاریگەری لە کۆمەڵگەدا، بۆ ئەوەی بیروباوەڕو کردار و بەهاکانی ببن بە چوارچێوەیەکی مەرجەعیی لە ناو کۆی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و شارستانییە دامەزرێنەرەکانی بنیاتی کۆمەڵایەتیدا (Social Structure). [٢١]

**ئایین لای کلیفۆرد تەنیا بەشێك نییە لە سیستمێکی سەربەخۆی نیشانە کولتوورییەکان کە لەلای کۆمەڵگەیەك مانایەك بە ژیان دەبەخشێت**

یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی دەستەبژێری ئایینی بە پێی تیۆرەکانی کۆمەڵناسیی ئایین ڕێنماییکردن و بەعەقڵانیکردنی چالاکیی ئایینییە لە کۆمەڵگەدا [٢٢] ئەویش لە ڕێگەی داڕشتنی میتۆدێك بۆ بیروباوەڕە ئیمانییە پارێزەرەکانی خودی ئایینی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەو پوچەڵکردنەوەی گومانەکان، ئیتر ئایا ئەو گومانانە لەناو هەمان ئایینەوە لەلایەن ئەو کەسانەوە ئاڕاستە کرابن کە لە بەمەزهەبکردن (لاهوتی) یان (تایفی) لەگەڵ دەستەبژێری ئایینی ناکۆکن، یان ئەو گومانانەی لەلایەن بیروباوەڕە ئایینییە کێبڕکێکارەکان یان بۆچوونە ئاتیستی و بێدینییەکانەوە ئاڕاستە دەکرێن. هەروەها دەستەبژێری ئایینی سەرپەرشتیاریی ڕێکخستنی نەریتی ئایینی

و گەڕەنتیکردنی تازەکردنەوەی کاتەکانی و بەردەوامیی جێبەجێکردنی دەکات.

هەروەها (پیاوانی ئایینی) کە بووە بەزاراوەیەك لە ئەزموونی ئاییندارێی مەسیحیدا (واتە قەشە و کاهینەکان)، یان حاخامەکان لە ئایینی جوولەکەدا، یان هەرکەسێك کە بەکاری ئەوان لە ئایینەکانی دیکەدا هەڵدەستێت، کاری وەبەرهێنانی زانیاریی ئایینی بۆ ئاسانکردنی پەیبردن بە (پیرۆزیی) لای گشت ئیماندارن دەکەن، ئەویش لە ڕێگەی میکانیزمی هێرمنۆتیك و ڕاڤەکردن، بەهۆی ئەم ئەرکە (لاهوتییانە)وە دەستەبژێری ئایینی پێگەی تایبەتی خۆی دەپارێزێت لە زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا تەنانەت لە کۆمەڵگە بێدینەکانیشدا، بەتایبەتی لە ئاستی ئاڕاستەکردنی ڕۆحی و بیروباوەڕیی و دەستەجەمعیی[٢٣] لە ئەم چوارچێوەیەدا ئێمە ئەو ڕۆڵە ئاراستەکارانە وەبیر دەهێنینەوە کە کڵێسای کاسۆلیکی لە ڤاتیکان بە سەرکردایەتی پاپای کۆچکردوو (بێندێکیت)ی شەشەم گێڕای لە دژایەتیکردنی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بە بیانووی ئەوەی یەکێتی ئەوروپا یانەیەکی تایبەتە بە دەوڵەتە مەسیحییەکان.

بەڵام لە چوارچێوەی شارستانیی عەرەبی و ئیسلامیدا، لە ڕووی میتۆدۆلۆژی و ئەبستمۆلۆژییەوە، ناکرێت دەستەبژێری ئایینی بە سیفەتی (پیاوانی ئایینی) ناودێر بکەین، چونکە دەقە بنچینەییە ئیسلامییەکان کە قورئان و فەرموودەن، هەموو تاکێکی پێگەیشتووی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ڕاسپاردووە کە پێویستە زانیاری سەبارەت بە ئایین هەبێت، جا چ لە ئاستی بیروباوەڕە ئیمانییەکان بێت یاخود پەرستشەکان. هەروەها ڕایسپاردووە، لە ڕێڕەوی ژیانی تاك و کۆمەڵگدا توانای تێگەیشتنی حوکمەکانی شەریعەتی پەیوەست بە بناخەکانی حەڵاڵ و حەرامی هەبێت. لە سیستمی کۆمەڵایەتی ئیسلامیشدا، داوا لە مسوڵمان دەکرێت ئەوەندەی پێی دەکرێت قورئانی پیرۆز و ڕێنماییەکانی ئیسلام لە بەر بکات و یاسا بنەڕەتییەکانی بزانێت تا مافی ئەوەی هەبێت ئەگەر پێویستی کرد، پێشنوێژی بۆ مسوڵمانان بکات؛ لەبەر ئەوە لە چوارچێوەی ئیسلامدا ناکرێت قسە لەسەر چینێك لە پیاوانی ئایینی بکرێت کە تەنیا ئەوان بۆیان هەیە ڕێوڕەسمە ئایینییەکان ڕێك بخەن، یان تەنیا ئەوان دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن نوێنەرایەتی ڕۆحیی دەکەن و قسەکردن لەڕوانگەی ئایینییەوە بەشێوەیەکی ئیجباریی تەنیا بۆ ئەوان قۆرخ کراوە وەك لە سیستمی لاهوتی لە ئەزموونی مەسیحی و جولەکەدا دەیبینین.

لە سیتمی کۆمەڵایەتی ئیسلامیدا، مەبەست لە دەستەبژێری ئایینی" : ئەو گروپەیە لە کۆمەڵگە کە هەریەکەو لەچوارچێوەی پسپۆڕی خۆیدا ئەرکێکی ئایینی، یان زیاتر ئەنجامدەدات، ئیتر

ئەرکەکە فێرکاریی بێت یان ڕاڤەکاری بێت بۆ دەقەکانی سروش یان ڕۆحی ڕەفتاریی پەیوەست بە پەروەردە و دروستکردن بێت. یاخود چالاکییەکی ئایینی بەو پێیەی پەیوەندییان بە ڕچەڵەکی پێغەمبەرەوە هەیە وەك کەسە شەریفەکان، یان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی یان ئەو کارەی سیاسییەی بەشێوەیەکی گشتی پشت بە ئایین دەبەستێت. هەروەها ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە خەریکی بەدەستهێنانی زانیاریی ئایینی و فێربوونی دەدەن.

## بابەتی دەستەبژێری ئایینی یەکێکە لە گرنگترین تەوەرە یەکتربڕەکانی نێوان هەردوو زانستی کۆمەڵناسیی ئایین و کۆمەڵناسیی سیاسی

پاشان دەستەبژێری ئایینی لە ئەزموونی عەرەبی ئیسلامییدا بەشێوەیەکی گشتی پێکدێت لە کەسانی شارەزای پەروەردەیی و پاڵپشتیی ڕۆحی وەك شێخە پەروەردەکارەکان و پیاوچاکان لە قوتابخانەی سۆفیگەری و قوتابخانەکانی دیکەدا. هەرورەها پێك دێت لە زانایان و ئەو فیقهزانانەی لە بنەڕەتدا بایەخ بە شەرحکردنی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر و گوتنەوەی زانستە شەرعییەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری فەتوادان بۆ زۆرینەی خەڵکی دەدەن. هەروەها ئەو دامەزراوە ئایینییە فەرمییانەو ئەو سەرکردانەی گروپە ئیسلامییەکانیش دەگرێتەوە بەهەموو جۆرە گروپە بانگخوزایی و حیزبییەکانیانەوە، هەروەها ئەو ڕۆشنبیرە ئایینییە هاوچەرخانەش دەگرێتەوە کە بایەخ بە پرسەکانی هزری ئیسلامی دەدەن، ئەمە جگە لە خوێندکارانی زانستە ئیسلامییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە پەیمانگا شەرعییە تەقلیدییەکانن.
دەستەبژێری ئایینی ئیسلامی بە هەموو ئەرك و چالاکییەکانیانەوە پێگەیەکی تایبەت و سەرەکیی لە ویژدانی گشتیی کۆمەڵگە عەرەبیی و ئیسلامییەکاندا هەیە، هەروەها ئاستی کاریگەرییە ڕەمزی و سیاسییەکەی لە هەردوو بواری ئایینی و سیاسیدا بە ئەندازەی سەربەخۆیی لە دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان بەرز دەبێتەوە. هەروەها ئاستی کاریگەرییەکەی بەڕادەی لەئامێزگرتنی پرسە گەورەکانی ئەو گەلانەی یەکرپز و گەشەسەندوو دیموکراسین بە ئەندازەی ڕاستگۆیی نواندنی کاریزمای ئەخلاقی و خوداپەرستی و توانستی زانستیی بانگەشەکار بۆ هەوڵدان لە پێناو تیۆریزەکردن و دابەزاندنی مەبەستی ڕێنماییە ئیسلامییەکان بۆ پێشهات و گۆڕانکارییە هاوچەرخەکان، بەرز دەبێتەوە.
پاشان دەستەبژێری ئایینی بەپێی پێگە ستراتیژی و گرنگەکانی لە کۆمەڵگەی

مسوڵماندا – بە وتەی بیرمەندی تونسی عەبدول لەتیف هەرماسی - دەبێتە دەسەڵاتێکی ڕێگەپێدراوی کۆمەڵایەتی تا چاودێریی ئەنجامدانی دروشمەکانی ئایین و فێرکردنی ئایینی بکات، هەروەها ئەو دەسەڵاتە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی چەند ئەرکێك کە لەمانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:

- ئەرکی ڕۆحی و خوداپەرستی لە ڕێگەی پتەوکردنی ئیمان و ڕێنماییەکانی ئایین و چاودێریکردنی بەجێهێنانی فەرزە ئایینییەکان و دوورکەوتنەوە لە ئەو شتانەی ئایین قەدەخەی کردوون.
- ئەرکی فێرکردن و ڕێنمویکردن و وەبەرهێنان لە بوارە مەعریفییە ئایینییە جیاوازەکاندا.
- ئەرکی یاسادانان، کە خۆی لە تێکۆشان و هەڵهێنجانی ئەو فەرمانانە دەبینێتەوە کە کۆمەڵگە و تاکەکانی لە بواری خوداپەرستی و مامەڵەکردندا پێویستییان پێیانە.
- ئەرکی لێپرسینەوە و فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە و چاودێریکردنی ئاکاری گشتی.
- ئەرکی ئامۆژگاریکردنی دەسەڵاتداران و پێشکەسکردنی ڕاوێژ[٢٤].

کاریگەریی دەستەبژێری ئایینی لە ئەزموونی ئیسلامی و عەرەبی و ناوەندە یاسایی و سیاسییەکەی بەپێی سیستمە سیاسییەکان و پەیوەندییان بە ڕەوایەتیی ئایینییەوە دەگۆڕێت. لە ئەزموونی سیاسی ئێرانی و سعودیدا، دەستەبژێری ئایینی ئامادەییەکی گەورەی لە هەرەمی دەوڵەت و دارشتنی بڕیاری سیاسیدا هەیە. بەهۆی کاریگەریی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیشەوە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ناوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستەبژێری ئاییندا ڕوویدا و بوو بەهۆی زیاتر بوونی کاریگەریی ئەو دەستەبژێرە وەك ئەوەی لە میسر و تونس و لیبیا و یەمەن بەتایبەتی لە یەکەمی سەرەتاکانی کەوتنی سیمبولەکانی سیستمە دیکتاتۆرییەکان ڕوویدا. هەروەها گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی لە پەیوەندیی دەستەبژێری ئایینی بە دەوڵەوت و کۆمەڵگەوە ڕوویدا وەك ئەوەی هەنووکە لە نموونەی دەستەبژێری ئایینی وڵاتی مەغریبدا دەیبینین.

## یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی دەستەبژێری ئایینی بە پێی تیۆرەکانی کۆمەڵناسیی ئایین ڕێنماییکردن و بەعەقڵانیکردنی چالاکیی ئایینییە لە کۆمەڵگەدا

بە کورتی، ئەم توێژینەوەیە بانگەشەی ئەوە ناکات، بەوردی باسی لە گشت قوتابخانە و تیۆر و ئاراستەکانی کۆمەڵناسیی ئایین لە پێناسەکردنیدا بۆ چەمکی ئایین و دەستەبژێری ئایینی

کــردووە، بـەڵکو ئـەوەنـدە بـەسـە کە دەیەوێت ڕێگا بۆ دەروازەیەکی گشتی بۆ توێژینەوە سەبارەت بە هەردوو چەمکەکە بەهەمان شێوەی پێوانەکردنی ئەندازیاری لـە بـواری تـۆپـۆگـرافی بکـات. هــەردوو چەمکەکە پێکەوە پارچەیەکی گرنگی کێڵگەی مەعریفی فراوانی سۆسیۆلۆژیای ئایین پێکدەهێنن و شیاوی ئەوەیە زانکۆی مەغریب و گشت توێژەران بایەخی پێبدەن و ئـاوی بـدەن و بیکێڵن و هەڵیپاچن بۆ ئەوەی ڕنینەوەی بەروبوومە گرنگەکەی لـە زەوی تـوێژینـەوەی زانستی و فـەزای کۆمەڵگەی زانست و زانیاریدا ئـاسان بێت.

---

**پەراوێزەکان:**

-(١) J. Paul. William, sociologie de religion. PUF. Paris .١١٤: p.١٩٩٥

(٢) – أبـو الـفضل جمـال الـدين محمد ابن منظور، لسـان الـعرب، المجلد ١٣. دار الفكر للطباعة والنشـر والتـوزيع بيروت ١٩٩٠، ص ١٦٩ – ١٧٠.

(٣) – بڕوانە: البرنامج المعلوماتي على شبكة الإنترنيت: أرقـام وإحصـاءات قرآنية في الـقرآن الكريم، انظر: : www.e-quran.com

(٤) – Encyclopédie Universalis,T١٩. France s.a ١٩٩٦ Article "religion". p: ٧٥٥

-(٥) سورة آل عمران، الآية: ١٩.

(٦) – محمد الـطاهر بـن عـاشـور، تـفسير التحرير والتنوير. ج ٣. دار سحنون للنشر والتوزيع تونس، ١٩٩٧ ص ص ١٨٨-١٩٦.

(٧) –Encyclopédie universalis.T١٢, les expressions de lislam op .cit .p : ٦٧٧.

(٨) – وصـف إ. لامبيت تعدد تعريفات الدين ببرج بابل لكثرتها وتنوعها، انظر:

Lambet (y).la « Tour du Babel » des définitions de la religion .revue social compas. n : ٣٨ (١).١٩٩١ p p : ٧٣-٨٥

[٩] – Geertz Clifford، Religion as cultural system. In the interpretation of cultures. Selected Essays. Fontana press London ١٩٩٣.p : ٩٠

(١٠) – كليفورد غيرتز، تأويل الثقافات، ترجمة محمد بـدوي مركز دراسـات الـوحـدة العربيـة، الطبعة الأولى، بيروت، ٢٠٠٩، ص ١٠١.

(١١) – Yinger. J .Milton. The scientific study of religion. New York. Mac Millan, ١٩٧٠ p :٧

(١٢) – J.Paul.William, sociologie de la religion, op.cit p: ١٨١

-[١٣] Emile Durkheim[١٨٨٩], les forces élémentaires de la vie religieuse .PUF. Paris.١٩٦٨

(١٤) لـە کتێبـە بـەنـاوبـانگـەکـەیدا (ئـەخلاقی پرۆتـسـتـانتی و ڕۆحی سـەرمـایـەداریی) ماکس ڤیبـەر پۆلێنکردنی ئایینی لـە بازنـەی نـاماقـوڵ ڕەتـکـردووەتـەوە و بـە ڕێـژەگـەرایی زانـسـتی پێویست لە شیکردنەوەی ئایین وەك دیاردەیەك - کـە هێشـتـا لێی دەکـۆڵـرێـتـەوە- مـامـەڵـەی لـەگـەڵـدا کــردووە. بـۆ زیـاتر قـوڵـبـوونـەوە لە فیکری سۆسیـۆلۆژیی ماکس ڤیبـەر سـەبارەت بـە ئـایین سـەیری دکـتـۆرانـامـەکـەی (ئیـکرام مـەسیرە مـەدەنی) بکە بـەنـاوی (سـوسیـولۆژیای ماکس ڤیبـەر، میتۆدۆلۆژیی، سیاسەت و ئایین. نامەیەکی دکتۆرایە لـە یاسای گستیی، کۆلێژی

زانسته یاسایی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان، مەراكیش. ساڵی زانكۆیی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩.

(١٥) – هەرچەندە (دی تۆكڤیل) هیچ بەرهەمێكی دیاریكراوی سەبارەت بە ئایین نەبوو، بەڵام بە پێشەنگی كۆمەڵناسی ئایین دادەنرێت. لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا كە لە دوو بەرگدا، لە ساڵی (١٨٠٤)دا سەبارەت بە دیموكراسییەت لە ئەمریكا بڵاو بووەتەوە، كاری لەسەر ئاڵۆزیی تیۆریی پەیوەندیی ئایین بە دیموكراسییەوە و ڕۆڵی زیندووی لە بەردەوامبوونی دامەزراوە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان كردووە. بڕوانە: Alex de tocquerille.de la démocratie en ١٩٨١.Amérique. Ed. Flammarion Paris.

[١٦] – Max weber.، économie et société، ٤٢٩: p.١٩٧١.Ed. Plon. Paris

(١٧) – J. Paul. William, sociologie de la ١٨٥: religion, op.cit.p.

(١٨) – Ibid. ,pp: ١٨٦-١٨٩.

بۆ زیاتر قوڵبوونەوەو توێژینەوە سەبارەت بە چەمكی ئایین و ئەو تیۆریانەی لە كۆمەڵناسی ئایین و ئەنسرۆپۆلۆژیادا پەیوەستن پێیەوە، بگەڕێرەوە بۆ: عەبدولباقی هەرماسی و ئەوانی دیكە، ئایین لە كۆمەڵگەی عەرەبیدا، مركز دراسات الوحدة العربية بتعاون مع الجمعية العربية لعلم الاجتماع، الطبعه الثانية، بيروت ٢٠٠٠.

(١٩) – ابراهيم أبراش، علم الاجتماع السياسي، مرجع سبق ذكره. ص ١٤٧.

(٢٠) – بڕوانە، عبد الباقي الهرماسي، علم الاجتماع الديني، والمجال – المكاسب- التساؤلات. ضمن الكتاب الجماعي: الدين فى المجتمع العربي، مرجع سبق ذكره ص ١٧.

(٢١) – Max Weber, Economie et Société, ٤٧٣: .op.cit p

(٢٢) – إحسان محمد الحسن، علم الاجتماع الديني، دراسه تحليلية حول العلاقة المتفاعلة بين المؤسسة الدينية والمجتمع. دار وائل للنشر. الطبعة الأولى ٢٠٠٥ ص ٣٠.

(٢٣) – ئەم ئاراستە لە گوتاری پاپا لە (٢٠)ی ئەپرێلی (٢٠٠٥) لە كڵێسای (سیستین) هاتووە. سەیری دەقی گوتارەكە لە ماڵپەڕی فەرمیی كڵێسای كاسۆلیكی ڤاتیكان، نوسخە عەرەبییەكەی بكە. www: Vatican va.

(٢٤) – عبد اللطيف الهرماسي، المؤسسة الدينية فى الإسلام موضوعا للدراسة بين التمركز على الذات وأسر النموذج الغربي، مجله التسامح، منشورات وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية بسلطنة عمان. العدد ١٧ شتاء ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٧ م. ص ١٢٣.

(*) ئەم پەیپەرە لە ماڵپەڕی (مركز ضياء للمؤتمرات والأبحاث) وەرگیراوە كە ئەمە لینكەكەیەتی: . https://www.diae.events/ ٨٣٤٠٥=postid

# کۆمەڵناسیی ئایین، کۆمەڵناسیی ئایینی و کۆمەڵناسیی ئیسلامی

نووسینی: حسين تنهائى
وەرگێڕانی: ئارام مەحموود ئەحمەد

ئەمڕۆ بە هۆی ئەو مەیلە بەهێز و کۆنترۆڵ نەکراوەی بەرەو گەشەی تەکنەلۆژیا و ئابووری دروست بووە، ئارەزووی بەرفراوانکردنی زانستە ئەزموونییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا خێراتر بووە. زۆرێک لە کۆمەڵناسان دەپرسن کۆمەڵناسیی ئایین بوونی هەیە؟

لە ئێستادا لەو وڵاتانەی کە ئەو مەیلە بەهێزەیان تێپەڕاندووە، گەڕانەوە بەرەو کۆمەڵناسیی ئایین و کۆمەڵناسیی ئایینی بە لەپێشینە هەژمار دەکرێت، ئەوەی کە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو دەبێت چەندێک پەند لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان وەرگرن و ڕێگە ناکامەکانی ئەوان بە وردی لێکبدەنەوە، بۆ خۆی بابەتێکی جیاوازە.

لەم بابەتەدا ئەوە دەردەخرێت، کە کۆمەڵناسیی ئایین، بە تایبەتی لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا یەکێک بووە لە لقە سەرەکی و جێ سەرنجەکانی کۆمەڵناسیی ڕۆژئاوا و کۆمەڵناسیی ئایینیش هەرچەندە بەڕێگەوەیە، بەڵام دەبێت ڕێگەیەکی درێژ بۆ پیشاندانی بوونی خۆی ببڕێت. بەداخەوە و بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، ئەو کۆمەڵگانەی زێدی ئایینە خواییەکان بوون، لە کۆمەڵناسیی ئایین و کۆمەڵناسیی ئایینی دواکەوتوون و بەرامبەر هەردوویان غافڵ بوون.

**کۆمەڵناسیی ئایین**

کۆمەڵناسیی ئایین لقێکە لە زانستی کۆمەڵناسی و بریتییە لەو لقەی کە زانینی مرۆڤایەتی (بە تیۆرەکانی کۆمەڵناسیشەوە) بە بەکارهێنانی شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی هەوڵ بۆ لێکدانەوە و توێژینەوە لە لایەنی کۆمەڵایەتیی ئایین لەوانە ڕێکخراو

و ئۆرگانە ئایینییەکان و پێکهاتەی نەریتیی ئایین، گۆڕانکارییەکان لە پێکهاتەی کولتووری و یاسا ئایینییەکان، بازنەکانی پەیوەندی نێوان کولتور و پێکهاتەی ئایین و کۆمەڵگە و ... دەدات. لەبەر ئەوە ناوە گەورەکانی کۆمەڵناسی ڕۆژئاوا لە کانت و دۆرکایم-ەوە تا مارکس، ویبەر و مید هەموویان پێیانوایە کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە و کولتووری ئایینی دەبێت وەک یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی بناسرێت. هەر چەندە هەر یەکێکیان بۆچوونی تایبەتی خۆیان بەرامبەر ئایین هەبووە.

هەڵبەت لەم لقەی کۆمەڵناسی، ئایین و لێکەوتەکانی نەک وەک بابەتی بان سروشتی، بەڵکو وەک بابەتی جێی ئاماژە و لێکۆڵینەوە کە لە واقیعییەت و دەرەوەی هزری توێژەر بوونی هەیە، جێی لێکدانەوەیە، ئەگەر مێتافیزیکی بێت، یان نا.

بەڵگەنەویستە هەموو توێژەرێک بۆچوونی تایبەتی خۆی بۆ ئایین هەیە. ئەوانەی باوەڕیان بە یەکگرتوویی هەیە، ئایین وەک هۆکاری کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرن، لەم ڕووەوە ئایینی کۆمەڵایەتی بەپێی گونجاوی لەگەڵ زەمەن، لە جێگەی ئایینی خودایی دادەنێن. ئەوانەی مشتومڕ دەکەن وەک مارکس، یان پرودن، بە لێکدانەوەی ڕۆڵی ئایین لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەک ئۆرگانێکی موحافیزکار و پارێزەری دۆخی هەنووکە ناوی ئایین دەبەن و بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، دانانی دیاردەیەکی هاوشێوەی ئایین بە پێویست دەزانن. بۆ نموونە مارکس دەرکەوتنی خودئاگایی چینەکان بە زەمینەسازی کەلتووری نوێ و ئایینی ئازادکراو لە کۆتی دژیەکی چینایەتی بە بەیداخ هەڵگری مێژووی مرۆڤایەتی دوای جێگیربوونی سەردەمی کۆمۆنیزم ناو دەبات. هەروەها ڕەوایەتی دەسەڵاتداری ئایینی لە زەمەنی عەقڵدا بە ناجێگیر دەزانێت، بەڵام (شێلێر) ئارەزوو دەکات بە ئایینی مەسیحی جیهانێکی مرۆڤانەتر و بە بەهاتر دروست بکات.

لە ئەنجامدا کۆمەڵناسی ئایین نەک تەنیا بەو هۆکارە بوونی هەیە، کە (کاری کۆمەڵناسی)یە، بەڵکو بە هۆکارێکی دیکە لقێکی حاشاهەڵنەگری زانستی کۆمەڵناسییە، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەک نییە تێیدا ئایین نەبێت و هیچ ئایینێکیش نادۆزرێتەوە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری گرووپ و یاسا کۆمەڵایەتییەکان نەبێت. ئەگەر کۆمەڵناسی پیشەسازی تەنیا لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا پێویست بێت و کۆمەڵناسی گوند لە کۆمەڵگە گوندنشینەکاندا، کۆمەڵناسی ئایین لە هەر قۆناغ و سەردەمێکی مێژوویی و لە هەر شوێن، یان پێگەیەکی جوگرافی و هەر شوێنێک کە گرووپێک لە مرۆڤەکان کۆمەڵگەیەکیان پێکهێنابێت، پێویستە.

**کارایيەکانی ئاین و چەمکە ئایینییەکان**

لە هەندێک دەقی سەرەتایی کۆمەڵناسیدا لەگەڵ دانانی ئایین لە ژێر ناونیشانی (ئۆرگانی کۆمەڵایەتی، بۆ روونکردنەوەی کارایيە کۆمەڵایەتییەکانی ئایین لە پێکهاتە و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆمەڵێک توێژینەوەیان پێشکەش کردووە. بۆ لێکدانەوەی کارایيە کۆمەڵایەتییەکانی ئایین وەک ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی لە دۆخە چەقبەستووە کۆمەڵایەتییەکاندا پێیان وایە:

"ئایین کارایی جیاجیا بۆ کۆمەڵگە و تاک ئەنجام دەدات. ئایین بۆ کۆمەڵگە واتایەک بۆ کۆمەڵگە و کۆمەڵ دروست دەکات و پتەویی پێدەبەخشێت. ڕێگری لە ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و کۆمەڵێک ڕێگە بۆ یەکگرتنی دووبارەی دژەکان پێشنیار دەکات. ئایین بۆ مارکس لە بنەڕەتدا وەک ئۆرگانێکی موحافیزکار وایە، کە خۆگری ئاسان دەکات و هیچ هەوڵێک بۆ نەهێشتنی هۆکارەکان ئەنجام نادات. بۆ ویبەر هۆکاری جووڵە و خێرایی گۆڕانکارییە سەرمایەداری و کۆمەڵایەتییەکان بووە".

لە خوێندنەوەیەکی دیکەدا بۆ نووسینە سەرەتاییەکانی کۆمەڵناسی لەگەڵ بە گرنگدانانی ئایین و لێکدانەوەی، بە شێوەیەکی سنووردار ئاماژە بە کارایيە کۆمەڵایەتییەکانی ئایین بە ئاراستەی یەکگرتوویی و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان کراوە:

"کۆمەڵناسان ئایین وەک ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی گرنگ، کە هەم لە ڕووی تاک و هەم لە ڕووی کۆمەڵگەکانەوە واتایەکی گرنگی هەیە، خوێندنەوە بۆ ئایین دەکەن. ئایین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و مەرگ یارمەتی مرۆڤەکانی داوە، سەرچاوەیەک بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکات و کاریگەری لەسەر زۆر بڕاردەی تاک لە ژیانی ڕۆژانەیدا دروست دەکات. هەروەها ئایین ڕەفتارێکی بەکۆمەڵە. کاتێک باوەڕ و دابونەریتی مرۆڤایەتی کارێکی هاوبەشی کۆمەڵگەیە، گرنگی تایبەتی بەدەست دەهێنێت. گرووپ و کۆمەڵە ئایینییەکان لە پێکهاتە نەژادی، ئابووری، ناوچەیی، نەتەوەیی و ئەو کۆمەڵانەی پارێزگاریان لێ دەکەن، کاریگەریی ئایینییان لەسەر دەبێت. ئایین بە ڕیفۆرم لە باوەڕ و کار و پەرستشەکان، خۆی لەگەڵ ئاراستە و پێگە گۆڕاوەکاندا دەگونجێنێت. لە کاتێکدا کە دەرەنجامە زانستییەکان، مشتومڕی بەدواداچوون بەرامبەر باوەڕی گرووپە ئایینییەکان دەخاتەڕوو، بە ڕوونی دیارە کە مرۆڤ کاتێک هەوڵی تێگەیشتن لە واتای ژیان دەدات، دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئایین".

مرۆڤناسەکان کاتێک هەوڵی لێکدانەوەی باوەڕەکان، بەها کولتوورییەکان، ئاداب و بۆنە ئایینییەکان و لێکدانەوەی جیهانبینی و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەکان دەدەن، بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵناسەکان دەگەن. هەردوویان

توێژینەوە لە ئۆرگان و ڕێکخراوە ئایینییەکان لەو ڕوانگەیەوە بە گرنگ و پێویست دەزانن، کە ئەم کارە هاوبەشانە لەلایەن گرووپ، یان کۆمەڵگەیەکەوە بە هاوبەشی باوەڕی پێ دەهێنرێت و کاری پێ دەکرێت. ئەم باوەڕ و کارە هاوبەشەیە، کە کۆمەڵناس و مرۆڤناسەکان ناچار دەکات توێژینەوە لەبارەی واقیعییەتە ئایینییەکان بکەن.

لە دەقەکانی مرۆڤناسی کولتووری، لێکۆڵینەوە لە سیستمی باوەڕ و ئایدۆلۆژییەکان بە ناچاری وەک بەشێک لە لێکۆڵینەوەی کولتووری لەقەڵەم دەدەن، بۆ نموونە:

"... ئایدۆلۆژیا ئاماژەیە بۆ دەزگایەکی کەم تا زۆر ڕێکخراوی باوەڕ و بەها هاوبەشەکانی نێوان ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی... بەو واتایەی هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژیایەکی هەیە .... (لەبەر ئەوە) ئامانجی ئێمە بریتی دەبێت لە لێکۆڵینەوە لە جۆراوجۆری سیستمە ئایدۆلۆژییەکان لە کۆمەڵگەکاندا بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە پەیوەندییەکانی نێوان ئایدۆلۆژیا و ڕووکارە کولتوورییەکانی دیکە بناسرێن".

مرۆڤناسەکان پێیانوایە ئایین خاوەنی کارایی تایبەتە. لەم ڕووەوە لەدەستدانی دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە مانەوەی کۆمەڵگە و لەبەر ئەو هۆکارەش بووە، کە هیچ کاتێک نەمانتوانیوە باس لە کۆمەڵگەیەک بکەین کە تێیدا ئایین بوونی نەبووە.

لە هەندێک لێکدانەوەدا لەگەڵ دیاریکردنی ئایین و سیستمی باوەڕ وەک ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی، ئاماژەیان بە چوار کارایی کۆمەڵایەتی و بنچینەیی ئایین کردووە:

١. یەکگرتوویی سۆزداری
٢. دووبارە ئافراندنەوەی کولتووری
٣. واتاسازی
٤. یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی

بەشێوەیەکی گشتی چەمک و باوەڕە ئایینییەکان کارایی کولتووری و کۆمەڵایەتی گرنگییان تایبەت کردووە بە خۆیان و بەردەوام بوونە هۆی سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵناس و مرۆڤناسەکان.

**کۆمەڵناسیی ئایین لە تەرازووی مێژوودا**

لە پانتایی گەشەی مێژووی نوێی کۆمەڵناسیدا، کە لە سەدەی نۆزدەوە دەستی پێ کرد، کۆمەڵناسی ئایین لە ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤیستییەوە لە بەرهەمەکانی کانت و دورکایم و لەگەڵ کەمێک جیاوازی لە بەرهەمەکانی مارکسدا جێگەی خۆی گرت. دوای ماوەیەک دیبەر لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە ئەم لقەی کۆمەڵناسی لە پانتایی واقیعی نزیکتر کردەوە. بەمشێوەیە ڕیزبەندی کۆمەڵناسی ئایین لە ڕۆژئاوا لە قاڵبی سێ تێڕوانینی تەواو جیاوازدا گەشەی کرد:

١. **تێڕوانینی پۆزەتیڤیستی:** ئەم تێڕوانینە کە بە تایبەتی لەگەڵ بیروڕاکانی دورکایم

خێراتر بوو، بە بیرکردنەوە لە دانانی کۆمەڵگە لە جیاتی خوا، کە ناسێنەری ئەندێشەی سێهەمین قۆناغی کانتی بوو، بە بەدنیایی دانانی ئایین لە سەردەمی نوێدا، هەوڵی ڕاگەیاندنی ئەو خاڵەی دا، کە لە سەردەمی پۆزەتیڤیزمدا، بواری ئەپستمۆلۆجی و قەڵەمڕەوی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی ئایین دەبێت سنووردار بێت لە پیرۆزی و ناپیرۆزییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان، نەک تیشک بخاتە سەر بابەتی ئیلاهی.

**٢. تێڕوانینی جێ مشتومڕ- پۆزەتیڤیستی:** ئەم تێڕوانینانە کە بە هۆی هەندێک لێبوردەیی و غەفڵەتەکانی مارکس لە هیگڵ دوورکەوتەوە، لە یەک بیرکردنەوەدا لەگەڵ پۆزەتیڤیستەکان هاوڕا بوو، کە دوا قۆناغی گەشە لە زنجیرەی گەشەی مێژوویی بەرهەمهێنان، پێدراوێکە کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ڕوودەدات و ئەو باوەڕەی بەهێز دەکرد، کە سەرجەم پێدراو، ئیمتیاز و پێوەرەکانی گەشە دەبێت بە شێوازی بەرهەمهێنان، یان بەزمانێکی گشتی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی - ئابووری کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا بدۆزرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی کۆمەڵناسی ئایین ئەوە بوو، کە لە سەردەمی پۆزەتیڤیستی کانتیدا ئەندێشەی خودئاگایی چینایەتی خۆی بکاتە جێگرەوەی ئەندێشەی خوا، یان هەر جۆرێک ڕووکاری ئایینەکان وەک سەرخان، کە پاساودەری پەیوەندی بەرهەم بوو.

**ئەو کۆمەڵگانەی زێدی ئایینە خواییەکان بوون، لە کۆمەڵناسی ئایین و کۆمەڵناسی ئایینی دواکەوتوون و بەرامبەرهەردووویان غافڵ بوون**

**٣. تێڕوانینی شیکاری:** ئەم ڕوانگەیە لەلایەن ویبەر دەستی پێ کرد و لە کارەکانی فینۆمۆنۆلیجیستە ئەڵمانییەکان و شیکەرەوە ئەمریکاییەکاندا درێژەی پێدرا و پەرەی سەند و ڕێگەی نوێی بۆ ڕێڕەوی گەشەی ئەم لقەی زانستی کۆمەڵناسی کردەوە. ویبەر لە تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە، هەر چەندە لە هەندێک باردا کەوتە ژێر کاریگەری ناهاوسەنگی نیگەرانییەکانی پۆزەتیڤیزم، هەوڵی جێگرتنەوەی ڕەوایی ئایینی خوایی و باوەڕە ئایینییەکانی بە ڕەوایی عەقڵانی - یاسایی دا، بەڵام لە لێکدانەوەی ڕەفتاری گرووپەکان، کولتووری، ئۆرگان و ڕێکخراوە ئایینییەکاندا هەوڵی تایبەتی دا و بنەمای تێگەیشتنی خۆی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵناسی ئایین و کاریگەری ئەندێشەی ئایینی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، لەوانە شێوازی بەرهەمهێنان، پێکهاتەی چینایەتی،

پێگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان و نموونەی رێکخراوەیی دامەزراند. لەسەر ئەو بنەمایە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی لە بواری کۆمەڵناسیدا، کتێبی ناسراوی ئەو بە ناوی (ئەخلاقی پرۆتستانتی و رۆحی سەرمایەداری) هاتەبوون. نموونەی درێژکراوەی رێگەی ویبەر لە کۆمەڵناسی ئایینی (شێلێر) کە کەمێک لە کۆمەڵناسی ئایین دوورکەوتەوە و نموونەی ئەمریکایی ئەو دەتوانین لە کارەکانی (مید) و خوێندکارەکانیدا بە تایبەتی (بلومەر) ببینرێن.

گرنگترین تەوەرێک کە خوێندکارەکانی لەم بوارەدا لێکیاندایەوە، شیکاری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای بابەتە ناسراوە سیانییەکانی بلومەر-ە. توێژینەوەکانی خوێندکاران و پەیڕەوانی رێگەی شیکاری لە کۆمەڵناسی ئایینیدا تا ساڵانی حەفتا لە ئەمریکا لەسەر تەوەری کاریگەری ئایین لەسەر چینایەتی و ئاراستەی پیشەکان بە هۆکاری تایبەتی ئەمریکایی بەردەوام بوو.

## کۆمەڵناسی ئایینی

کۆمەڵناسی ئایین هەوڵی دەدا بابەتە ئایینییەکانی وەک بابەتی دەرەکی لێکبداتەوە و بە بەکارهێنانی شێوازی زانستی هەوڵی روونکردنەوەیان بدات. بەڵام کۆمەڵناسی ئایینی هەوڵ دەدات بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، نەک تەنیا ئایینییەکان، بە بەکارهێنانی شێوازی زانستی، بەڵام لە قاڵبی قوتابخانەیەکی تاتیبەتیدا هەڵبسەنگێنێت، رەخنەی لێبگرێت، لێکبداتەوە.

**هیچ کۆمەڵگەیەک نییە تێیدا ئایین نەبێت و هیچ ئایینێکیش نادۆزرێتەوە کاریگەری لەسەررەفتاری گرووپ و یاسا کۆمەڵایەتییەکان نەبێت**

قوتابخانەکانی کۆمەڵناسی هاوشێوەی لقەکانی تری زانستی مرۆیی، بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەر بنەمای گرووپێک لە باوەڕە ئایینی و گریمانە سەلمێنراوەکان دروست دەبن. هەرچەندە ئەو باوەڕانە لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناساندا بەردەوام لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت و کۆنترۆڵ دەکرێن، بەڵام سێبەری قوورس و هەمیشەیی ئەوان بەسەر لێکۆڵینەوەکاندا دەبینرێت. ئەو گرووپە لە باوەڕ، یان چەمکانە، لە ژێر ناوەکانی (گریمانە، بنەمای دانراو، گریمانەی سەلمێنراو) دەناسێنرێن.

لە قوتابخانەی فەندەمێنتالیستەکاندا، کۆمەڵگە وەک کۆمەڵێک بەشی بەیەکەوە گرێدراو گریمانە دەکرێت، کە تێیدا هیچ بەشێک بە جیا لە گشت ناتوانرێت لێی تێبگەیت.

بەڵگەنەویستە کە ئەم گریمانەیە

پشت بەستووە بە کۆمەڵێک بنەما، کە فەندەمێتالیستە لایەنگرەکانی یەکگرتوویی لە تیۆری بەکۆمەڵ و تێڕوانینە ئۆرگانییەکان کە لە سەدەی نۆزدەدا بیری بیرمەندانی پێکدەهێنا، بەو دەرەنجامە گەیشتوون. ئەم بنەما دانراوانە کە لە قوتابخانەی فەندەمێنتالیستەکاندا بە بەڵگە نەویست و سەلمێنراو گریمانە دەکرێن و لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵگە بە یەک گشتی تەندروست دەبینێت، کە هیچ کاتێک لە ڕێگەی تاقیکاری و ئەزموونییەوە نەسەلمێنراون، بەڵکو دژی قوتابخانەکانی دیکەشن. بۆ نموونە قوتابخانە دژەکان پێچەوانەی ئەم گریمانانەیان بەلاوە ڕاستە، بەڵام لەو قوتابخانە دژانەشدا ئەو بنەمایانە بەشێوازی تاقیکردنەوە، ئەزموون نەکراون.

لە قوتابخانە دژەکاندا پرۆسەی کۆمەڵایەتی نەک لە فۆڕمی هاوکاری گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو وەک دەستدرێژیکردنی مرۆڤ لەبەرچاو گیراون.

لە ئەنجامدا سەرجەم قوتابخانەکانی کۆمەڵناسی بە ناچاری هەندێک بنەما و گریمانە بە بەڵگەنەویست و بنەمای تێڕوانینی تیۆری و توێژینەوە ئەزموونی و پراکتیکییەکان دادەنێن.

## کۆمەڵناسیی ئیسلامی

هەر کاتێک مەبەستی کۆمەڵناسانی ئایینمان لە سەدەی نۆزدەدا بیر بێتەوە کە هەوڵیان دەدا ئاگایی چینایەتی، یان سیستمی عەقڵانی - یاسایی لە جیاتی خوا و قوتابخانە ئیلاهییەکان دابنێن، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە قوتابخانەکانی کۆمەڵناسیدا کە ئەم کۆمەڵناسانە لە بیرکردنەوەیاندا بووە، واتا ئایین لە پێگەی ئایینی کۆمەڵایەتی، هەموویان ناچاربوون باوەڕیان بە جۆرێک لە کۆمەڵناسیی ئایین هەبێت. بەو واتایەی کە کۆمەڵناسیی دۆرکایم لە گەڕانیدا لە بارەی ئایین، هەرچەندە چەمکی ئیلاهی ئایین ڕەت دەکاتەوە، بەڵام دووبارە بە جۆرێک لە کۆمەڵناسیی ئایین دەگات، کە خوا لە ئۆرگانی ئاییندا، نەک بوونێکی بان سروشتی، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵگە گونجاو بووە. لەم چوارچێوەیەدا مارکس و ویبەر بە شێوازی تایبەتی خۆیان، جێگرەوەیەکی گونجاویان دۆزیەوە.

مارکس لە واتای کۆمەڵناسیی ئایینی خۆیدا پێی وابوو، کە بابەتەکانی کۆمەڵناسی هەموویان لە ژێر کۆنترۆڵی خوای سەرمایەداری، یان کولتووری سەرخانن و گرنگترین فۆڕمەکانی کۆمەڵگەش، ئەم گرێدراوی چینایەتییە بووە. مارکس ئومێدی وابوو لە کۆتا سەردەمی سیستمی چینایەتی، یان ئاسۆی نوێی کۆمەڵگەی دیموکراسی، مێژووی مرۆڤایەتی لە خوای بە دنیایی بوو و ئازاد لە کۆتوبەندی چینایەتی، بۆ فۆڕمی ئاگایی چینایەتی گەشە بکات.

کەواتە پێویستە دوو چەمکی بنچینەیی

لە کۆمەڵناسیی ئایینی ڕۆژئاوادا پێناسە بکرێنەوە:

١. کۆمەڵناسیی ئایینی سەدەی نۆزدە کە تایبەتە بە ئایینە ئەفسانەییەکان، بنەماکانی ئەویش بۆ ئایینە بە دنیایی بووەکان دەگەڕایەوە، کە ئەمڕۆ بە ناوی قوتابخانە جیاجیاکانی کۆمەڵناسی بنەما و گریمانەی ناسراو و بنەمای شیکاری دواتر دادەنێن. ئەم گریمانانەی زانست و فەلسەفە لە هەمان ئەو سەردەمەدا بەرهەم هاتوون.

٢. واتای خوا لەو قوتابخانانەدا بۆ چەمکەکانی وەک کۆمەڵگە، خودئاگایی چینایەتی، یان سیستمی عەقڵانی – یاسایی گۆڕاوە.

ئەم ناساندنەوەیە پیشانی دەدات، کە کۆمەڵناسە ناوبراوەکان، بنەما و گریمانە پێویستەکانی خۆیان لە هەناوی زانست و فەلسەفەی پەسەندکراوی زەمەنی خۆیان دەرهێناوە و خوڵقاندووە.

بەڵام لە کۆمەڵناسیی ئایین، تێگەیشتنی ئایینی ئیلاهی و بە تایبەتی جۆرە ئیسلامییەکەی، کە جێی مەبەستی ئێمەیە، بنەماکان نەک لە زانست و فەلسەفەی پەسەندکراو، بەڵکو لە وتەی خوا و سوننەتی پەیامبەرانی وەردەگیرێت و چەمکی خوا شوێنکەوتەی هیچ جۆرە گۆڕاکارییەک نابێت.

لەبەر ئەوە کۆمەڵناسیی ئیسلامی وەک یەکێک لە لقەکانی کۆمەڵناسیی ئایینی دوو جیاوازی بنچینەیی و بەرجەستەی لەگەڵ کۆمەڵناسیی ئایینی دۆرکایم و مارکس و ویبەر هەیە، یەکەم، لەم قوتابخانەیەدا خوا بە واتای باوی بووننناسانە، بە تەنیا هەبوو، تەنیا پەرستراو دادەنرێت و بەرجەستەبوونی ئەو لە دەق یاساکانی بووندایە، بە تایبەتی وتەی خوا و سوننەتی پەیامبەران و خەلیفەکان و ..... دووەم، بنەماکانیش دەبوو لە هەمان ئەو وتە و سوننەتانەوە وەربگیرێن، نەک بنەماکانی قوتابخانە زانستی، یان فەلسەفییەکان.

**لە قوتابخانەی فەندەمێنتالیستەکاندا، کۆمەڵگە وەک کۆمەڵێک بەشی بەیەکەوە گرێدراو گریمانە دەکرێت، کە تێیدا هیچ بەشێک بە جیا لە گشت ناتوانرێت لێی تێبگەیت**

بەمشێوەیە کۆمەڵناسیی ئیسلامی وەک لقەکانی دیکەی کۆمەڵناسی، لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک بنەما و گریمانەی بەرهەمهێنراوی سیستمی فیکری ئیسلام هەوڵ دەدات بە بەکارهێنانی شێوازە زانستییەکان لە قاڵبی بیری ئیسلامیدا لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگە لە هەموو ئاستەکاندا بکات.

---

**سەرچاوە**

دانشکدە اسلامی/ شمارە اول/ ٩

# گفتوگۆ

ئایینناسی

# د. ئاراس عەبدولکەریم: کولتووری کوردی بایی ئەوەندە کاریگەریی هەیە کە ئەم کۆمەڵگەیە لە توندڕەوی بپارێزێت

سازدانی: ئیدریس سیوەیلی و سالار تاوگۆزی

**توێژەر لە بواری ئایینناسی (د. ئاراس عەبدولکەریم) لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە، باس لە توندڕەویی ئایینی و جۆرو پاڵنەرەکانی و پەیوەندیی نێوان توندڕەوی و کولتوورو پەروەردە دەکات. هەروەها قسە لەسەر سیستمی پێوەری کۆمەڵایەتیی و جیهاد و شوناس لای گروپە توندڕەوەکان و گوتاری ئایینی دەکات. هاوکات چۆنیەتی کردنی ئایین بە هۆکارێك بۆ ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتیی لە هەرێمی کوردستان و جێکەوتەکانی ئایین لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا ڕوون دەکاتەوە.**

**ئایینناسی:** توندڕەویی لە چەند ڕوانگەیەکەوە پێناسە کراوە، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە مەبەست لە توندڕەوی چییە؟

**د. ئاراس عەبدولکەریم:** وای بە باش دەبینم تەنیا لەسەر پێناسەی ئەم چەمکە ڕانەوەستین و زیاتر بە لێکدانەوەوە و بوونیادەکەیدا قووڵ بینەوە. چونکە شرۆڤەی کۆمەڵناسی هەمیشە جەخت لەسەر پرسی (چۆن؟، بۆچی؟) دەکات لە سەرهەڵدانی توندڕەوی لای تاک و گرووپەکان، هەروەها کارلێک و بوونیادی کۆمەڵایەتی چ کاریگەرییەکیان لەسەر دروستبوون و بڵاوبوونەوەی توندڕەوی هەیە. بۆ پێناسەکەش، دیارە پێناسەگەلێکی زۆر بۆ ئەم چەمکە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە کراوە کە دەشێ بڵێین تەواوکەری یەکدین، یان پێکەوە وێنە گەورەکەمان دەخەنە بەر چاو. زۆر بە کورتی دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە، توندڕەوی تەنیا ئاکامێکی پەیوەست بە بیروباوەڕەوە نییە و بەس، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە ئاکامی کارلێکی فاکتەرە کولتووری، ئابووری و سیاسییەکانەوە سەرهەڵدەدات کە

کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەس یان گرووپی توندڕەو جێ دەهێڵێت.

لە نێو زانایانی کۆمەڵناسیدا ئیمیل دۆرکایم بە پێشەنگ دادەنرێت لەم بوارەدا کە توندڕەوی بەستۆتەوە بە دۆخی (ئەنۆمی) کە جۆرێکە لە تێکچوون لە کاتی ڕمانی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە ئاکامدا ڕەفتاری توندڕەوانەی لێ دەکەوێتەوە. پاشان ئەنتۆنی گیدنز توندڕەوی تایبەت دەکات بەو کۆمەڵگانە یان بەو گرووپانەوە کە هەموو چەشنە گۆڕانێک بە ئاڕاستەی نوێخوازی ڕەت دەکەنەوە. هێلبرت بلۆمێریش توندڕەوی دەگێڕێتەوە بۆ کارلێکی ڕەمزیی نێوان ئەو گرووپانەی کە وێنا و مانای شێواویان لەسەر ئەوانی دی هەیە. لای تید گۆریش چەمکی (مەحروومیی ڕێژەیی) دەستێکی باڵای هەیە لە سەرهەڵدانی توندڕەویدا، پاشان لای ئێرڤینگ گۆفمان دەکرێ لە میانەی خۆوێناکردنەوە لە توندڕەوی بگەین، واتە تێگەیشتن لەو ستراتیژە گوتارییەی کە شوناسێکی تایبەت و جیاواز بۆ گرووپێک دیاری دەکات. هەڵبەتە ئەمانە نموونەیەکی کەمی خوێندنەوە و بۆچوونی زانایانی کۆمەڵناسین لەسەر توندڕەوی و چەندینی دیکەی وەک ماکس فیبەر، ڕۆبەرت مێرتن، جەیمس د. داڤیز و واڵتەر ڕۆڵف و چەندانی دیکەی خاوەن تیۆر و بۆچوون لەسەر ئەم بوارە کاریان کردووە و نامەوێ درێژەی زیاتر بەم لایەنە بدەم.

ئەوەی گرنگە کۆی زانایانی کۆمەڵناسی دیاردەی توندڕەوی دەبەستنەوە بە عەقڵییەتی (ڕەها)یانە و شوناسی گرووپ و دابەشکردنی هەموو مانا و بەهاکان لە نێوان دوو بەرەدا: (بەرەی خود= سپی) و (بەرەی ئەوانی دی=ڕەش). بەڵگەنەویستە کە عەقڵیەتی ڕەها بە دیوێکدا بەرهەمی فیکری ڕەهایە و هاوکات بەرهەمهێنی جیهانبینی و وێناکردنی ڕەهایانەشە چ بۆ خود و چ بۆ ئەوانی دی و هەموو بەها و مانا و دەلالەتەکان. بۆیە فرەیی هیچ شوێنێکی لە جوگرافیای توندڕەویدا نییە. ئەوەی هەیە دوالیزمی (خێر و ڕەش)، (بەهەشت و دۆزەخ)، (دار السلام و دار الحرب)، (باوەڕدار و بێ باوەڕ) و (حەقیقەت و جەهالەت)ە، ئاستی باڵای توندڕەویی ئایینی ئەو شوێنەیە کە چەمکی (مەرجەعی حەقیقەت) تێیدا سەرهەڵدەدات، بەڵکو (تاکە مەرجەعی حەقیقەت)، چونکە بیرمان نەچێ توندڕەوی ئایینی دەشێ هاوباوەڕی ئایینی و هاومەزهەبی خۆیشی ڕەت بکاتەوە و ئەوانیش بە بەرەی جەهل بسپێرێت.

لە پشت توندڕەوی ئایینییەوە هەمیشە تارمایی (پیرۆزی = المقدس) هەژموونێکی فرە ڕەهەندی هەیە، هیچ بیرێکی توندڕەوی نییە پیرۆزییەک لە سەرەوە قورمیشی نەکردبێ. هاوکات چەمکی (ئێمە)، نەک

من، ئامادەبوونێکی هەمیشەیی لە نێو گوتاری توندڕەویدا هەیە و تاکگەرایی نەک بوونی نییە و بەس، بەڵکو مەترسییەکە لەسەر بڕواداران کە بەرەو هەڵدێری بێ باوەڕی بیانبات. لێرەوە دەتوانین بڵێین بە بێ هەبوونی زەمینەی گرووپ (الجماعة)، توندڕەوی ناتوانێ بە پێوە ڕابوەستێ. ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە وابەستبوون بە (دەق)ەوە لای توندڕەو وابەستبوونێکی ئاساییانەی دیندارێک نییە بە کتێبە پیرۆزەکەیەوە، هێندەی وابەستبوونێتی بە تەفسیر و لێکدانەوەیەکی دیاریکراوەوە، جیاواز لە تەفسیرەکانی دی کە بۆ هەمان دەق کراون، دیارە ئەمیان بە بارێکدا تەفسیرێکی ڕاستەوخۆی حەرفییە و لێکدانەوەیەکە بە زهنییەتی ڕەها، بە هەمان شێوەش بۆ فەرموودە و خوێندنەوەی مێژووی ئایینەکە و شوناسی هاوەڵان و کۆمەڵگەی باوەڕداران، لەمەی دواییشیانەوە ئەوەی ڕوو دەدات بەراوردکردنی مێژووی ئەو سەردەمە (زێڕینە)یە بە ئێستای ناجۆر و لەوێشەوە بەراوردکردنی کۆمەڵگەی باوەڕدارانی ئەو سەردەمەیە بە کۆمەڵگەکەی ئێستای خۆی، وەک سەید قوتب بە سەردەمی (جاهیلیی دووەم) ناوزەندی کردووە؛ بۆیە بە بڕوای من تاکی توندڕەو هەمیشە جۆرێک لە هەستی نامۆیی (إغتراب) هەیە بە سەردەمەکەی و کۆمەڵگەکەی، مەگەر لە نێو (جەماعەت)ی ئەهلی ئیماندا هەست بە ئارامی بکات.

هەموو ئەمانەش بە سووڕێکی پەروەردەیی تایبەتدا وردە وردە و قۆناغ بە قۆناغ لە زەین و قەناعەتی تاکەکاندا دەچێنرێن، هەر لە تەفسیر و لێکدانەوەی دەق و فەرموودەوە تا مێژووی ئایینەکە لە سەرگوزشتەی ژیانی پەیامبەر و هاوەڵان و باوەڕداران بە گشتی و ڕووداوە مێژووییەکان و ...هتد.

**ئایینناسی:** سیستمی پێوەری کۆمەڵایەتیی لای گرووپە توندڕەوەکان چییە ؟

**د. ئاراس عەبدولکەریم:** سیستمی پێوەری کۆمەڵایەتی لای گرووپی توندڕەوی ئایینی کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپن کە ڕەفتاری تاکەکانیان دیاری دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە نێو خودی گرووپەکە و لەگەڵ ئەوانی دیدا. ئەم سیستمە شێوازی کارلێکی کۆمەڵایەتیی ئەو تاکانە و کاری کۆیان (جماعي) لە میانەی وێناکردنێکی ئایینی دیاریکراوەوە دیاری دەکات، کە ئامانجەکەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای ئەو بیروباوەڕ و جیهانبینییەی کە بە تاکە حەقیقەتی ڕەهای دەزانن.

لە گرنگترین ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەو سیستمە پێوەرییەش:

١. **شوناسی گرووپ (جەماعەت)** و

**یەکانگیریی بەهێزی ناوخۆیی گرووپەکە.** گرنگە گرووپی توندڕەو شوناسی تایبەت و جیاوازی خۆی هەبێت، ئەمە پەیوەستبوونی تاکەکان بە گرووپەوە بەهێز دەکات. زمان و شێوازی گوفتار و بەکارهێنانی چەمکی تایبەت (زیاتر ئایینی)، پۆشاک و سەروسیما زۆر جار بۆ دەربڕینی ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییەی گرووپ بەکار دەبرێن.

**٢. دابەشکردنی جیهان بەسەر دووبەرەی (باوەڕداران) و (بێ باوەڕان)دا،** لە وەڵامی پێشوودا قسەم لەسەر ئەم لایەنە کرد. ئەوە ماوە بڵێم لە نێو ئەو دابەشکردنەدا، هەمیشە وردە دابەشکردنی دیکە هەیە، بۆ نموونە چەمکی (منافق، فاسق) لە ئایینی ئیسلامدا لەو چەمکانەن کە پەیوەستن بە دابەشکردنی گرووپە باوەڕدارەکان خۆیانەوە، ئەمەش هەمیشە فیکری ئیسلامی بە درێژایی مێژوو تووشی قەیرانی گەورە کردووە، چونکە ئاڕاستەی توندڕەوی زیاتر بەرەو هەڵکشان بردووە تا سەرهەڵدانی چەمکی (الفرقة الناجية) کە زادەی قەناعەتی ئەو گرووپانەیە کە هەموو گرووپەکانی دی هاوئایینی خۆیان بە لادەر دەبینن و خۆیان بە خاوەنی تاکە مەرجەعی حەقیقەتی پیرۆز دەبینن.

**٣. پێوەرە ئایینییە تایبەتەکانی خۆیان بۆ مامەڵەکردن و کارلێک لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوەی گرووپەکەن:** ئەمە تەنیا بە ئەنجامگەیاندنی فەرز و سوننەتە ئایینییەکان ناگەیەنێت، واتە تەنیا پۆلێنکردنی تاک و گرووپەکانی دی نییە کە داخۆ باوەڕدارن یان کافر؛ بەڵکو تایبەتیش دەبێت بە تاک و گرووپە ئیماندارەکانەوە و پەل دەکێشێت بۆ سرووتە ئایینییەکان و شێوازی بەجێگەیاندنی فەرزەکان. لێرەدا چەمکی (بیدعە) یەکێکە لەو چەمکانەی لای توندڕەوەکان هەمیشە بازاڕێکی گەرمی هەیە و بۆ ڕەتکردنەوەی تاک و گرووپەکانی دی زۆر بەکاری دێنن. تەنانەت دیاریکردنی مزگەوت و ئیمام و گوتاربێژانیش لە نوێژەکانی مزگەوت و نوێژی هەینیدا.

٤. نەریتی گوێڕایەڵی و دیسپلین: گرووپی توندڕەو هەمیشە بە تەونێکی بەهێز لە دیسپلین تەنراوە و تاکەکانی پێوە گرێ دراون، هاوکات گوێڕایەڵیی هەر تاکێک بە شێوەیەکی ڕەها بۆ (ئەمر و نەهی)ی جەماعەت، مەرجێکی سەرەکییە. دیارە ئەمر و نەهییەکە لە ئاکامدا دەبێتە ئەمر و نەهیی تاکە کەسێک لە سەروو هەمووانەوە کە زۆر جار بە (ئەمیر) دەناسرێت، ئەمر و نەهییەک کە هەمیشە شەرعییەتێکی تەواوی ئایینی بەخۆی بەخشیوە و بگرە دەقاودەق یەکسان دەبێت بە ئەمر و نەهیی خودا،

لێرەوە دەشێ لەوە تێبگەین کە لە نێو گرووپی توندڕەوی ئایینیدا هەمیشە (پیشەسازیی ڕەمزی ئایینی) لە بەرەودا بووە.

**٥. هاوکاری و خۆشەویستیی نێوخۆیی:** ئەم بابەتە زەمینەی لەبار دەڕەخسێنێ بۆ پتەویی پەیوەندیی نێوخۆیی و وابەستبوونی تاکەکان بە یەکدی و جەماعەتەوە کە هەستێکی ئەرێنی لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی گرووپدا چێ دەکات، بە جۆرێک کە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵگە و تاکەکان هەست بکەن کە کۆمەڵگەی ڕاستەقینەیان تەنیا گرووپەکەیە و بەس؛ هەر بۆیە بەرامبەر بەم هاوکاری و هەستی خۆشەویستییە، بۆ دەرەوەی گرووپ دەبێ تەواو پێچەوانەکەی ڕەفتار بکەن.

**٦. ئامادەگیی گیانفیدایی:** ئەم بابەتە لە نێو گرووپی توندڕەودا یەکێکە لە بەها سەرەکییەکان، ئامادەبوونی تاکەکان بۆ گیانفیداکردن لە پێناو ئامانجی گرووپەکەدا (کە هەمیشە ئامانجێکی پیرۆزە) باڵاترین پێوەری کۆمەڵایەتییە بۆ تاکەکان لە نێو ئەو سیستەمەدا کە لای گرووپە توندڕەوەکان پێڕەو دەکرێت.

**٧. توندوتیژی:** لای گرووپی توندڕەو توندوتیژی بابەتێکی ڕێگە پێدراوە، بەڵکو زۆر جار دەبێتە واجبێکی شەرعی، ئەمەش لەو باوەڕەوە کە ئامانجەکەیان پیرۆزە و مەبەستێکی ئایینییە و لە پێناو ڕەزامەندیی خواوەنددایە کە (هەر دەبێ لە بەرژەوەندیی بەندەکانیدا بێت).
جگە لەو چەند خاڵە دیارە خاڵی دیکەش هەن، وەک شوێن و ڕۆڵی ئافرەت لە نێو ئەو گرووپانەدا کە تەواو جیاواز و تایبەتە و ناکرێ هیچ ڕۆڵێکی سەرکردایەتییان پێ بدرێت و زیاتر بە ئاراستەی ڕیکلامکردن بۆ گرووپ لە نێو توێژی ئافرەتدا ڕۆڵ دەبینن.

**لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە، توندڕەوی تەنیا ئاکامێکی پەیوەست بە بیروباوەڕەوە نییە و بەس، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە ئاکامی کارلێکی فاکتەرە کولتووری، ئابووری و سیاسییەکانەوە سەرهەڵدەدات**

**ئایینناسی:** بانگەشەی جیهاد وەك دەستەواژەیەکی کۆمەڵایەتیی و کولتووری چەند ڕۆڵی لە وەبەرهێنانی توندڕەویدا هەیە ؟
**د. ئاراس عەبدولکەریم:** چەمکی (جیهاد) لە سیاقی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا زۆر جار مانا ئایینییەکەی تێدەپەڕێنێت،

چونکە تێکەڵ بە بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگە دەبێت؛ بۆیە دەکرێ بەر لەوەی جیهاد وەک چەمکێکی ئایینیی پەتی بناسین، وەک دەلالەتێکی کولتووری و کۆمەڵایەتیش تێبگەین. بۆ نموونە: جیهاد وەک دەلالەتێک بۆ بەرگری لە ناسنامە، وەک ئامرازێک بۆ یەکانگیریی کۆمەڵایەتی، وەک چوارچێوەیەک بۆ بەدیهێنانی دادوەریی کۆمەڵایەتی، وەک ڕەمزێک بۆ هێزی ئایینی و ڕۆحی و جیهاد وەک بەهایەکی ئەخلاقی.

هەموو ئەو ڕەهەندە کولتووری و کۆمەڵایەتییانە کە بە گشتی دەچنە نێو سیستمی بەهایی کۆمەڵگەوە، بۆ خۆیان لە دەرەوەی ئایین شەرعیەتی کولتووری و ئەخلاقی دەبەخشنە توندڕەوی تا ڕاددەی بەکارهێنانی توندوتیژی. لێرەوە دەبینین لای گرووپی توندڕەوی ئایینی شتێک لە مێژووی ئایینەکەیاندا نییە بە ناوی (غەزا)ی باوەڕداران، بەڵکو غەزا ڕەفتاری بێ باوەڕان بووە و ئەوەی باوەڕداران کردوویانە (جیهاد) بووە.

بە ڕاستی چەمکی جیهاد چەمکێکی زۆر هەستیارە و دەمەوێ کەمێک لەسەری بوەستین. لە دەقدا هەمیشە کە وشەی (جیهاد) هاتبێت، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە پێناوی خودا دایە (في سبيل الله)، ئەمە پیرۆزییەکی ڕەها دەبەخشێتە چەمکەکە و هاوکات پێڕەوکەرانی، بۆیە جیهادکاران (المجاهدين) هەمیشە ناسناو و شوناسێکی پیرۆز بووە لای باوەڕداران. بۆیە کردەکەش لای باوەڕداران وەک شەڕکردن و پەلاماردان و کوشتن و تاڵانی لێ نەڕوانراوە، بەڵکو وەک بەجێگەیاندنی ئەرکێکی پیرۆزی ئایینی، یان وەک لە ناونیشانی کتێبەکەی (محمد عبدالسلام فرج) کە ساڵی ١٩٨٢ لەسەر کەیسی تیرۆرکردنی سادات لە سێدارە درا، هاتووە (الجهاد: الفريضة الغائبة)، لە ڕاستیدا بەر لەم کتێبە پشتبەستنێکی فیکری و فیقهی و عەقیدەیی بەو زەقی و یەکلاکردنەوەیە لە ئارادا نەبوو، پێشتر ڕەوتە جیهادییەکان بە پلەی یەکەم پشتیان بە هەندێک ئیجتیهادی سەرکردەکانیان و ڕای هەندێک سەرچاوەی فیقهی و تەفسیر دەبەست وەک فەتوای (ئیبن تەیمییە) لەبارەی تەتارەوە و کتێبی (الإيمان الكبير والصارم المسلول)، تەفسیری (إبن كثير) بۆ ئایەتی (أبحكم الجاهلية يبغون) و بۆچوونەکانی لە (البداية والنهاية)دا سەبارەت بە تەتارەکان و حوکمڕانییان. هەروەها تەفسیری (سید قطب) بۆ ئایەتەکانی تایبەت بە حوکمڕانی و سیاسەت وەک ئایەتی (إن الحكم إلا لله)

ئەگەرچی کتێبی (المصطلحات الأربعة)ی (أبو الأعلى المودودي)ی دامەزرێنەری (الجماعة الاسلامية) لە ١٩٤١ لە پاکستانی ئێستا بە دایکی سەرچاوە و مەرجەعی فیکریی گرووپە ئیسلامییە

توندڕەوەکان دادەنرێت، بە تایبەت لێکدانەوەکانی بۆ هەر چوار چەمکی (الإله، الرب، العبادة، الدین)، کە (حسن البنا)ی دامەزرێنەری (الاخوان المسلمون) لە میسر زۆر سەرسام بووە پێی، هەروەها سەیدقوتب و لە کوردستانیش ئەو جۆرە لێکدانەوەیە لە هەندێک جێ کتێبی (پوختەیەک دەربارەی ئیسلام) و (ئیسلام و ڕێچکان)ی مامۆستا عەلی باپیردا ڕەنگیان داوەتەوە کە ساڵانی هەشتاکان چاپ کرابوون.

## کۆی زانایانی کۆمەڵناسی دیاردەی توندڕەوی دەبەستنەوە بە عەقڵییەتی (ڕەها)یانە و شوناسی گرووپ و دابەشکردنی هەموو مانا و بەهاکان لە نێوان دوو بەرەدا: (بەرەی خود= سپی) و (بەرەی ئەوانی دی= ڕەش)

لە هەموو بارێکدا، مانەوەی ئەم چەمکە بەو زیندووییەی تا ئێستا، لای من نامۆبوونێکی گشتگیری فیکری توندڕەوییە بە سەرجەم سەردەم و شوێن و کۆمەڵگەکان. بیریشمان نەچێت زۆر جار ئەم چەمکە لە دەرەوەی توندڕەوانی ئایینی بەکارهێنراوە و وەبەرهێنانی سیاسی پێوە کراوە، بۆ نموونە لای سەدام حسەین لە جەنگەکانیدا، لای جەمال عەبدولناسر و ساداتیش.

سیحری ئەم چەمکە هەر لە توانای تەیارکردنی جەنگاوەراندا نییە و بەس، بەڵکو لە پیرۆزکردنی خودی شەڕ و کوشتار و تاڵانکردندایە، بە جۆرێک کە کوشتن و بەتاڵانبردنی ئافرەت، منداڵ و سامانی ئەوانی دی دەبنە ڕەفتارێکی پڕ لە بەها و جوانی و ڕەوشتبەرزی!

**ئایینناسی:** چ کات ئایین دەبێتە پاڵنەری توندڕەوی و دروستکردنی تاکی توندوتیژ؟

**د. ئاراس عەبدولکەریم:** بە بڕوای من، هەموو ئایینێک دەشێ ببێتە پاڵنەری توندڕەوی و بەرهەمهێنانی تاکی توندوتیژ، ئەگەر:

-خۆی بە تاکە مەرجەعی حەقیقەت ناسی.

-پلەبەندیی بۆ ئایین و بیروباوەڕەکان دانا و خۆی لە ترۆپکدا ڕیزبەند کرد.

-خۆی بە ئەڵتەرناتیڤی هەموو ئایینەکانی دی بزانێت.

-هەموو ئایین و باوەڕەکانی دیکە، بە ڕەهایی بێت یان ڕێژەیی، بە لادەر، شێوێنراو، ناکامڵ و جێگەی گومان بزانێت.

-هەموو ڕەمزە ئایینییەکانی خۆی، ئەوانەی مرۆیین، بە پیرۆز بناسێ و لە سەروو هەموو ڕەخنە و گومانێکەوە بن.

-بە هەمان شێوەی خاڵی پێشوو، بۆ

هەموو ڕووداوە مێژووییەکانی ئایینەکە.
-تاکە ڕێگەی گەیشتن بە خودا تەنیا لە خۆیدا ببینێت و هیچ ڕێگەیەکی دیکە بە شیاو نەزانێت کە بۆ هەمان ئامانج بێت.
-هەموو ئەحکامەکانی ئایینەکە بە ڕەهایی بۆ هەموو سەردەم و شوێنێک گونجاوە.
-هەموو حوکمە شەرعی و فیقهییەکانی ئایینەکە نەگۆڕن و هیچ گۆڕاوێکی زەمەنی و شوێن پاساو نین بۆ زیاد و کەمکردن لێیان.
-جیاوازیی ئەوانی دی وەک هەڵەیەک لەواندا ببینێت کە ڕاستکردنەوەی بریتییە لە گۆڕینی ئەوان لەسەر مۆدێلی خۆی.
-هەر هاوڕایی و هاوبەشییەک لە خاڵێکدا هەبێت لەگەڵ ئایینێکی دیکەدا، نایگێڕێتەوە بۆ دروستیی ئەو ئایینەی دیکەش، بەڵکو وەک بەڵگەیەک دەیبینێت بۆ ڕاستییەکەی خۆی و هیچی دی.

**ئایینناسی:** ئەگەر قسە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بکەین، جێکەوتەکانی ئایین بە تایبەت ئیسلام لە چیدا پایەی خۆی ڕەنگڕێژکردووە؟

**د. ئاراس عەبدولکەریم:** ئایین لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا جێکەوتەی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کولتوور و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی وەک بوونیاد و سیستمی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کۆنترۆڵ و یەکانگیریی کۆمەڵایەتی و ...هتد، هەروەها لەسەر دۆکتەراین و ئەو چوارچێوە فیکرییە کە شێوازی بیرکردنەوە و جیهانبینیی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات. دەشێ بەشێک لەو جێکەوتانە ئەرێنی بن و بەشێکیشیان نەرێنی. سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێمە، کاریگەریی ئایینی ئیسلام بەدەر نییە لەوەی لەسەرەتادا گوتم. لێرەدا و سەبارەت بە بۆچوون و قەناعەتی خۆم دەبێ بەر لە ئێوە لەگەڵ خۆمدا ڕاشکاو و ڕاستگۆ بم؛ بۆیە بە ڕای من، وەک مێژووی ئایینی ئیسلام پێمان دەڵێ، ئەم ئایینە بە (فتوحات) چووبێتە هەر شوێنێکی دونیا، بۆ ئەوە نەچووە کە دواتر لێی بکشێتەوە، بەڵکو وەک هەر ئیمپراتۆرییەکی سەردەمەکەی بۆ مانەوەی هەمیشەیی بووە، لێرەوە کارێک کە هەمیشە لە کارە لەپێشینەکانی بووە، چەسپاندنی باوەڕی ئایینەکە و شەریعەتەکەی بووە لە نێو کۆمەڵگە تازە بەئیسلامبووەکاندا، لەگەڵ بە مۆدێلکردنی سیستمی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆی، واتە پێڕەوکردنی کولتووری خۆی لە نێو ئەو گەلانەدا، دیارە ئەمەش بە بێ هەوڵی سڕینەوەی ڕێژەییانە و قۆناغ بە قۆناغی کولتووری ئەو گەلانە نەبووە، بێگومان کولتووری ئەو گەلانەش هەوڵ و تەنانەت توانای خۆڕاگری و مانەوەیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەبووە. لێرەوە

دێمە سەر مەبەستی سەرەکیم تا بڵێم، ئەگەر کولتوور و سیستمی بەهایی کۆمەڵگەکەمان توانای خۆڕاگری و مانەوەی ڕێژەیی نەبایە، ئێستا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دینداریی موسوڵمانانی کورد و عەرەبدا -بۆ نموونە- نەدەبوو. مەبەستم لە دینداریی میللییە، نەک گرووپگەرایی و ئیسلامی سیاسی کە ئەوانە کۆپیی هاوشێوەکانیانن لە هەر شوێنێکی دونیادا بن. بە گشتی دینداریی کوردی، نزیکە لە شێوازی سۆفیگەرانە، واتە پەیوەندییەکی ڕۆحیی تاکەکانە لەگەڵ خودا، ئەمەش بە گشتی شێوازی ئایینزای میترایی و زەردەشتییەکانە. لە نموونەی توانای بەرگریی ئەم کەلتوورە شوێن و پێگەی ژنە لای موسوڵمانی کورد بە شێوەیەکی جیاواز لای موسوڵمانی عەرەب بەڵکو جیاواز لای خودی نەگۆڕەکانی ئایینەکە کە ناکرێ پێگەی حوکمڕانی و ئەمیری بدرێتە ئافرەت، بەڵام ئێمە لە نێو کۆمەڵگەی کوردی موسوڵماندا (عادیلە خاتوون، خانزادی سۆران و مەستوورەی ئەردەڵان) مان هەن کە ئەمە بە پێی شەریعەتی ئیسلام ڕێگەپێدراو نییە. هاوکات ئەم دیندارییە ڕێگر نەبووە لە قبووڵکردنی ئایین و ئایینزای دیکەی جیاواز، نازانم پێشتر چەشنە ڕەفتارێکی ناجۆر دەرهەق بە ئایینزای دیکە لە لایەن کوردەوە هەبووە یان نا، بەڵام ڕاستییەکی تاڵ هەیە کە دەزانین لەم کوردستانەی خۆماندا و لە لایەن کوردی موسوڵمانەوە ڕەفتاری وەک ئازاردان و سووکایەتیپێکردنی جووەکان لەم شوێن و ئەو شوێنی کوردستان و ئازاردان و تەنانەت کوشتن و هەوڵدان بۆ قڕکردنی ئێزدییان لە لایەن کوردەوە، بابەتی ئەرمەنەکانیش لەولاوە بوەستێت. پێویستیمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەر لە موسوڵمانبوونی کورد تا بزانین ئایا پێشتر ڕەفتاری ئەوها شەڕانگێزانە و نامرۆییمان دەرهەق بە پێکهاتەی ئایینی دیکە لەسەر شوناسە ئایینییەکەیان کردووە، یان نا؟ تا بزانین ئەوە هۆکارەکەی باوەڕ و کولتووری ئایینی ئیسلام بووە یان نا.

## سیستمی پێوەری کۆمەڵایەتی لای گرووپی توندڕەوی ئایینی کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپن کە ڕەفتاری تاکەکانیان دیاری دەکات

بە گشتی سیستمی ئەخلاقیی ئایینەکان بە جۆرێک لێکدی نزیکن کە لە هێڵە گشتییەکانی پەیوەست بەم سیستمە لە سیاقی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هێڵێکی گشتی و سەرەکیی هاوبەشیان هەیە، بۆیە لە بابەتە مۆراڵییە مرۆییەکاندا، شتێکی

ئەوتۆ لە سڕینەوە و جێگرتنەوە ڕوو نادات، بە دەگمەن نەبێت. ئەوەی وا دەکات سڕینەوە و جێگرتنەوەی لابراوەکان بە هی دیکەی نوێ بێتە ئاراوە، ئەو جیهانبینییەیە کە سەرکردە ئایینی و فەرمانڕەواکان پیادەی دەکەن. هاوکات بەو حوکمەی کە بە موسڵمانکردنی کورد واتە بەستنەوەی کۆمەڵگەکە بە ئوممەتی ئیسلامەوە، لێرەوە شوناسەکە بووە شوناسێکی تەواو ئایینی، یان لانیکەم نەتەوەیی-ئایینی، زیاد لە فاکتەرێکیش هەبوون کە ببنە بەهێزکردنی هەست و سۆزە ئایینییەکە لەسەر حیسابی هەستی نەتەوەیی لای کورد بە گشتی.

دوا خاڵ قسەی لەسەر بکەم، هەموو کاریگەرییەکی ئەم ئایینە گەر بە نێو تەفسیر و جیهانبینیی توندڕەویدا گوزەری کردبێت، لە شێواندنی کولتوور و بوونیادی کۆمەڵگە و سیستمی مۆراڵی و مرۆیی کورد زیاتر هیچی دیکەی نەکردووە و نایکات.

**ئاییناسی:** لە هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەکانی تریش، چەندین جۆری توندوتیژی لە ڕابردوو ئێستادا هەبووە و دەبینرێت، چ گوتارێکی ئایینی کاریگەری لەسەر ئەمە هەیە و سیماکانی چۆنن؟

**د. ئاراس عەبدولکەریم:** بە گشتی گوتاری ئایینی کاتێک دەبێتە بەرهەمهێن و بڵاوکەرەوەی توندڕەوی کە تێیدا:

-دونیا و مرۆڤەکان بەسەر دوالیزمی (ئیمان و کوفر)دا دابەش بکات، لەو دوالیزمەشدا هەمیشە خود ئەهلی ئیمان و ئەوی دی کافر بێت.

-تێیدا هەموو شتێکی پەیوەست بە ئایینەکەی بە پیرۆز ڕابگیرێن، بە چەشنێک ئەو پیرۆزییە هاوەڵانی پەیامبەر، خەلیفەکان و ئیمامەکانی مەزهەبەکان و تەنانەت ئەهلی فەرموودەش بگرێتەوە و لە سەروو ڕەخنە و گومانەوە بن. بە هەمان شێوە بۆ مێژووی ئایینەکە و کۆمەڵگەی یەکەمین و ڕەمزە پێشینییەکانی ئایینەکە، وەک ئەوەی کۆمەڵگەی فریشتە و مێژوویەکی تەواو ئایدیالی بن.

-تێیدا پیشەسازیی بەرهەمهێنانی دوژمن، ناحەزانی ئایین بازاڕی گەرم بێت، وەک ئەوەی بەردەوام دەبیستین کە گوایە (ئیسلام لە مەترسی دایە)، ئەمە وێناکردنی دۆخێکی دەروونییە بۆ ئامادەبوون بۆ جەنگ و بەرەنگاری، یان بڵێین بۆ جیهاد!

-تێیدا تەفسیرێکی دەقاودەق حەرفی بۆ دەقی پیرۆز بکرێت، بە بێ ڕەچاوکردنی سیاقی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتووری.

-تێیدا بە شێوەیەکی مەبەستدار و (إنتقائي) پەنا بۆ دەق ببرێت بە جۆرێک ئەو دەقانە بهێنرێنە پێشەوە کە خزمەت بە ئامانجەکانی توندڕەوی بکات.

-تێیدا شوناسی ئایینەکە بکرێتە

ئایدیۆلۆجیای کۆمەڵگە. بە جۆرێک شوێنێک بۆ هیچ باوەڕ و ئایینێک – تەنانەت وەک وردە کولتووریش- لە شوناسی کۆمەڵگەدا جێی نەبێتەوە. واتە کۆمەڵگەی تاک کولتوور.

-تێیدا پێوەری بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەهایی ببەسترێن بە ئایینێکەوە، لە دەرەوەی ئەو پێوەرە، هیچ پێوەرێکی دیکەی مرۆیی پشتی پێ نەبەسترێت لە سیستمی بەهایی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیدا.

-مومارەسەکردنی سیاسەت بە گوتارێکی ئایینی و دروشمی ئایینی، وەک (چارەسەر تەنیا ئیسلامە)ی ئیخوانەکانی میسر. سیاسەت کایەیەکە لە دەرەوەی پیرۆزی، هەر کات شوێنێکی یان کارەکتەر و کارێکی بە پیرۆز کرا، ئیدی پیرۆزیی ئایینی بێت یان نائایینی، دەبێتە ژینگەیەک بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی توندڕەوی.

-ڕەتکردنەوەی فرەیی، تۆلێرانس و پێکەوەژیان بە بێ هیچ پلەبەندییەک.

بێگومان دۆخی دیکەش هەن کە بشێ لە میانەیەوە گوتاری ئایینی بکاتە پاڵنەر و وەبەرهێنی توندڕەوی و تاکی توندڕەو. لای من ئەوانەی ئاماژەم پێ دان، بە فاکتەری سەرەکییان دەزانم سەبارەت بە مەبەستی پرسیارەکەتان.

**ئایینناسی:** ئایین و کولتوور لە کۆمەڵگەی کوردی چۆن بە یەکتر کاریگەر و ئاوێتەبوون و جێکەوتەیان لەسەر بوونیادی تاکی کورد جێهێشتووە؟

**د. ئاراس عەبدولکەریم:** کولتوور بۆ خۆی لە کورتترین پێناسەدا بریتییە لە جۆری ژیان، ئایینیش ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی کولتوور، بۆیە دەبێ قسە لەسەر ئەوە بکەین کە ئایین چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆی گشتیی کولتوور و لەوێشەوە لەسەر بوونیادی تاکی کورد کردووە، پاشان کاریگەریی کولتوورە گشتییەکە لەسەر ئەم ئایینە. بێگومان ئایین کاریگەریی بەهێزی لەسەر جۆری ژیانی کۆمەڵگەکان و سەرجەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیەوە هەیە.

**گرووپی توندڕەو هەمیشە بە تەونێکی بەهێز لە دیسپلین تەنراوە و تاکەکانی پێوە گرێ دراون**

ڕاستییەکی زەق ئەوەیە کە ئایین، هەر ئایینێک بگریت، لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی مرۆییدا، هەمیشە مەیل و ئاڕاستەیەکی پارێزگارانەی هەیە، ئەم پارێزگارییە ئیدی بە پاسای نەگۆڕە ئایینییەکان بێت یان ڕەسەنایەتی و هەر پاساوێکی دی، هەمیشە ڕێگر دەبێت لە بەردەم کرانەوە و گۆڕان و

گەشەی کولتووری و کۆمەڵایەتیدا، لە ڕاستیدا کەم نین ئەو کایە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەمان کە بە هۆکار و پاساوی ئایینی ڕێگربوون لە گەشە و پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگەکەمان، کاتێکیش ئەم هێزە ئایینییە پاڵهێزی دیکەی وەک بیری پاشکەوتووخوازیی کۆمەڵایەتی دێتە پاڵ، ئیدی بابەتی کرانەوە دەبێتە بابەتێکی سەخت. شتێکی نائاسایی نییە کە ببینین کوردی موسڵمانی دیندار هەمیشە ترسی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کرانەوە هەبێت.
ناگەڕێمەوە سەر ئەو باسەی پێشوو لەسەر مانەوە و خۆڕاگریی کولتووری کوردی بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەڵام بەهێز لەپاش بەئیسلامکردنی. بۆیە دەڵێم لە ڕووی بابەتگەلی ئەخلاقیی وەک (چاکە و خراپە) و هاوواتاکانیانەوە، لەو بڕوایەدا نیم ئایینی ئیسلام هیچی بۆ کولتوورەکەمان زیاد کردبێت کە شایانی باس بێت، لەم ڕووەوە ڕاشکاوانەتر دەدوێم و ڕای من نەرێنییە سەبارەت بەو کاریگەرییە، بۆ نموونە جێگرتنەوەی پێوەری ئایینی ڕوونتر بڵێم دینداریی ئیسلامی وەک هەڵسەنگاندن بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی، ئاستی مۆراڵیی تاک لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، میکانیزمێکی نالۆژیکی و نادروستە، ئێمە زۆرجار دەبیستین لە پەسەندکردنی کەسێکدا دەگوترێ "کەسێکی نوێژکەر و لە ئەهلی مزگەوتە" یان "حاجییە و زیارەتی ماڵی خودای کردووە" یان 'فەرزەکان جێبەجێ دەکات" کە هیچ لەم بابەتانە کە لە بنەڕەتدا پەیوەستن بە شێوازی پەرستنی ئایینەکەوە کەم تا زۆر پەیوەندییان بە بەها ئەخلاقییەکانی وەک ڕاستگۆیی، خێرخوازی و مرۆڤدۆستییەوە نییە؛ واتە ئایین ئاڕاستەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە دیوی بنەما و پێوەرەکانی خۆیدا دەبات، تا ئەو ڕاددەیەی دەشێ ببێتە مەترسی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی کۆی کۆمەڵگە و جۆری ژیانی ئایینزای دیکەی وەک کریستیان، ئێزدی و کاکەیی و زەردەشتی و...هتد لەم کۆمەڵگەیەدا؛ من لەو بڕوایەدا نیم موسوڵمانێکی دیندار لەم کۆمەڵگەیەدا خۆی لە سەرووی ئایینزاکانی دیکەوە نەبینێت. بە دیوێکی دیدا کاریگەریی ئەم ئایینە لەسەر توێژی دیاریکراویش نەرێنییە، وەک ژن، ئەگەر ڕێگەی پێبدرێت، بە ڕاستی لە جیهانبینیی ئەم ئایینەدا بە گشتی ژن لە ئاستێکی نزم و وێنایەکی ناجۆردایە. ئەم دوو نموونەیە با بەس بن بۆ سەلماندنی ئەو کاریگەرییە نەرێنییەی ئایینەکە لەسەر کولتوورەکەمان کە بمانەوێ و نەمانەوێ کارێکی وای کردووە کە کولتووری ئێمە بۆ ئەم سەردەمە عەیبدار بێت.
لێرەوە تاکی کوردی موسڵمانی دیندار کە لەسەر ئەو پێوەرە ئایینییانە مانا دەبەخشێتە کەسەکان و جۆری ڕەفتاری لەگەڵیان دیاری دەکات، بڕوا

ناکەم بستێک بە دیوی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستیدا بچێت، بەڵکو دەشێ تەنیا لەبەر ئەوەی منێک نوێژنەکەرم، با دراوسێشی بم، دەشێ حەز نەکات سڵاوم لێ بکات.

کە دەڵێین بوونیادی تاکی کوردی، لێرەوە دەبێ لە دیدگایەکی ئەنتۆلۆژییەوە بڕوانینە ئەم تاکە، ڕاستتر بڵێم ئەنتۆلۆژیی ئاییی. ئەم بوونیادە کەسایەتییەکەیەتی بە هەموو پاشخانە بوونگەراییەکەیەوە، بەشێکی زۆریش لەو پاشخانە، ئایینە، ئاینی پێش ئیسلام دەڵێم؛ ئێمە ئێستا قسە لەسەر تاکێک دەکەین کە خاوەنی پاشخانێکی ئایینی داگیرکراو و سڕاوە و پاشماوەی ئایینێک دەکەین، باسی ڕووداوگەلی غەزا و جیهاد و موجاهیدینی ئیسلام دەکەین، باسی پاشخانێک لە کوشتار و دیل و غەنیمە و کەنیزەک و .....هتد لەسەر دەستی ئایینێک کە ئێستا ئەم تاکە هەڵگرێتی. کەواتە باس لە کەسایەتییەکی شێوێنراو دەکەین، یان بڵێم نەسخکراو! تاکێک کە تەواو تیۆرییەکەی بۆردیۆی سەبارەت بە توندوتیژیی ڕەمزی لەسەر پێڕەو دەکرێت. لای من تاکی کوردی بە ڕاستی تاکێکی نامۆبووە یان نامۆکراوە بە ئایین، ئەو لە نێو ژینگەیەکی ئایینیدایە کە نامۆیە بە کولتوورەکەی، واتە ئایینێکی نامۆ بە کولتووری ئەو تاکە و ئەوێکی نامۆ بە کولتووری ئایینەکە. من نازانم ئەم هاوکێشە لاسەنگە چ جۆرە شیزۆفرینیایەکی وجودی بەرهەم دێنێت! لەو بڕوایەشدا نیم کە هیچ کوردێکی موسوڵمانی دیندار هەست بەو نامۆییە بکات، ئەمە سیحری ئایینە و ئایین زۆر لەوە بەهێزترە کە پاشخانی وجودی و ڕووداوە مێژووییەکان و لۆژیکیان بتوانن بە چەشنێک جێی پێ لەق بکەن کە ببنە مەترسی بۆی.

**لای گرووپی توندڕەو توندوتیژی بابەتێکی ڕێگە پێدراوە، بەڵکو زۆر جار دەبێتە واجبێکی شەرعی، ئەمەش لەو باوەڕەوە کە ئامانجەکەیان پیرۆزە و مەبەستێکی ئایینییە و لە پێناو ڕەزامەندیی خواوەندا یە**

دیوێکی دیکەی پرسیارەکەتان کاریگەریی کولتووری کوردییە لەسەر ئایینی ئیسلام، ئەوەی لەم لایەنەوە زۆر دیارە و شوێنەواری جێهێشتووە، بە پلەی یەکەم شێوازی دینداری و عەقیدەی سۆفیگەرایی، یان دروستتر بڵێم عیرفانیی کوردیی پێش ئیسلامە کە کورد بە تایبەت لە میانەی تەریقەتی نەقشبەندییەوە پیادەی کردووە.

بە گشتی کولتووری کوردی بایی ئەوەندە کاریگەریی لەسەر دینداریی ئیسلامی

هەیە کە تا ڕاددەیەکی باش بتوانێ ئەم کۆمەڵگەیە لە پەتای توندڕەوی بپارێزێت، زیاتریش مەبەستم لە توندڕەویی تەریقەت و مەزهەبەکانە. توندڕەوییەکی ئایینی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەریهەڵدا بێت، ئەو توندڕەوییەیە کە زادەی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بووە لە کوردستان، واتە توندڕەویی ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردیدا توندڕەویی ئیسلامی سیاسییە نەک توندڕەویی کولتووری ئیسلامی، چونکە لە بنەڕەتدا کولتووری کوردی بەو چەشنە نەسڕدرابووە تا توانای بەرگری نەبووبێت، ئەوەی کە سڕدرابووەوە ئایینەکەی بوو نەک کۆی کولتوورەکەی.

**ئایینناسی:** ئەمڕۆ باشووری کوردستان، چەندین جۆر گوتاری ئایینی دەبینرێت، لێکەوتەکانی ئەم فرەگوتارییە لەسەر بوونیادی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی توندڕەوی چییە؟

**د. ئاراس عەبدولکەریم:** فرەگوتاریی ئایینی ئەگەر فرەیی نەبێت لە گوتاری توندڕەویی ئایینیدا، نابێتە مایەی مەترسی بۆ کۆمەڵگە، بەڵام کێشەی ئێمە لە بوونیاد و ئاڕاستەی گوتارەکاندایە کە توندڕەون، واتە ئەوەی ڕوو دەدات بەرکەوتنێکی ڕەق و زەق چەند چەشنە گوتارێکی ئایینی توندڕەون بە یەکدی. ئەم دۆخە بەر لە هەر شتێک وا دەکات دیاردەی بەرکەوتنی توندی گوتارەکان و دیاردەی خودی توندڕەوی وەک دۆخێکی ئاسایی و باو لێی بڕوانرێت، ئەمەش بە ڕای من نەک بوونیادی کۆمەڵگە دەشێوێنێت و بەس، بەڵکو کۆمەڵگە دەکاتە کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و شێوێنراو، کۆمەڵگەیەک تێیدا دۆخی ناتەندروست بە دۆخێکی تەندروست بناسرێت، لێرەوە خودی دۆخەکە ڕەوایی کۆمەڵایەتی دەداتە توندڕەوی. هەمیشە و هەمیشە لە دۆخی ئاسایی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیاندا، گوتار و بەرەی توندڕەوی لاواز دەبن و دۆخی هەڵچوون و بەرکەوتن و فەوزای کۆمەڵایەتیش بەهێزیان دەکات. لە ڕاستیدا بەرەی توندڕەوی هەمیشە پێویستی بەو بەرکەوتنە هەیە، تەنیا وەک فاکتەرێک نا بۆ بەهێزبوونی و بەس، بەڵکو لە میانەی ئەو بەرکەوتنە ڕەقانەوە زیاتر شەرعییەت دەداتە هەبوونی خۆی وەک پارێزەری ئایینەکە؛ تۆ دیقەت بدە ئەو گوتارانە، کامیان بگریت بە ناوی خودا و لە پێناوی خودا و بۆ خودا و ئایینەکەی دەجەنگێت، وەک جەنگاوەرێکی خودا و ئیسلام شمشێری گوتارەکەی ڕادەوەشێنێت، هاوکات بۆ نەسخکردن و بەتاڵکردنەوەی گرووپ، یان بڵێم ئەو فیرقانەی ترە کە وەکو خۆی (ناجیة) نین.

لە هەموو بارێکدا، لە دۆخی بەریەککەوتنی گوتارە توندڕەوە ئایینییەکاندا، ئەوەی باجەکە دەدات کۆمەڵگەیە. ئەوەی

پێی بەهێز دەبێت بەرەی توندڕەوییە و ئەوەی دەبێتە قوربانی تۆلێرانس و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و مرۆڤە وەک بەها، نەک وەکو بەندە.

**چەمکی (جیهاد) لە سیاقی کۆمەڵایەتی وکولتووریدا زۆرجارمانا ئایینییەکەی تێدەپەڕێنێت، چونکە تێکەڵ بە بەها کۆمەڵایەتی وکولتوورییەکانی کۆمەڵگە دەبێت**

**ئایینناسی:** چۆن بتوانرێت ئایین بکرێتە هۆکارێك بۆ ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتیی لە هەرێمی کوردستان؟

**د. ئاراس عەبدولکەریم:** وەک چۆن پێشتر گوتم هەموو ئایینێک دەشێ ببێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی توندڕەوی، بە هەمان شێوەش هەموو ئایینێک دەتوانێت ببێتە هۆکاری ناتوندڕەوی و تۆلێرانس و ئاشتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی. بە ڕاستی ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی و مێژووەکەیەوە، بەسەر هەردوو دیوی توندڕەوی و ناتوندڕەویدا کراوە بووە. تۆ بڕوانە لە فیکری ئیسلامیدا، ئێمە ئیبن تەیمییەمان هەیە، شافیعی، غەزالی و...... تا دەگاتە ئەبو ئەعلای مەودوودی و سەید قوتب، لەولاوە ئیبن عەرەبی و ئیبن ڕوشد و سەهرەوەردی و...... تا دەگاتە ئیمام محەمەد عەبدە و د. محمد شەحروور!

وەک چۆن لە نێو دەقدا هەمیشە مەساحەیەک هەیە بۆ تەراتێنی بیری توندڕەوی و لەوێوە شەرعییەت دەدەنە خۆیان، بە هەمان شێوەش مەساحەیەکی فراوانی تێدایە بۆ بیری لێبوردەیی و مرۆڤدۆستی و ئاشتی و ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە، فەزایەک هەیە تێیدا دەکرێ پاساوەکانی توندڕەوی بەتاڵ بکرێنەوە، ئەمە لە نێو خودی دەق و لە نێو ماڵی ئیماندا. بە دیوێکی دیدا و لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، گرنگە کاری جدی بکرێت لەسەر بەستنەوەی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان بە پێوەری کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە، نەک ئایینی پەتی. پاشان ژیاندنەوە و بەهێزکردنی دینداریی میللی خۆماڵی، دینداریيەک کە بە دیوی عیرفاندا ئاڕاستە دەبێت، ئەم دیندارییە لە نێو خۆیدا دونیایەکە لە مرۆڤدۆستی بە مانا فراوانەکەی، فەزایەکە بۆ لێبوردەیی. هاوکات بە ئایدیۆلۆژیکردنی دینداری کێشەیەکی زۆر قووڵ و هەستیارە کە دەبێ بەری پێ بگیرێت، ئەمە بەر لە کایەی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی، کاری دەستەبژێری ڕۆشنبیرییە، کاری توێژەرانە، لەگەڵ ئەو دەستەبژێرە موسوڵمانە دیندارانەی کە دژی توندڕەوین.

لای من هەمیشە ئەوە جێی پرسیار بووە:

بە درێژایی مێژوو چەندین هەوڵی جدیی لە لایەن فەیلەسووف، بیرمەندان و دەستەبژێرانی جیهانی ئیسلامییەوە هەبوون لە دژی بیر و ڕەفتاری توندڕەویی ئایینی، کەچی دەبینین بە ئێستاشەوە، پەتای توندڕەوی لە هەر شوێنێک لە دەرگاوە دەکرێتە دەرەوە، لە پەنجەرەوە خۆی دەکاتەوە بە ماڵدا؟! ئایا ئەمە پەیوەستە بە خودی زەین و مۆراڵی کۆمەڵگە موسوڵمانەکانەوە یان خودی ئایینەکە؟

لە هەموو بارێکدا، بابەتی ئەوەی بتوانرێ ئایینی ئیسلام بە ئاراستەی بەهێزکردنی بنەماکانی لێبوردەیی، ئاشتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی ڕۆڵ ببینێت، هیچ مەحاڵ نییە، بەڵام ئاسانیش نییە، چونکە کۆمەڵێک چەمک و تێگەیشتنی چەسپاو و نەگۆڕ لەم ئایینەدا هەیە کە بەرەی توندڕەوی پشتی پێ بەستوون، سەرجەمیان دەبنە خاڵی لاواز بۆ بەرەی دژ بە توندڕەوی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لای من خاڵیکردنەوەی بەرەی توندڕەوی لە کوردستاندا زۆر ئاسانتر دەبینم لەوەی لە هەر کۆمەڵگەیەکی عەرەبی وەک میسر، عێراق و یەمەن و..هتدا بە ئاکام بگات، چونکە گەورەترین خاڵی بەهێزمان کولتوورەکەمان کە لە بنەڕەتدا کولتووری شمشێر و غەزا نییە، پاشخانی ئایینیمان عیرفانە و ئەوەش دەرگایەکی بەرینە بۆ چوونە نێو ماڵێکی بێ توندڕەوی و خاڵی لە توندوتیژیی ئایینی بۆ کۆمەڵگەکەمان.

**سیستمی ئەخلاقیی ئایینەکان بە جۆرێک لێکدی نزیکن کە لە هێڵە گشتییەکانی پەیوەست بەم سیستمە لە سیاقی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هێڵێکی گشتی و سەرەکی هاوبەشیان هەیە**

**ئایینناسی:** زۆرجار گوێبیستی دەستەواژەی کۆمەڵگەی دیندار دەبین، چۆن بتوانین سیماکانی کۆمەڵگەی دیندار بناسینەوە؟ ئایا ئەمە گرێدراوە بە زۆربوونی شوێنەکانی پەرستن، یان سروشتی کۆمەڵگە لە ڕووی پێکەوەژیان و لێبوردەیی و بەها باڵاکانی ئایین؟

**د. ئاراس عەبدولکەریم:** لای ماکس فیبەر دینداری تەنیا خۆی لە بیروباوەڕی کەسیدا نابینێتەوە، بەڵکو وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی دەیبینێت کە کاریگەری لەسەر کولتوور و سیاسەت و ئابووریش هەیە، ئەو لە میانەی کاری لەسەر پەیوەندیی نێوان پرۆتستانتی و سەرمایەداری، ڕوونی کردۆتەوە کە چۆن بەهای ئایینی کار لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەکات، دۆرکایمیش کۆمەڵگەی دیندار بەو

کۆمەڵگەیە دەبینێت کە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی ویژدانی دەستەجەمعی پشتی پێ ببەستێت، ئایینە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە کۆمەڵگەی دیندار بە گشتی ئەو کۆمەڵگانە دەگرێتەوە کە تێیاندا پێوەری ئایینی لە سەنتەری ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەدایە، لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی لەم چەشنەش بوونی هەندێک دیاردە و دامەزراوەن، وەک دیاردەی پابەندبوونی بەهێز بە باوەڕە ئایینییەکە و ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتار و شێوەی ژیانی کۆمەڵگەکەدا، هەروەها بوونی دامەزراوەی ئایینیی بەهێز کە کاریگەریی لەسەر بڕیارە کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسییەکانیش هەبێت، پاشان ڕوانینیان بۆ بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە (وەک خێر و چاکە).

**ئایین کاریگەریی بەهێزی لەسەر جۆری ژیانی کۆمەڵگەکان و سەرجەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانییەوە هەیە**

دەبێ ئەوەش بڵێین کە مەرج نییە هەمیشە ڕەفتاری دینداری لە نێو زۆرینەی زۆری کۆمەڵگەیەکدا، بە مانای دینداریی کۆمەڵگەکە بێت، چونکە چەشنە پێڕەوکردنێکی ئەو سرووتی پەرستنانە هەیە جۆرێک لە بەهای کۆمەڵایەتی دیارییان دەکات، بۆ نموونە لەچک و باڵاپۆشیی ئافرەتان تەنیا لە مانگی ڕەمەزاندا، عومرەکردنی چەندبارە و ...هتد.

کۆمەڵگەی دیندار لە هەموو بارێکدا کۆمەڵگەیەکی تاک کولتوور و تاک ڕەهەندانەش لە خۆی و ژیان و دونیا و ئەوانی دی دەڕوانێت، کۆمەڵگەیەکە لە بچووکترین بابەتەوە تا گەورەترینی کە پێویست بە هەڵسەنگاندن یان بڕیاردان بکات، دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی ئایینەکەی، ئیدی بنەمای شەرعی و فیقهی بن یان پێوەر و بەهای ئەخلاقی.

# مێزگرد

ئایینناسی

# ئایین و کۆمەڵناسی؛ تێڕوانین و خوێندنەوە بۆ ئایین لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

ئامادەکردنی: ئایینناسی

هەمیشە لەنێوان ئایین و کۆمەڵگەدا پەیوەندییەکی تایبەت هەبووە، ئەم پەیوەندییە هەندێکجار دژیەکییە و هەندێکجاری تر هاوتەباو پێکەوە گونجاوە، لەم نێوانەدا ئایین خاڵی یەکلاکەوەیە بۆ زۆرێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هەر لە سەرهەڵدانەوە تا چارەسەر، بەواتا ئایین کاریگەری لەسەر زۆربەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و لێرەوە بەشێکی زۆر لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش مەحکوم دەبن بە پێودانگە ئایینییەکان، تەوەری ئەمجارەی ئایینناسی تایبەتە بە کۆمەڵناسی ئایین، خوێندنەوەی دین لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، بەوەی ئایا ئایین چ کاریگەرییەکی بۆ سەر کۆمەڵگەکان دروست کردووە و بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەکان چ ڕۆڵکیان هەبووە لە ئاراستەکردن و پەرەسەندنی ئایین، بەمیوانداری هەردوو بەڕێزان مامۆستا چیا فایەق مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سلێمانی و ئیحسان وەلزی، شارەزای بواری کۆمەڵناسیی ئایین.

سەرەتا مامۆستا ئیحسان وەلزی لەبارەی ئەوەی کە چ کات ئایین دەبێتە پاڵنەری توندڕەوی و دروستکردنی تاکی توندوتیژ لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە؟ دەڵێت: دەبێت لە وەڵامەکاندا کەمێك ورد بین، چونکە ئەمە بابەتێکی هەم گرنگە هەمیش زۆر بەرفراوان، جا چ باس لە ئایین بکەین، چ لە توندوتیژی، چ لە پەیوەندیی نێوان ئەو دوانە، بۆیە دەتوانم بڵێم پرسیارێکی سادە و ئاسان، بەڵام وەڵامێکی ئاڵۆز و فرە لایەن، بەهەرحاڵ توندوتیژی دەمێکە لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە کاری لەسەر دەکرێت، لەوێشدا زیاتر باس لە هۆکارەکانی توندوتیژی دەکرێت، بۆیە زۆر کەس کۆمەڵناسی هۆکارەکانی توندوتیژی ناوی دەبەن. سەرەتا دەبێت بڵێم کە کۆمەڵناسی بە یەك چاو

سەیری ئایین ناکات، هەم تیۆروانینی جەوهەرگەرایانە هەن و هەمیش تیۆروانینی وەزیفیانە. بەڵام چەمکە گشتییەکەی کە باوە ئێمە لێرەدا بەو شێوەیە بەکاری دەهێنین، توندوتیژیش لە دیدگا کۆمەڵناسییەکەیەوە، قسەی زۆری لەسەر کراوە و زۆریش هەڵدەگرێت، بەتایبەتیش ئەو شەپۆلە نوێیەی توندوتیژیی ئایینی کە لە یانزەی سێپتەمبەر بەداوەوە دەبینرێت. ئایا سەرچاوەکانی توندوتیژی بە گشتی لە کوێوە دێن؟ توندوتیژی چییە؟ ئیرادییە، یان لا ئیرادییە؟ ژێنەتیکە، یان ژێنەتیک نییە؟ ئەنجامی پەروەردەییە؟ پاڵنەر و هۆکارەکانی چین؟ بەهەرحاڵ ئەگەر تەواو کۆمەڵناسانە لێی بڕوانین، توندوتیژیی کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هاوکات زۆربەی کات فرە هۆکارە، هەرچەندە توانایەکە لە مرۆڤدا، بەڵام لە دەوربەرێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوو دەدات. هیچ کۆمەڵگەیەکیش دوور لە توندوتیژیی نەبووە و نییە. پێموایە کە باس لە پەیوەندی نێوان ئایین و توندوتیژیش بکەین دەبێ باس لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی بکەین، لە پرسیارەکەدا وشەی تاک هاتووە، تاکی توندوتیژ، بەڵام تاکێکی توندوتیژ هەروا بە تەنیا وێنا ناکرێت، بەڵکو ئەو تاکە ئەندامی کۆمەڵگەیەکە، ئەندامی گرووپ و دەستەیەکە، لە نێو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدایە، وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتیش چەند جۆرێك توندوتیژیمان

هەن، کە مەرج نییە هەموو توندوتیژییەك پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێت و ئایینی لە پشتەوە بێت، ئێمە توندوتیژی ڕەها، یان ڕووتمان هەیە کە بە پاڵنەرەکەی چاوچنۆکی، یاخود ڕق و قینە، تۆڵە، یاخود تەنانەت ترسە، ئەمانە دەکرێت ببنە مایەی پەنابردن بۆ توندوتیژی، کە هیچیان پەیوەندییەکی ئەوتۆ، یان ڕاستەوخۆیان بە ئایینەوە نەبێت، جۆری دیکەی توندوتیژمان هەیە لە سەرەتادا پەیوەندییەکی وای بە ئایینەوە نییە، بۆ نموونە توندوتیژیی یاسایی، لە زمانێکی وەک ئەڵمانیدا چەمکی توندوتیژیی زۆر بەرفراوانترە وەک ئەوەی لە زۆرێک لە زمانانی دیکەدا هەیە، وشەی (گێڤالت Gewalt) ئەڵمانی واتە توندوتیژی، هاوکات دەسەڵاتیش دەگەیەنێت، کە یەکێکیان پاوەری ئینگلیزییە، ئەوەی دیکەیان (ڤایۆلەنسە)، کوردییەکەی توندوتیژی و دەسەڵات. بۆیە کاتێك کە دێینە سەر یاسا، ئەویش جۆری توندوتیژیی خۆی هەیە، دوای یاسا دەسەڵاتی دەوڵەتیش هەر (گێڤالتە)، دەسەڵاتەکەش بە توندوتیژی ناو دەبرێت. دەکرێت یاسا توندوتیژی سنووردار بکات، ئەو توندوتیژییە ڕەهایەی کە باسم کرد، بەڵام لەجیاتی ئەوە توندوتیژییەکی دیکە بەکار دەهێنێت، پشت ئەستوورە بە یاساوە، دواتر دەوڵەتیش بە هەمان شێوە، بەڵام جۆری دیکەی توندوتیژی کە پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێت فۆڕمێکی هەیە کە

کلاسیك، یان کۆن و لە دێریندا باو بووە، ئەویش زیاتر لە شێوەی قوربانی بووە، هەرچەندە لەناو نەچووە، بەڵام زۆریش پاشەکشەی کردووە، لەم دواییانەدا لە باشووری عێراق ئەو شتانەمان بینی، گرووپ هەن خۆیان دەکەن بە قوربانی، واتە توندوتیژی بەرامبەر بە خودی خۆت، بەڵام پاڵنەرەکەی پاڵنەرێکی ئایینییە. ئایینی دەتوانێت پاڵنەری توندوتیژیی بەرامبەر هاوشێوەکانی خۆی بێت، یانی توندوتیژییەکە سەرچاوەیەکی ئایینی هەبێت، هەروەها دەکرێت ئایین تەبریریش بێت بۆ توندوتیژی بە هۆکارێکی دیکە، بۆ نموونە لەلایەن گرووپێکی سیاسییەوە، لە لایەن دەسەڵاتێکەوە، لە لایەن گرووپێکەوە، بۆ مەبەست و ئامانجی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان هەر مەبەستێکی دیکە، دەکرێت ئایین لەپشت، یان ئامرازی ئەو توندوتیژییەش بێت کە لە بنەڕەتدا توندوتیژییەکی کولتوورییە. بەتایبەت پێش هاتنی ئایینە گەورەکان، ئەو ئایینانەی کە فرە نەتەوەن وەک سێ ئایینە کتێبییەکە، واتە لەو ئایینانەدا کە زیاتر تایبەت بوون بە گرووپێك، بە نەتەوەیەك، بە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو، لەوانەیە توندوتیژییەکە لە بنەڕەتدا لە توندوتیژییەکی کولتووری و ناوچەیی بووبێت. بۆیە دەڵێم ئەوەشیان جۆرە تێکەڵییەکی لەگەڵ ئاییندا هایە، هاوکات توندوتیژیشمان هەیە کە تێیدا ئایین پاساوە، هی دیکەشمان هەیە کە ئایین ئامرازە، ئەم دوانە هەرچەندە زۆر لە یەکەوە نزیکن، واتە ئایینێك وەك ئامرازێك بەکار بهێنیت، یان وەکو تەبریرێکی توندوتیژی، بەڵام دەکرێ ئەو دەستەبەندیەش بکرێ.

مامۆستا ئیحسان لەدرێژەی قسەکانیدا لەبارەی ئەوەی کەی ئایین پاڵنەری توندوتیژ دەبێ؟ دەڵێت: بێگومان بابەتی ئایین لەمەدا دەکرێت تێکەڵ بە زۆر لایەنی دیکەی کۆمەڵایەتی ببێت، دەکرێت توندوتیژی پاڵنەری سیاسیی، یان کۆمەڵایەتی بوو بێت، دەرەنجامی قەیرانێکی شوناس، یان هەر شتێکی دیکە، بەڵام خۆی لە شێوە، یان لە فۆڕمی توندوتیژییەکی ئایینی دەرخات، ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکە، چ کاتێك ئایین دەبێتە پاڵنەری توندوتیژی؟ ئەوا دەبێت زیاتر باس لەو جۆرە لە توندوتیژییە بکەین، کە توندوتیژی پاڵنەرەکەی ئایینە. سەبارەت بە پەیوەندی ئایین و توندوتیژی، وەک زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، پێویستە لە حاڵەتەوە بۆ حاڵەت و بە جیا تاوتوێ بکرێت، ئەمەش زیاتر کاری تویژینەوەی ئەزموونییە تا توێژینەوەی تیۆری. لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان توندوتیژی و ئایین قسە زۆر کراوە بەتایبەتی لە ماوەی بیست بۆ سی ساڵی دواییدا، کە چ جۆرە ئایینێك، یان کەی ئایین توندوتیژی زۆری لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە ئەوروپا گفتوگۆی زۆر لەسەر

ئەوە کراوە کە چ جۆرە ئایینێک زیاتر توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتیش لە پەیوەندی نێوان یەکتاپەرستی و توندوتیژی، تێڕوانینێک هەیە کە پێی وایە، زیاتر ئایینە تەوحیدییەکانن دەبنە هۆکاری توندوتیژی، ئایینە فرە خوایی و بێخواییەکان کەمتر.

**ئەگەرتەواوکۆمەڵناسانە لێی بڕوانین، توندوتیژیی کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هاوکات زۆربەی کات فرە هۆکارە، هەرچەندە توانایەکە لە مرۆڤدا، بەڵام لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات**

هەندێک لە توێژەران لەو بڕوایەدان هەموو جۆرە تەوحیدێکیش ئەو کاریگەرییەی نییە و پێیان وایە تەوحیدێکمان هەیە لەخۆگر، جۆرێکی دیکەشمان هەیە نەفیکەر، هەروەها تەوحیدێکمان هەیە تەوحیدی حەقیقەت و جۆرێکی دیکەش لەسەر بنەمای وەلائوبەڕاء. ئەوە زیاتر جۆری نەفیکەر و هەروەها تەوحیدی وەلائوبەڕائە کە دەکرێت توندوتیژییان لێ بکەوێتەوە. چونکە ئەگەر یەك خوا هەبێت خوای هەموان بێت و هەموو خەڵکی بەندەی یەك خوا بن (لەخۆگر)، واتە کورد گوتەنی هەموو ڕێگاکان بچنەوە بانە، ئەوا دەکرێت ئەمە بێتە مایەی کەمکردنەوەی توندوتیژی، نەک لێکەوتنەوەی، بەڵام کاتێك کە هەر خوایەك هەیە و نەفی هەر خوا و ئایینێکی دیکە دەکات (نەفیکەر) و ڕاستی و ناڕاستی لەیەك جیا دەکاتەوە، بەتایبەتیش کە جیاوازی لە نێوان ئایین خۆی و تێگەیشتن لە ئایین نەکرێت، ئەوا دەکرێت ئەمە زۆر بە ئاسانی ڕێگا بۆ پەنابردنە بەر توندوتیژیی بکاتەوە. بۆیە ئەو جۆرە تێڕوانینە بۆ تەوحید هەیە بە مانای جیاکەرەوەی ڕاستی و ناڕاستی لەیەکتر و بەجۆرێک تێکەڵبوونی بە کێشە و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، واتە وەلایەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بۆ ئەو خوایە، ڕێك لێرەوەیە توندوتیژی لە ئایین وەک ئەرکێک سەردەردێنێت. بەمەش توندوتیژیی ئایینی جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژیی ئایدۆلۆژی بەو جیاوازییەوە کە دەکرێت بە هۆی کاریگەریی ڕەهەندە موتەعالییەکەیەوە، توندوتیژیی ئایینی لە توندوتیژیی ئایدۆلۆژی توندتر بێت. گرفتەکە ئەو کاتە قوڵتریش دەبێتەوە و قورەکە خەستتر دەبێ، کە ئایین لە فۆرمی زمان واتە وەحی، ئینجا شێوەی نووسین بەخۆیەوە بگرێت، کە دەڵێم وەحی، وەحی وەک یەکلاکەرەوەیەکی گفتوگۆ هەڵنەگری ڕاستی و هەڵە، دووەمیش کاتێك کە نووسین دێت، نووسین خۆی دەسەڵاتێکی هەیە، زمان دەسەڵاتێکی زۆری بە سەر هزر و دواتر ڕەفتاری مرۆڤیشەوەوە هەیە. بۆیە من

پێموایە دەسەڵاتی زمان لە توندوتیژی ئایینی لە ئیسلامدا ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەبووە، لە سەلەفیەتدا ئەوە بە زەقی دەردەکەوێت، بە جۆرە جیاجیاکانییەوە. ئینجا مەرجیش نییە توندوتیژییەکە هەمیشە جەستەیی و فیزیکی بێت، بەڵکو دەکرێت وەک لە هەندێک لە جۆرەکانی سەلەفییەتدا هەیە، زیاتر ڕەمزی بێت.

هەروەها مامۆستا ئیحسان لەبارەی سەرهەڵدانی سەلەفییەت و کاریگەری ئەم جۆرە لە ئاییندارى لەسەر ئایندەی کۆمەڵگەی کوردی ئاماژە بەوە دەکات کە مەسەلەی خوێندنەوە و تێڕوانینی سەلەفییانە و ڕواڵەتییانە بۆ دین گرفتێکی گەورەیە بەتایبەتی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵە کە مەسەلەی دەق و نووسین دێنە گۆڕێ، تۆ شتێکت هەیە بە نووسین هی سەردەمێکی دیاریکراوە، چونکە هیچ ئایینێك دابڕاو نییە لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا سەریهەڵداوە، یاخود تێیدایە، بۆیە ئەو جۆرە تێڕوانینانە هەم تاك هەم کۆمەڵگەش تووشی گرفتی گەورە دەکەن، دابڕانێك دروست دەکەن لەگەڵ ئێستا و ئێرەدا، بە پێچەوانەی جۆرێکی دیکە لە دونیابینی و ژیان کە وەك (جەهانبەگلو) دەڵێت، کوڕی ڕۆژ بە! تەنانەت لە هەندێك لە بەیتەکانی مەولانای ڕۆمیش-دا هەیە کە "صوفی ابن الوقت باش ای رفیق"، ئەمە ڕێك پێچەوانەی ئەو جۆرە تێگەیشتنەی ئایینەیە کە لە سەلەفییەتدا هەیە.

سەلەفییەت دابڕانێکە لەگەڵ ئێستا و ئێرەدا، سەلەفی کوڕی ئێستا و ئێرە نییە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ساتێکی مێژوویی بە موتڵەق و ئایدیالی دەکرێت، ساتێکی مێژوویی بە هەموو پێکهاتە ئایینی و نائایینییەکانییەوە، بە زمان، بە گوفتار و ڕەفتارییەوە، بە ڕۆحی سەردەمییەوە، بە مەرکەزی دەکرێت، بواری عەقڵ تێیدا، کە عەقڵ لانی کەم گەر بڵێین ئایین بۆ دونیایە و بۆ ئەودیویشە، سنووردار دەکرێت، ئەمەش من پێموایە پێش هەموو شتێك زیان بە خودی دینەکەی و بە تێگەیشتن لە دین دەگەیەنێت، ئەڵبەتە پێموایە نەك پارادۆکسە، بەڵکو دژبەیەکیشە لەگەڵ تێگەیشتنێکی دیکە دەربارەی ڕەوتی ئایینەکان، ئەگەر بێتو ئێمە بۆ قورئان بگەڕێینەوە پرسی نەسخکردنی دینێك بە دینێکی دیکە هەیە، هەروەها مەسەلەی خاتەمیەتی پەیامبەرێتی و وەحیمان هەیە لە ئیسلامدا. بەڵام سەلەفییەت نادیدەگرتنی هەموو ئەو شتانەیە، بۆیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە دەکرێ ئەمە ببێتە مایەی گرفتێکی گەورە، چونکە سەرچاوەی توندوتیژی ئایینی لێرەوە دەست پێ دەکات کە دۆست و دوژمن بە زەقی لەسەر بنەمای وەلائوبەڕاء دەستنیشان دەکات، جەمسەربەندی لە نێو کۆمەڵگەدا دروست دەکات، کە جەمسەربەندی لەسەر بنەمای جۆرێکی دیاریکراوی تێڕوانین لە جیهان

و لە بوونەوەر و لە خود و لە کۆمەڵگە، سەلەفییەتیش هاندەری دروستکردنی ئەو جۆرە جەمسەربەندییانەیە، کە دەبنە مایەی لەتکردن و دابەشکردنی کۆمەڵگە، دەبنە مایەی پارچە پارچەبوونێك کە درزی گەورە دەخەنە جەستەی کۆمەڵگە، درزێك هی ئەوە نییە لە چوارچێوەی پلوراڵ بووندا لە چوارچێوەی فرەبووندا جێگەی ببێتەوە. لەوە هەر گەڕێین کە نەبوونی دیدێکی مێژووگەرایانە بۆ ڕابردوو و بۆ دەق، چی بەسەر ئەو بزووتنەوەی ڕابوونە هێنا کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە مــوژدەبـەخشی هەستانەوەی گەلانی موسڵمان بوو، تا دەگاتە سەرهەڵدانی چەمکی ئایدۆلۆژییانەی حاکمییەت و دەرەنجامە کارەساتخوڵقێنەرەکانی وەک ئەوەی کە لە دینیشدا بینیمان. ئەمە هەمووی دەرەنجامی دیدی سەلەفییانەیە.

لەبارەی ئەوەی کە چۆن بتوانین ئایین تەوزیف بکەین بۆ ئەوەی ببێتە هۆکار و پاڵنەر بۆ سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی، مامۆستا ئیحسان دەڵێت: دەروونشیکاری بەریتانی (ڕۆن بریتۆن) دەڵێت: ئەوەی کە کەسێك باوەڕی پێیەتی گرنگ نییە بۆ ئەوەی بزانین ئایا بنیاتنەرە، یان ڕووخێنەر، بەڵکو چۆن باوەڕی پێیەتی، ئەوەش گرنگ نییە کە تۆ چی دەخوێنیتەوە، بەڵکو چۆن دەیخوێنیتەوە، جا چ تەورات، ئینجیل و چ قورئان بێت و چ سەرمایەی (کارل مارکس). هەروەها هەروەک (یان ئاسمان) دەڵێت: ئەوە ڕابردوو نییە کە ڕەفتاری ئێمە دیاری دەکات و ئاڕاستەمان دەکات، بەڵکو چۆنێتی وەبیرهێنانەوەیەتی. بۆیە پێمووایە ئەوە گرنگە چۆن بتوانین کولتوورێکی ئایینی برەو پێبدەین، لەو جۆرە بێت کە پێشتر باسم کرد، واتە لەخۆگر، کە تێیدا خوا خوای هەموان بێت و هەموان لە بەرامبەریدا یەکسان بن، جا ئەگەر تێڕوانینیشمان سەبارەت بە پرسەکان جیاواز بێت. چونکە کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا کۆمەڵگەیەکی ئایینییە، بەو مانایەی سەلەفی و جگە لە سەلەفی تەنانەت ئەوانەش کە خۆیان بە عەلمانی دەزانن تا ڕادەیەکی زۆر زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی خۆیان لە دەرەوەی چوارچێوەی ئایین نابینن، بۆیە دەکرێت دونیابینییەکی ئایینی پلوراڵمان هەبێت، جێگەی هەموانی تێدا بکرێتەوە، دواتریش لەلایەکی دیکەشەوە زۆر ئیش لەسەر جیاکردنەوەی دین لە تێگەیشتنی دین کراوە، وەک ئەوەی کە سروش و کەسانی دیکە باسی دەکەن، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە پرۆگرامی زۆر هەبوون بەپێی کۆمەڵگەی دیاریکراو چۆن دەکرێت دیڕادیکاڵیزەیشن بکرێت، چۆن دەکرێت لە توندوتیژی دووربکەینەوە و پەروەردەیەکی دیکەی ئایینیمان هەبێت. ڕاستی لە کولتووری ئیسلامیدا شتی وا زۆرە، لە یەك دوو ساڵی ڕابردوودا زۆر

سەر و کارم لەگەڵ مەولانای ڕۆمی بووە، دەکرێ سوود لەم جۆرە تێڕوانینانە ببینرێت بۆ کارێکی ئاوا، ناڵێم عیرفان چارەسەری تەواوی گرفتەکانی ئەمڕۆی ئێمە دەکات، بەڵام لانیکەم بۆ پەرەپێدانی کولتوورێکی لێبوردەیی کولتوورێکی هەموو لەخۆگر کولتوورێکی هەموو بە یەکپارچە بین، ئیدی دەکرێت ئایین ئەو ڕۆڵەش ببینێت، من باس لە لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگە ناکەم کە ڕۆڵی زۆریان دەبێت، جا چ ئابوورییە، چ کولتووری، چ سیاسییە، بەڵام هەروەك کۆمەڵناسی ئەمریکی (یورگن سمایەر) دەڵێت: سەیرە کە دەبێت بڵێین دەرمانی دەردی توندوتیژیی ئایینی دواجار خودی ئایین و بەهابەخشینەوەیە بە ئایین، بەڵام بە جۆرێك کە تێیدا ئاشتی، سەقامگیری و پێکەوەژیان بەهایان بۆ بگەڕێنرێتەوە، یانی هەر هەمان ئەو دینەی کە هەمانە بواری ئەوەی تێدایە کە توندوتیژی کەم بکاتەوە ببێت بە مایەی ئاشتیش، دوو لایەنەیە، کەمکردنەوەی توندوتیژی لە لایەك و لەلایەکی دیکەشەوە پەرەدان بە پێکەوەژیان و ئاشتی.

لەبارەی دەستەواژەی کۆمەڵگەی ئایینی و ڕەنگدانەوەی لەسەر واقیعی کوردستان، بۆ نموونە لە مانگی ڕەمەزاندا زۆربەی (تیڤی) و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بەرنامەی ئایینی چڕوپڕیان هەیە و پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکەن، ئایا ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ئایینییە، یان بە پێچەوانەوە، مامۆستا چیا دەڵێت: لە ڕاستیدا کاتێك کە پرسیارێکی ئاوا دەکرێت، ئایا کۆمەڵگەی کوردی یا هەر کۆمەڵگەیەکی تر دیندارە؟ ڕەنگە خاڵی گرنگی و لەپێشتر لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ئەوە بێ بچینە سەر قسەکردن لەسەر بازنەی هۆشیاری، ئایا ڕووبەری ئاگایی، ڕووبەری هۆشیاری کۆمەڵگە، هۆشیاری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا چ جۆرێکە لە هۆشیاری؟ هۆشیارییەکی ئایینی، یان هۆشیاریەکی نائایینییە، ئەگەر وەك گۆڕاوێك هۆشیاری وەربگرین، ڕەنگە وەڵامێکی ڕاستەوخۆ ئەوە بێت کە بەڵێ کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ئایینییە، چونکە پانتایی هۆشیارییەکەمان پانتاییەکی ئایینییە، لێرەوە بەشی زۆری ئاکتەکانمان، یان کردە کۆمەڵایەتییەکانمان دەکەوێتە ناو ئەم ڕووبەرەوە کە ڕووبەرە فراوانەکەی هۆشیاری ئێمە داگیر دەکات.

**سەبارەت بە پەیوەندی ئایین و توندوتیژی، وەک زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، پێویستە لە حاڵەتەوە بۆ حاڵەت و بە جیا تاوتوێ بکرێت**

ئێمە دەزانین کە لەم ساڵانەی ڕابردوودا

و بەتایبەتی لە بیست ساڵی ڕابردوودا بە کاریگەری کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی هاتنی هەندێك سیمای ژیانی نوێ و هاتنی شێوە ژیانی مۆدێرنە بۆ کۆمەڵگەی کوردی ئەم ڕووبەرە لە هۆشیاری دەکەوێتە بەردەم پرسیارەوە، یان دەکەوێتە ژێر گومان لێکردنەوە، جۆرێك لەو دڵنیاییەی لەدەست دەدات، کە سەرنجێکی باشە بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی جووڵە ئایینییەکە، جووڵەی گرووپە ئایینییەکان لێرەدا فۆڕمێکی دیکە وەردەگرێت، بە بڕوای من بەشێکی گرنگی پەیوەندی بەمەوە هەیە کە جۆرێك لە دڵنیایی هۆشیاری، یان لە پانتایی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا دەشکێت، ئەم نادڵنیاییە پێویستی بە خۆڕێکخستنەوە هەیە لێرەوە جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی لە ناو گرووپە ئایینییەکاندا دروست دەبێت، ئەم جووڵە کۆمەڵایەتییە لە ڕاستیدا بە باشی هەم دیندارەکان نازانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، هەم دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش، تێبینییەکەی جەنابیشت تێبینییەکی وردە، بەوەی کە دەبینین دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ نموونە لە مانگی ڕەمەزاندا کاتێکی زۆریان تەرخان دەکەن بۆ بابەتە ئایینییەکان، ئینجا بە ئاڕاستەی جیاواز، هەندێک جار ڕەنگە وادەرکەوێت ئامانجەکانیان جیاواز بێت، بەڵام من پێموایە ئامانجەکانیان لە لای خۆیان ڕوون نییە، ئەمە پەیوەندی بە دروستبوونی ئەم کەلێنەوە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ڕووبەرێکی ئایینی زۆر بەهێزی هەیە، تەنانەت تۆ لەگەڵ کەسێکی لائیکدا، یان کەسێکی بێ دینیشدا بکەوێتە گفتوگۆوە پەنا دەباتەوە بۆ ئەو مامەڵەکردنانەی، یان ئەو ئاکتانەی کە دیندارێك دەیکات لە پەیوەندی بە ئیمانەکەیەوە، چونکە پەیوەندی بکەرێکی ئایینی بە ئیمانەکەیەوە هەوڵدانە بۆ گەیشتن پێی، هەوڵدانە بۆ بیناکردنەوەی ئیمانەکە، ئەمە ڕەنگە هەندێك ڕەفتاری وەك تەوحیدکردنی حەقیقەتی لێ بکەوێتەوە، لەڕاستیدا لەلای کەسێکی بێ دین یا کەسێك دژە دینیش ئەمە دەبینێتەوە، پێموایە ئەم ڕەفتارە هەردووکی یەك سەرچاوەیان هەیە کە هۆشیاریمانە، پێشووتر ڕووبەری دینداری داگیر کردووە - نازانم وشەی داگیرکردن بۆ ئێرە دروستە، یان نا – بەڵام باڵی بەسەردا کێشاوە، ڕووبەری دینداری بەردەوامی هەیە و خۆی دەکێشێتە نێو پانتاییەکانی ژیانەوە.

هەروەها مامۆستا چیا لەبارەی پەیوەندی نێوان ئایین و کولتوور لە ڕوانگە کۆمەڵناسییەکەیەوە و کاریگەری لەسەر بونیادی تاکەکان زیاتر قسەی کرد و وتی: بۆ ئەوەی وەڵامەکە کۆمەڵناسییانە بێت، یەکێك لەو شتانەی کە زۆر گرنگە قسەی لەسەر بکەین بریتییە لە بەهاکان. دەشڵێت: وەك دەزانین ئایین بە شێوەی دینداری دێتە ناو کۆمەڵگەوە، ڕاستە لە

مێژووی ئیسلامدا درەنگ وشەی دینداری بایەخی پێدەدرێت، بەشێکی گەورەی بەکارهێنانی وشەی دینداری، بەتایبەت لە سەدەی ڕابردووەوە پەیوەندی گەورەی بە ئیشکردنی زانستی کۆمەڵناسییەوە هەیە، لە کۆمەڵناسیدا ئایین بە شێوەی دینداری لە ناو کۆمەڵگەدا بەرجەستە بێت، واتە ئەوە دینداریيە لە ناو کۆمەڵگەدا خۆی بەیان دەکات، لە کۆمەڵناسی کلاسیکدا وەك (جۆرج زیمیل) بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدات کە لە ڕاستیدا ئەوە هەر دینداری خۆیەتی ئایین دروست دەکات، ئایین شتێك نییە کە ڕێکوپەوان لە بەردەستی ئێمەدا بێت، بەڵکو دینداری و فۆڕمی دینداریيە کە ئایین بەرهەم دەهێنێتەوە، یان دروستی دەکات، کۆمەڵگەی کوردی لە پەیوەندییە کولتورییەکەی لەگەڵ ئاییندا خاڵی نێوەندی و گونجاو تەرکیز خستنە سەر بەهاکانە، بەهاکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئیلهامی گەورە لە ئایینەوە وەردەگرن، بە شێوەیەکی توندوتۆڵ بەسراونەتەوە بە ئایینەوە، لە شێوەی بەرگریکردندا و لە شێوەی یەکلاکردنەوەیدا وەکو ئەوەی حەقیقەتن بەستراونەتەوە بە ئایینەوە، بەڵام لە شێوەی کرداریدا و لە بەرگی ڕیگەچارەی کۆمەڵایەتیانەدا، بەتەواوەتی پەیوەندی نییە بە ئایینی ئیسلامەوە، یان ئایینی ئیسلام تەواو قۆرخی نەکردووە، هەمووی نەکردووە بە بەرگی خۆی، بۆ نموونە هەندێک دیاردەی کولتووری هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا پەیوەندی نییە بە ئیسلامەوە، بەڵام دیاردەیەکی کولتووریشە و ڕەنگە پاساوی ئایینیشی بۆ هێنرابێتەوە، ئەو تاکانە، ئەو بکەرە کۆمەڵایەتیانەی کە هۆشیارییەکەیان هۆشیارییەکی دینییە ڕەنگە ئەمانەیان ئەنجام دابێت، بۆ نموونە مەسەلەی ژن بە ژن، مەسەلەی شیربایی، شتانی لەم جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لە دەق ئایینی ئیسلامدا نییە، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ناو کولتووردا وەك ڕێگەچارەیەکی کولتووری بەکارهاتوون، پرسەکە لەسەر ئەوە نییە ڕێگەچارە کولتوورییەکە دروستە، یان نادروستە، بەڵام لەبارەی ئەوەوەیە ئەمە چ جۆرێك پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە، بۆیە پرۆسەی گواستنەوەی بەهای ئایینییە، یان بەهای کولتووری کۆمەڵگەی کوردی لەڕاستیدا ئایینییە، دەمەوێت بگەین بەم ڕستەیە: پرۆسەی فۆڕمەڵەبوونی بەهاکان و شێوەی گواستنەوەی بەهاکان، ئایینییە، واتە هێشتا شێوەی لائیك، یان شێوەیەك لە سیکۆلاربوونی پێوە دیار نییە. پرۆسەی گواستنەوەی بەهاکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بە لەبەرچاوگرتنی هەندێك حاڵەتی ڕیزپەڕیش کە هەیە لە کۆمەڵگەکەدا، بەڵام شێوە باوەکە ئەوەیە، ڕوون و ئاشکرایە هێزمان هەیە ئیش بۆ ئەمە دەکات، حزبی ئیسلامی هەیە بە فۆڕمێك

دەیەوێت بەهایەك نوێ بکاتەوە، ئیشی بۆ بکات، گرووپی سەلەفییەکان بەجۆرێکی تر دەیانەوێت بۆ چەند بەها ئیش بکەن، بیگوێزنەوە، سۆفییەکان بە جۆرێکی تر و ڕەنگە پێداگری لە مانەوەی هەندێک نەریت بکەن، گرنگ نییە بەهاکان خۆیان لە خۆیاندا بە تەواوەتی سەر بەم کۆمەڵگەیەن، بەڵام پرۆسەی گواستنەوەکەی و پرۆسەی پەروەردەکردنەکە ئەمەش کردەیەکی کۆمەڵایەتییانەیە، کە پرۆسەی پەروەردەکردنی بەهاکان ئایینییە، ئەوە یەك، دووەم: لە ڕاستیدا یادەوەری دەستەجەمعی ئێمەش لە نوێبوونەوەدایە لە پەیوەندی بەمەوە، چونکە بەشێکی تری کۆمەڵگە لە ڕووی کولتوورییەوە بریتییە لە دروستکردنی یادەوەری دەستەجەمعی، وا پێدەچێت ئەمە بە جۆرێك کاری کردووە، بەجۆرێك کاریگەربوونی گرووپە ئایینییەکان کاریگەری لەسەر میدیاکانیش داناوە، میدیاکانی خستووەتە ژێر هەیمەنەی خۆیەوە، لێرەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئێمە لەبەردەم نوێبوونەوەی یادەوەری دەستەجەمعیداین بۆ نەوەیەك، یان دوانی داهاتوو، کە ئەم یادەوەرییە دەستەجەمعییە - کە ئێستە ئێمە لە مانگی ڕەمەزانداین- ڕەنگە لە ڕەمەزاندا کەشێکی بۆ دروست بکات کە ئەم کەشە کاریگەری هەیە دواتر لەسەر کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی، چونکە جیهانە

ڕەمزییەکەی ئێمە جیهانێکی ئایینییە، بە بڕوای کۆمەڵناسی ئەمریکی (چارڵز گلۆک) کاتێک بڕواکان بڕوایەکی ئایینین، جیهانی ڕەمزیش دەبێتە ئایینی، ئێمە بڕوامان بە کتێبێکی پیرۆز هەیە، بڕوامان بە خوایەك هەیە لە پشتی ئەو کتێبە پیرۆزەوە و بە پێغەمبەرێك و لە کۆتایی ئەم جیهانە ڕەمزییە کە سەرچاوەی دەرخستنی مەعریفیانە بۆ ئێمە پڕ دەکاتەوە لە زۆر ئاستی کۆمەڵایەتیشدا کارایە تا ئێستا، ئەمە جیهانێکی ئایینییە و جیهانە ڕەمزییەکەی بە تەواوی داگیر کردووە، سروتە ئایینییەکانیش یارمەتیدەرن بۆ هەندیك موماڕەساتی ڕۆژانە، کە ئەم موماڕەسە ڕۆژانەیە ئەزموونی ئایینی دروست دەکات، ئەزموونی ئایینی کەڵەکە دەکات، ئەم ئەزموونە ئایینییە ڕاستە لە ڕووی دەروونییەوە هۆکاری پاراستنی مرۆڤە لە ترس، بەڵام لەڕاستییدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هۆکاری بەرهەمهێنانەوەی ئینتیمایە بە بۆچوونی (چارڵز گلۆک)، پێموایە ئەگەر ئاوا سەیری بکەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم کارکردنە کارایە بە جۆرێك لە جۆرەکان، تەنانەت کارکردنی گرووپەکان باڵی کێشاوە بە سەر میدیا نائایینییەکانیش، میدیا ڕەنگە بەڵگەیەکی بەرچاو و باش بێت، چونکە ئێمە ڕەنگە بە ژمارە و بە داتا کارمان لەبارەیەوە نەکردبێت، سەرچاوەکانم پەیوەندی نییە بە توێژینەوەیەکی مەیدانییەوە کە

پاساودەر بێ لە ڕووی چەندێتییەوە بۆ باسەکە.

**توندوتیژی ئایینی لە ئیسلامدا ڕۆڵێکی یەکجارگرنگی هەبووە، لە سەلەفیەتدا ئەوە بە زەقی دەردەکەوێت، بە جۆرە جیاجیاکانییەوە. ئینجا مەرجیش نییە توندوتیژییەکە هەمیشە جەستەیی و فیزیکی بێت**

لەبارەی بوونی جۆرێك لە فرە گوتاری هەر لە سەلەفییەوە تا سۆفی و ئاڕاستەی تر کە لە کۆمەڵگەی کوردی بوونی هەیە، بووەتە هۆکار بۆ یەکتر قبووڵکردن و بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردەیی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا؟ یان بە پێچەوانەوە بووەتە هۆی پێکهەڵپڕژان و جۆرێك لە شڵەژانی کۆمەڵایەتی؟ مامۆستا چیا لەو بارەیەوە دەڵێت: مامۆستا ئیحسان ئاماژەی بە وتەیەك دا کە تۆ چۆن دەیخوێنیتەوە، لەڕاستیدا گرنگ نییە چی لە هەناویدا هەیە بە قەدەر ئەوەی کە ئێمە وەك بکەرە کۆمەڵایەتییەکان چۆن ئەمە دەخوێنینەوە؟ ئێستە ئێمە لە ئاستی ڕاڤەکردندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، بەڵام لە ئاستی گشتی کولتوورەکەدا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟ زەمینەسازی زۆر بۆ دروستکردنی جۆرێك لە ململانێ دەکرێت، کە ململانێش بەشێکە، یا فۆڕمێکە لە فۆڕمەکانی توندوتیژی، یان پاڵنەرێکە لە پاڵنەرەکان بۆ بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی، ئەمە زەمینەسازیی زۆری بۆ دەکرێت، هەم لە لایەن دەسەڵاتەوە هەندێک جار، چونکە ئەوە کایەیەکی باشە بەدەم دەسەڵاتەوە، هەم لەلایەن گرووپە ئایینییەکان خۆیانەوە ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەندێك ناوەندی فکریمان هەیە لە کوردستاندا کە ڕەنگە زۆر کەم بن، یان دەنگەکانیان نادیار بێت، لەڕاستیدا هەوڵ دەدەن بە دیوێکی تر مامەڵە لەگەڵ ئەو فرە گرووپی و فرە وتارییە بکەن، بۆ نموونە بۆچوونی محەممەد ئیقباڵ بەسەریاندا زاڵ بێت، ئەویش ئەوەیە کە پێی وایە ئایینداری شوێنهەڵگرتنی ڕاستییەکە، بەڵام ئاییینداری بە جۆرێك لە ئیجتیهاد و بە جۆرێك لە گەڕان و بنکۆڵکردن، بنەمای نوێبوونەوە و بنەمای جووڵەیە لە مێژووی ئیسلامدا، واتە ئەو گرووپانەی لە مێژووی ئیسلامدا دروست بوون - بە بۆچوونی ئەو – گرووپێکن خزمەتیان بە مێژووی ئیسلام کردووە، واتە خزمەتیان بە حەقیقەت کردووە لە مێژووی ئیسلامدا، ئەگەر بەم جۆرەش بخوێنرێتەوە دەکرێت ئەم گرووپانە وەك بەشێك لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردی تەماشا بکرێن، لە ڕاستیدا من نامەوێ بچمە سەر هەندێك بیروبۆچوونی کۆمەڵناسە ئەوروپییەکان،

چونکە ئەوانیش هەندێك بۆچوونیان هەیە کە بۆچوونەکان دژ بەیەکن و هەندێکیان پێیان وایە ئەم گرووپانە پەرچەکردارن بەرامبەر جیهانی نوێ، بەڵام ئێمە لە کۆمەڵگەی کوردیدا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، بەشێکین لەوەی کە بەرەو کوێی دەبەین، واتە خۆیان لە خۆیاندا فۆرمێکی جێگیریان نییە لە لە دەرکەوتندا، بەڵام سەرچاوەیەکی جێگیریان هەیە کە سەرچاوە جێگیرەکانیان تۆ چەند ڕەخنە بکەیت وەك ڕەخنەکردنی خۆت وایە، ئەم ڕەخنەکردنەی دەرکەوتنی گرووپ، یان دەرکەوتنی باری ئاییندارى و گرووپە جیاوازەکان لە ڕاستیدا نوێ نییە بە نیسبەت کۆمەڵگەی کوردییەوە، کە لە لای نالی و مەحوی ئەمە دەبینی، بۆ نموونە لە شاری سلێمانی دەبینی کە پێشووتر شاعیرەکانی ڕەخنەی جۆرێك لە دەرکەوتنی ئایینی لەلای گرووپێکی تر دەکەن، یان پەیوەندی خۆیان بە سیاقە کۆمەڵایەتییە گشتییەکەوە هەمیشە پەیوەندییەکە ترسیان هەیە لەوەی کە ڕەوشەکە لەدەست دەربچێت، مەحوی دەڵێت:

لەم شارە خۆ هەموو ڕەوش و ئەدەبی ئادەمی

یەك بار باری کردووە دین و حەیا خصوص

بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕەخنەی ئەوە دەکات کە دین هەیمەنەیەکی نەماوە بەسەر بازاڕدا، یان بەسەر شێوە ژیانی گشتییدا لەکاتێکدا لەسەر وەختی مەحویدا دین کاریگەری زۆر زۆر گەورەی هەبووە بە سەر کۆمەڵگەوە، ئەمە بریتییە لەو جووڵەیەی کە لە دینداریدا دروست دەبێت، ئەو ترسەی مەحوی پەیوەندی بەو جووڵەیەوە هەیە لە فۆرمی دینداریدا دروست دەبێت، لێرەدا ئەوە گرنگ نییە کە نابێ ڕەخنە بکرێن، چونکە ئەم ڕەخنەگرتنەی ئێمە بەشێکە لە خۆڕێکخستنەوەی ئەو گرووپانە، بەشێکە لە بەرهەمهێنانەوەیان، کە جۆرێکە لە ئەرکداری و جۆرێك لە بەرپرسیاربوونە، واتە پێم وانییە ئەوان بە تەنیا بتوانن ململانێکان ئاڕاستە بکەن، ئەوە ئێمەین پێکەوە، تەواوی گرووپە ئایینییەکان، بکەرە کۆمەڵایەتییەکان، ناوەندەکانی شرۆڤەکردنیش بەرپرسن لەم بەرهەمهێنانەوەیە لەوەی کە ئەم فرە گوتارییە بەرەو کوێ دەڕوات، یان بەرەو کوێ سەردەکێشێت.

سەبارەت بەوەی هەندێك دابونەریت هەیە، کە بە لای دینەوە دروست (جائز) نییە، بە مەترسیداری دەزانێت، بۆ نموونە بە پیرۆز ڕاگرتنی کەسێك، یان چوونە سەر شەخسێك، ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئێمە درکی پێ دەکەین، ئایا ئەمە لە ئایندەدا، جۆرێك لە ناسەقامگیری دروست ناکات؟ مامۆستا ئیحسان لەو بارەیەوە وتی: یەکێك لە خاسیەتەکانی ئایین

مەسەلەی دروستکردنی هاوبەستەیی و پێکەوەبوون و دروستکردنی شوناسێکی دەستەجەمعییە، لەوانەیە (دۆرکهایم) پێش هەموان ئیشی لەسەر ئەوە کردبێت، بەڕاستی ئەو ڕۆڵەشی هەبوو ئایین، بەڵام ئەوە زیاتر لە کۆمەڵگەیەکی نەریتییدا بەو شێوەیە، کە وەک کۆمەڵگەی مۆدێرن کایەکانی دابەش نەبوون و سەربەخۆیی خۆیان نەبووە، بۆیە ئەگەر ئێستا ململانێیەك لە نێوان تێڕوانینێکی ئایینی و تێڕوانینێکی دەرەوەی ئایینی، جا عورفییە، قانوونییە، ئابوورییە، کولتوورییە، دروست دەبێت ئەوە یەکێك لە دەرهاویشتەکانی مۆدێرنەیە و یەکێك لە خاسیەتەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنە، کە پێموایە ئەوە یەکێک لە سەرچاوەکانی توندوتیژی ئایینییە، ئایین دەیەوێ پێگەی پێشتری خۆی لە نێو سیستەم و کایە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا بپارێزێت، کاتێك لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا ئایین باڵادەستە بەسەر زۆربەی کایەکاندا، ئابووری، پەروەردە، هونەر، سیاسەت، کەچی دواتر قۆناغێك دێت کە تێیدا ئەو باڵادەستییەی نامێنێت و وەك ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە تێیدا دەژین، ئایین هەرچەندە لە هەموو شوێنێکیش بوونی هەبێت، بەڵام لە هەموو شوێنێکیش کاڵ بووەتەوە، یان با بڵێین لە زۆربەی شوێنەکان کاڵ بووەتەوە، خەڵك دەڕۆن بۆ نوێژی جومعە، بەڵام کە دێنە دەرەوە مامەڵەی ڕۆژانەیان، کەمتر ڕەنگدانەوەی نوێژی جومعەکەیانە، ناڵێم ئایین کاریگەری نییە، بەڵام کەمتر، بۆچی؟ چونکە ئابوورییەکەیان کۆد، لۆژیك و میکانیزمی ئیشکردنی خۆی هەیە، جیایە لەوەی ئایین. هەڵبەتە هەرچی ئەوەی لەبارەی کۆمەڵگەوە دەگوترێت، هەمووی دەچێتە قاڵبی دەکرێت و مومکین، هیچی حەتمی نییە، هەروەکو ئەوەی کە وتم دەکرێت تەوحید سەرچاوەی توندوتیژی بێت، بەڵام دەکرێت تەوحید سەرچاوەی یەکخستنیش بێت، هۆکارێک بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بێت. هەروەک هەبوونی تێڕوانینی جیاوازیش، ئەو پلوراڵبوونە، ئەو فرەییەش دەکرێت سەربکێشێت بۆ گرفتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کۆمەڵگە نەوەك هەر گرفتێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام دەشکرێت تێڕوانینێکمان هەبێت بۆ حەقیقەت کە حەقیقەت بە تەنیا لای من نییە، هەرچەندە ئەوەش هەروەك وتم کێشەیەکی زۆر قوڵی تێڕوانینی تەوحیدییە، کە خۆی بە سەرچاوەی ڕەهای حەقیقەت دەزانێت، کە پێویستی بە موعالەجە و خوێندنەوەی نوێ هەیە. بەڵام پێموایە هەروەك لە دواقسەکانیشمدا پێشتر وتم، دەکرێت کار بۆ ئەوە بکرێت کە کۆمەڵگە بە ئاڕاستەیەکدا بڕوات کە لە جیاوازییەکانی ناکۆکی نەکەونەوە، ئەمەش پێش هەموو شتێک بە لێکجیاکردنەوەی ئایین و تێگەیشتنی ئایینی، تێگەیشتنی پلوراڵ لە ئایین و تێگەیشتنی شایستە لە پێگەی

ئایین لە کۆمەڵگەی مۆدێرن دەکرێت، دەکرێت ئەمە ببێتە مایەی کەمکردنەوەی توندوتیژیی ئایینی، هەرچەندە کەمبوونەوەی توندوتیژیی ئایینی لە خودی خۆیدا مانای کەمبوونەوەی حەتمی توندوتیژی بە گشتی نییە.

هەروەها مامۆستا چیا وتی: لەڕاستیدا ئێمە خەریکە جۆرێك لە دینداری جیهانی دێتە ناومانەوە، ئەوەی کە کۆمەڵناسێك ناوی دەنێت ئیمانی بێ ئینتیما، ئەم ئیمانی بێ ئینتیمایە لە ململانێدایە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە، بۆ ئەورووپییەکان ڕەنگە هەندێك قۆناغی تێپەڕاندبێت و چووبێتە بارێکی ترەوە، بەڵام ڕەنگە لە لای ئێمە ئیمانی بێ ئینتیما دیاردەیەکی تا ئەندازەیەك نوێ بێت، تاکی ئەمڕۆ ئەو ئینتیمایەی بۆ ئابووری و سیاسەت و کایەکانی تر هەیەتی پەیوەندی نییە بە ئیمانەکەیەوە، لەڕاستیدا گرووپە ئایینییەکان ئێستا بەهێزترین پانتایی کە بەدەستیانەوە بێ پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتییە، بۆیە زۆرترین ململانێی گرووپە ئایینییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا مومکینە لە پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێت، وەك ئەوەی لە بارەی بەهاکانەوە خستمانە ڕوو، سەردانیکردنی گۆڕێك، ڕەنگە لای سەلەفییەك گرفتێکی گەورە بێت و لای دیندارێکی سۆفی بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشێك بێت لە نوێکردنەوەی ئیمان، لەم دوو سێ ساڵەی کۆتایی لە میدیاکانەوە ئاماری سەیر و سەمەرە دەبیستین لەبارەی ڕۆیشتن بۆ لای جادووگەر، ئەمانە کۆمەڵێك بابەتن کە هێشتا پانتاییەکەیان پانتاییەکی ڕوون نییە، لە ناو یاسادا زۆر ڕوون نییە، مامەڵەیەکی یاسایی ڕوونیان لەگەڵدا ناکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە لە ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتیدا کاران، باشترین ڕووبەڕیش کە گرووپە ئایینییەکان بەدەستیانەوە بێت بۆ ململانێی ڕووبەرە کۆمەڵایەتییەکەیە، بۆیە زۆرترین بەرکەوتن لە ڕووبەرە کۆمەڵایەتییەکەدا دەبینین ڕوو دەدات، ئەوەتا ئەو پرسانەی کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دێنە کۆمەڵگەکەوە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە کۆمەڵگەوە هەیە پرسەکانی ژنان و ڕەگەز گۆڕین و ڕەگەزە جیاوازەکان، دەبینین پەرچەکرداری ئایینی گرووپە ئایینییەکان هەموویان پێکەوە بەهێزە، هەرچەندە بۆچوونی جیاوازیشی تیا بێت، چونکە ئەمە ئەو پانتاییەیە کە بە دەستیانەوەیە، خاڵێك هەبێت کە هەموویان کۆکن بن ئەوە هەموویان یەکدەنگن لەسەری و ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەمە بۆ خۆرئاواش ڕاستە، قەشەکان لە هەندێك ڕووبەری کۆمەڵایەتی هەموویان کۆدەنگن و ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام لە ناو ئەم ڕووبەرەشدا ململانێ هەیە بۆ ئەوەی کێ تەواو پانتاییەکە داگیر بکات، پرسەکە ئەوەیە – دیسان دەڵێمەوە - بەهاکانی ئێمەیە، ئێمە چۆن خوێندنەوە دەکەین بۆ ڕەسەنایەتی بەهاکان؟ چ شتێك تەبەنی

دەکرێت، لە پاشەکشەی پەروەردە و پاشەکشەی میدیادا (پاشەکشەی میدیا نەك وەکو ژمارە و بوون، بەڵکو لە ڕووی فکرییەوە) ئێمە میدیایەکی بەهێزمان نییە، ئەوەیان ناکرێت ناوی بنێین پاشەکشێ، لەڕاستیدا دروست نەبووە، ئەم دوانە زۆر کاریگەری هەیە کە ئەو مەیدانە مەیدانێکی شپرزە، مەیدانێکی زۆر تێکپرژاوە، بۆیە هەموو ئەگەرێك تا ئەندازەیەك مومکینە ڕوو بدات، دەکەوێتە سەر ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو شپرزییەدا بکەین.

**سەلەفییەت دابڕانێکە لەگەڵ ئێستا و ئێرەدا، سەلەفی کوڕی ئێستا و ئێرە نییە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ساتێکی مێژوویی بە موتلەق و ئایدیالی دەکرێت**

سەبارەت بەکاریگەری ئاینی هاوردە بۆسەر کۆمەڵگەی کوردی، مامۆستا ئیحسان دەڵێت: بێگومان کاریگەری کەلتوورەکان لەسەر یەکتر، شتێکە نکۆڵی لێ ناکرێت، بڵاوبوونەوەی هەر ئایینێك شتانێک لەگەڵ خۆی دەهێنێت بۆ شوێنێکی دیکە، هەرچەندە هەندێك لە شارەزایان پێیانوایە کە لە ئیسلامیشدا، ئیسلامی عەرەب بۆنی عەرەب دەدات و ئیسلامی عەجەم بۆنی عەجەم، ئیسلامی دێهات ڕەنگی دێهاتی هەیە و ئیسلامی شار ڕەنگێکی شاری، بەڵام ئایین هەم پێکهاتەی تێدان کە لە سەرچاوەکەیەوە دێن و هەم پێکهاتەی هەن کە لۆکاڵین، بەڵام لەگەڵ جیهانگیریدا کاریگەرییە دەرەکییەکان زۆرتر بوون، بەتایبەتیش لە ڕێگای میدیاوە. بە هۆی نەبوونی فەزایەکی گشتی کوردی کارا و داهێنەر، کە من لە فەزای گشتی لەگەڵ ڕووبەری گشتی کوردیدا گرفتێکی گەورە دەبینم، کە ڕووبەرێکە هیچ کاتێك سەربەخۆییەکی بەهێزی خۆی نەبووە بە شێوەیەک کولتوورێك دروست بکات بەتەواوەتی کوردی بێت، بەتایبەتی لەو چەند دەیەی ڕابردووشدا ئەمە زەقتر دەردەکەوێت. جا ئێستاش لە ڕێی جیهانیبوونەوە تۆزێك سەختتریش بووە، کاریگەری کولتووری دیکە، چ عەرەبی، چ فارسی، چ تورکی بێت، زۆر بە زەحمەت ڕێگای لێ دەگیرێ، بەتایبەتیش کە لە ناو خۆتدا داهێنان بە گشتی و لەو بواری جێی باسدا داهێنانی ئایینییانەت کەم بێت. دەکرێت کورد شتێکی نوێی هەبێت، بەس نەیبووە، بۆ نەیبووە، ئەوە هۆکاری دیکەی هەن، بۆ نموونە خوێندنەوەیەکی نوێی کورد بۆ ئایین، کە دەڵێم نوێ ناڵێم کوردەوارییانە، چونکە پێموایە قەیرانی فکری ئیسلامی ئێستا لە هەرێمی کوردستانیشدا سەرچاوەکانی زیاتر ئەو فۆرمە کلاسیکییانەی ئایینن، جا چ عیرفانە، چ تەسەوفە، چ ئایینی کوردەوارییە، چ ئایینی غەیرە کوردەواری کە باوبوون تێیدا.

هەر لەو بارەیەوە مامۆستا چیا وتی: بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵناسیدا زۆر بایەخ بەم پۆلێنکردنانە نادەین، یان زۆر ڕەوایەتی نییە، ئایینی هاوردە، ئایینی حەق و باتڵ، خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، نەك ئەوەی ڕاست و هەڵەی بەسەردا بهێنرێت، کۆمەڵگە هەیە ئایینی فرە خودایی تێدایە، چۆن ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕووی ئایینییەوە دەخوێنیتەوە، ئیتر ئەگەر بێیتە سەر ئەم پۆلێنە، یان ئەم پێودانگە قبوڵ بکەیت ئایینێك هەیە حەقە و ئایینێك هەیە باتڵە تۆ ناتوانی کۆمەڵگەکە بخوێنیتەوە، ڕێگریت لێ دەکات، لەبەرئەوە ئایینی هاوردە چەمکێکە زۆر بایەخی نییە لە کۆمەڵناسیدا، ئەمە پەشێویە کۆمەڵگەکەیە، من ناوی دەنێم پەشێوی کۆمەڵگە، ڕەنگە هەندێك بیرمەندی کوردیمان هەبێ پێیان خۆش نەبێ ئەمە ناو بنێین پەشێوی، پێیان وایە ئەمە فرەییەکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆحی کۆمەڵگەی کوردی وەهایە کە لەسەر یەك دۆخ، لەسەر یەك بار جێگیر نابێت، بۆ نموونە لە ڕووی زمانەوانییەوە یەک زمانی ستانداردی نییە لە ڕووی کولتوورییەوە لە لادێیەکەوە بۆ لادێکی تر جاری وا هەیە جیاوازی زۆر گەورە هەیە لە دابونەریتی کۆمەڵگەکەدا، ئەمە ڕۆحێکە ئەگەر ناوی بنێین ڕۆحی کوردبوون، مامۆستا ناوی نا فەزایەکی گشتیمان نییە، یان فەزایەکی گشتی سەربەخۆمان نییە، بەو مانایە ئێمە فەزایەکمان نییە کە یەك جۆر و یەك ڕەنگ بێت و بتوانین بەو یەك ڕەنگییە بەرگری لێ بکەین، یان بیخەینە بەرامبەر ئەوی تر، ئەوی تری هاتوو وەکو کەلتوور، وەکو میدیا، وەکو هەر شتێکی تر، پرسیارەکە دەبێت لەسەر کۆمەڵگەکە بێت، کۆمەڵگەکە دەرگای کراوەیە بۆ ئەمانە، ئەمە بۆچی وایە، لەڕاستیدا ئەمەیان ڕەنگە جێگەی سەرنج بێت کە بۆچی کۆمەڵگەی کوردی بۆ نموونە یەکسەر درامایەکی تورکی دێت وەریدەگرێت، درامایەکی عەرەبی دێت وەریدەگرێت، درامایەکی فارسیش دێت هەر وەریدەگرێت و بینەری بۆ پەیدا دەبێت و وەکو ئیدیۆم شێوە ژیانیش دەچێتە ناو خەڵکەوە و بەشێك لە دانیشتنەکان دەبێتە گفتوگۆ لەبارەی ئەمانەوە، هەڵبەت هەندیك دانیشتنی خێزانی و هاوشێوەکانی، ئەمە پەیوەندی بە کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، هەموو کولتوورێکیش کە کاتێك شتێك بەرهەم دەهێنێت، دەیەوێت بیگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر ئەگەر توانای ئەوەی هەبێت، کلتوری کوردی ئەم توانایەی نییە، ئەمە توانادار بوونە، یان پۆزەتیف بوون و نێگەتیف بوونەکەی جارێ حوکم نادەم بەسەریدا، بەڵام کەلتووری کوردی تا ئێستا ئەمەی نەکردووە کە کولتووری خۆی بگوێزێتەوە بۆ ئەوانی تر، لەبەرئەوەی بارێکیش هەیە باری

پەیوەندی کورد بە ئایینەوە پەیوەندییەك نەبووە کە پێی وابێ ئایینێکە دەبێت بگوێزێتەوە لە ڕێگەی کولتووری خۆیەوە، یانی هەموو بیرمەندە موسڵمانەکان لە کوردستاندا ئیشە گەورەکانیان بە زمانەکانی تر کردووە، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، لێرە و لەوێ دەگمەن موفەکیرێکی کوردی، موفەسیرێکی کوردی، مەلایەکی کوردی دەردەکەوێت کە ئیشێکی گەورەی کردبێت بە زمانی کوردی، کاتێکیش کە دەچیتە ناوەرۆکەوە و دەیخوێنیتەوە سەیر دەکەی وتارەکەی ڕووی لە هەموو کۆمەڵگەی کوردی نییە، تەنیا ڕووی لە شارەکەی خۆیەتی، واتە کۆمەڵگەی کوردی جارێ هەر ئەوەی نەکردووە بیەوێت خۆی بگوێزێتەوە بۆ ئەوانی تر، لە ناویشەوە یەکێتییەکی وەهای نییە، کە ئەو یەکێتییە وەکو وتم ئەرێنی و نەرێنییەکەی قابیلی حوکم نییە، بەڵام یەکێتییەکی وەهای نییە کە ڕێگە نەدات بە هاتنە ناووەوەی هەر کولتوورێك، فرەییەکی زۆر زۆری تێدایە، بەشێکی گەورەش پەیوەندی بە جیهانی نوێوە هەیە، لە جیهانی نوێدا بکەرە کۆمەڵایەتییەکان خواستی جیاوازیان هەیە، جیهانگیری کاریگەری زۆری لەسەر ئەمە داناوە، ئەمەشی زۆر زەحمەتتر کردووە، ئەم خواستانە بە خێرایی لە شوێنێکی ترەوە دەهێنرێن، ئەگەر خێزانی خۆی قبووڵی نەبێت دانیشێت بە دیار درامایەکەوە کە جۆرێك لە عروبە، یان تورکبوونی بەسەردا زاڵە هەر شتێکی تر لە ڕووی دیندارییەوە ڕەنگە منداڵەکەی لە گۆشەیەکی ئینتەرنێتەوە، لە گۆشەیەکی جیهانی میدیاوە کە کاریگەر بووبێت بەوە و بیگوێزێتەوە بۆ خێزانەکە. بەشێکی گەورەی گرفتەکە ئەوەیە بەرهەمهێنانەوەی کولتووری بە تەواوەتی لە دەستی دەزگاکانی پەروەردەدا و لە دەستی کولتوورە کوردییەکە خۆشیدا نەبووە بە درێژایی مێژوو، کە کاریگەری زۆر خراپی هەبووە، چونکە زۆر نەریت و مامەڵەی نەریتیمان هەبووە ئاوا بووە و ون بووە، بەڵام بەداخەوە زەمینەکە ئاوایە.

# بیرمەندان

ئایینناسی

# عەلائەدین سەجادی
# مەلایەکی ڕچەشکێن

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی و عومەر مەلا کەریم بەرزنجی

**پێشەکی**

مامۆستا عەلائەدین سەجادی، خاوەنی چەندان بەرهەمی ناوازەیە لە بواری وێژە، زمان، مێژوو، فەرهەنگ و فۆلکلۆر. کە بەشێك لەم بەرهەمانە تاقانەی ڕۆژگاری خۆیانن و سەجادی یەکەمینە لە نووسین و خستنە ڕوویدا، هەر بۆیە گونجاوە مامۆستا سەجادی بە ڕچەشکێنی بوارەکە ناوزەد بکرێت.

لە سەد ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵێك هەوڵی تاکەکەسی لە بواری مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەدیدەکرێت، کە مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی مامۆستا سەجادی شوێنێکی دیار و درەوشاوەی هەیە لەناویاندا. هەرچەندە پێش سەجادی هەریەکێك لە بەرهەمەکانی (ئەنجومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزی بەگ/ ١٩٢٠ لە ئەستەمبوڵ، کۆمەڵە شیعری شاعیرانی کوردی عەبدولکەریم هەکزی/١٩٣٨ لە سلێمانی، گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرمی عەلی کەمال باپیر ئاغا/ ١٩٣٩ لە سلێمانی، هەروەها شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ڕەفیق حیلمی/ ١٩٤١ لە بەغدا) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەڵام مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا سەجادی بە سەرتۆپی هەموو کارەکانی پێش خۆی دێت(١).

سەجادی لە پتەوکردنی ئەستوونی پەخشانی کوردیشدا بە پێشکەشکردنی چەندین بەرهەمی گرنگ و بەپێز، دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە. کۆمەڵە کتێبی ڕشتەی مرواری لەو بەرهەمانەی ئەدەبی کوردییە کە سەرچاوەیەکی هێژای ئەدەبی زارەکییە و کۆمەڵێك چیرۆك و ئەفسانە و پەند و سەربووردە و دەق گێڕانەوەی و وێژەییە، کە بە زۆری دەچنە خانەی گێڕانەوەوە، گێڕانەوە وەکو بوارێکی گرنگ و بەرینی ئەدەب، هەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە ڕووداو، سەربوردە، یاخود بیرەوەرییەك دەنووسێتەوە. دیارە جگە لە ڕشتەی مرواری بەرهەمەکانی دیکەی سەجادی بە شێوەی پەخشانێکی ڕوون و ڕەوان نووسراون بە زمانی کوردیی ناوەندیی(٢).

بەرهەمە ڕەوانبێژییەکەی و پەرتووکی تایبەت بە زیندەوریش تاقانەن و یەکەمینن، بەو واتایەی ڕچەشکێنییەکە لە ڕچەشکێنییەکانی مامۆستا سەجادی و پێش سەجادی کەس وەها پەرتووکێکی نەنووسیوە. لە چەندین بوار و بابەتی دیکەشدا مامۆستا سەجادی ئەم سەروەرییەی بۆخۆی بردووە.

### ٢. عەلائەدین سەجادی

### ٢.١ پوختەی ژیاننامە

مامۆستا عەلائەدین سەجادی ناوی تەواوی (عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی عیسامەدین)ە. مەلا، قازی، ئەدیب، مامۆستای زانکۆ، نووسەر، کۆڵەرەوە، مێژوونووس، چیرۆکنووس، گەشتنامەنووس، ڕۆژنامەنووس بووە. لە ساڵی ١٩٠٧ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڕەکی قەتارچییان لە شاری سنە لە دایك بووە(٣)، لەناو بنەماڵەیەکی ئایینپەروەردا کە لە بنەڕەتدا هەورامین و خەڵکی دێی (کەڵجی)ن و بە بنەماڵەی (سەجادی) بەنامێن. لە بنەماڵەی سەجادیدا چەندین کەسایەتی و زانا و ناودار هەڵکەوتوون. لەبەر ئەوەی لەسەر ماڵە خاڵوانی ناسنامەی بۆ دەرکراوە کە خاڵوانی خەڵکی گوندی باراون، هەندێك پێی وایە کە مامۆستا سەجادی باراوییە و لە ساڵی ١٩١٥ لە گوندی باراو لە ناحیێ سرۆچك/بەرزنجە لە دایك بووە(٤).

لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستدا، کاتێك مامۆستا سەجادی چووەتە بەغدا، بەشداری لە دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کوردانددا کردووە، لە ساڵی ١٩٥٩ بە مەرسوومێکی عەبدولکەریم قاسم بووەتە مامۆستای زانکۆی بەغدا و لەبەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب، تا ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام بووە لە وانە وتنەوە، لە ساڵی ١٩٧٢هوە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووە، لە ساڵی ١٩٧٤ تاوەکو ١٩٧٧ ئەمینداری گشتی وەزارەتی ئەوقافی عێراق بووە، هەتاوەکو خانەنشین بوونی(٥).

مامۆستا سەجادی لە ساڵی ١٩٣٩ لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ئەسپی خۆی تاوداوە و لە ساڵی ١٩٤١ز بووەتە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری گەلاوێژ لە بەغدا، بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد گۆڤاری گەلاوێژیان دەرچواندووە، تاوەکو داخستنی گۆڤارەکە لە ساڵی ١٩٤٩. گۆڤاری (نزار) یشی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە ساڵی ١٩٤٨ لە بەغدا دەرکردووە بە شێوەی ١٥ ڕۆژ و ژمارەیەك کە خۆی سەرنووسەری بووە هەتا وەکو لە ساڵی ١٩٤٩ ئەمیش داخراوە(٦).

مامۆستا سەجادی لە هەموو بەرهەمەکانیدا ئەمانەتی زانستی پاراستووە و هەموو سەرچاوەکانی دیاری کردووە و لە نوسیندا شێوەیەکی نوێی گرتووەتەبەر و لە هەندێک بابەت و نووسیندا بە داهێنەر دەدرێتە قەڵەم(٧). هەموو ئەو داهێنان و کارە ناوازانەشی

بوونەتە ڕچەشکێنی لە ژیانی مامۆستا عەلائەدین سەجادیدا.

## ٢،٢ خوێندنی حوجرە و مۆڵەتنامەی مەلایەتی

خوێندنی ئایینی مامۆستا مەلا عەلائەدینی سەجادی لە شاری سنەوە دەست پێ دەکات، لای بنەماڵەکەی و مامۆستایانی شاری سنە لە سیپارەوە بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین دەستپێدەکات تا لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، پاشان لە ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٢١ لە باڵەك و ڕەواندوز خوێندویەتی، لە ساڵی ١٩٢٣ هاتووەتە شاری سلێمانی و لە خوێندنی حوجرە بەردەوام بووە لە هەردوو مزگەوتی (حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە) و (شێخ جەلال)، لای زانا ناودارەکانی سلێمانی کە حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە و مامۆستا مەلا شێخ جەلال بوون، دوای تەواوکردنی نەحو، سەڕف، بەلاغە، تەجوید، تەفسیر، علومی قورئان، علومی حەدیس، فیقهی شافیعی و .... هی تر، لە ساڵی ١٩٣٨ مۆڵەتنامەی مەلایەتی لەلایەن مامۆستا مەلا شێخ بابا عەلی تەکییەوە پێدەدرێت، دواتر ڕوو دەکاتە بەغدا و لە مزگەوتی (نەعیمە خاتوون) دەبێتە پێشنوێژ، لە بەغدا لە کۆڕی دەرس و وانەوتنەوەی زانایانی بەنامێی ئەو ڕۆژگارە، هەریەك لە شێخ ئەمجەد زەهاوی و مەلا محەممەدی قزڵجیدا دادەنیشێت و لێیان بەهرەمەند دەبێت(٦)، (٥).

مامۆستا سەجادی، بە درێژایی سی و پێنج ساڵ کە ئیمامی مزگەوت بووە، هەموو ڕۆژێك لە نێوان نوێژی مەغریب و عیشا لە مزگەوتە بچکۆلانەکەیدا ئەدیب و ڕۆشنبیر و ناسیاوانی لەدەور کۆ دەبوونەوە و دەست دەکرا بە گفتوگۆ و نوکتە و قسەی خۆش. مامۆستا ئەو هەلەی لەدەس نەدەدا، ئەو قسە خۆش و نەستەقانەی کە بەدڵ بوایە تۆماری دەکردن و دەچوو سەرلەنوێ دایدەڕشتنەوە. ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٥٧) هوە تا ساڵی (١٩٨٣) هەشت بەرگە کتێبی بەناوی (ڕشتەی مرواری)یەوە لێ چاپکردن کە بوو بەجۆرە ئەدەبێکی زیندووی میللەتەکەمان(٨).

## ٣،٢ دانراوەکانی عەلائەدین سەجادی

مامۆستا عەلائەدین سەجادی سەردەستەی ئەدیب و نووسەر و زانایانی کوردە، چونکە کەس وەکو ئەو لە ڕێگای خوێندن و ژیانی مەلایەتییەوە نەیتوانیوە بەرهەمی شاکاریی گەورە بە ئاکام بگەیەنێت و ئەو شاکارانەش چەندین مەیدانی ئەدەبی، مێژوویی، کەلەپووری نەتەوایەتی، زمانەوانی، ڕەخنە، کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوە، ڕۆژنامەنووسی، فەرهەنگ، گەشتنامە و ڕۆشنبیری گشتی بگرنەوە(٧).

لە ماوەی ٣١ ساڵدا ٢١ کتێبی بەقەبارەی (٥٣٦٦) لاپەڕە چاپکردووە، ئەمەش دەکاتە ٤٪ی کتێبی کوردی ئەو سەردەمە،

هیچ نووسەرێکی کوردمان بە قەوارەی کتێب نەگەیشتووەتە ڕادەی خزمەتی مامۆستا سەجادی، تەنیا مامۆستای پایەبڵند مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نەبێت کە کەوتوەتە ژوور مامۆستای خوالێخۆشبووەوە. هەربۆیە لە دوای مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بە دووەم گەورە نووسەری ئەو ڕۆژگارە ئەژمار دەکرێت. سەرەڕای ئەو هەموو بەرهەمە چاپکراوانە سەجادی لەو ڕۆژگارەدا، چەند بەرهەمێکی دیکەشی بەجێهێشتبوو کە ئامادەی چاپبوون وەك (بەرگی نۆیەمی ڕشتەی مرواری) و (بەرگی دووەمی دەقەکانی ئەدەبی کوردی) و (کتێبی زیندەوەر)، هەروەها ڕۆژانە بیرەوەری تایبەتی خۆی یادداشت کردبوو(٧)، بەڵام ڕوون نییە یادداشتەکانی چی بەسەر هاتووە و کەوتووەتە لای کێ.

ئەمەش ناوی کتێبەکانی و ساڵی دانانیان:

١. مێژووی ئەدەبی کوردی، (١٩٥٢) و (چاپی دووەم ١٩٧١).
٢. ناوی کوردی، ١٩٥٣
٣. ڕشتەی مرواری، بەرگی یەکەم، (١٩٥٧) و (چاپی دووەم ١٩٩٩) و (چاپی سێیەم ٢٠٠٥)
٤. ڕشتەی مرواری، بەرگی دووەم، (١٩٥٧) و (چاپی دووەم ١٩٩٩) و (چاپی سێیەم ٢٠٠٥).
٥. ڕشتەی مرواری، بەرگی سێیەم، (١٩٥٨) و (چاپی دووەم ١٩٩٩) و (چاپی سێیەم ٢٠٠٥).
٦. ڕشتەی مرواری، بەرگی چوارەم، (١٩٦٨) و (چاپی دووەم ١٩٩٩) و (چاپی سێیەم ٢٠٠٥).
٧. ڕشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم، (١٩٧٢) و (چاپی دووەم ١٩٩٩) و (چاپی سێیەم ٢٠٠٥).
٨. ڕشتەی مرواری، بەرگی شەشەم، (١٩٧٩) و (چاپی دووەم ١٩٩٩) و (چاپی سێیەم ٢٠٠٥).
٩. ڕشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم، (١٩٨٠) و (چاپی دووەم ١٩٩٩) و (چاپی سێیەم ٢٠٠٥).
١٠. ڕشتەی مرواری، بەرگی هەشتەم، (١٩٨٣) و (چاپی دووەم ١٩٩٩) و (چاپی سێیەم ٢٠٠٥).
١١. گەشتێك لە کوردستاندا، ١٩٥٦
١٢. شۆڕشەکانی کورد (١٩٥٩) و (چاپی دووەم ٢٠٠٥).
١٣. هەمیشە بەهار ، ١٦٩٠
١٤. دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی، ١٩٦١
١٥. ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، ١٩٦٨
١٦. نرخ شناسی، ١٩٦٩
١٧. دوو چامەکەی نالی و سالم، ١٩٧٣
١٨. کوردەواری، ١٩٧٤
١٩. دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، ١٩٧٨
٢٠. خۆشخوانی، (١٩٧٨).
٢١. یادی پیرەمێرد ١٩٥١
٢٢. یادی کۆچی محەمەد ئەمین زەکی، ١٩٤٨

٢٣. گێتی زیندەوەر، ٢٠٠٨
٢٤. ڕشتەی مرواری، بەرگی نۆهەم.
٢٥. مێژووی ڕاپەڕینی کورد، ١٩٩٦.
٢٦. دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم.

## ٤،٢ خوێندکارو فەقێکانی عەلائەدین سەجادی

مامۆستا سەجادی لەبەر ئەوەی هەم مەلا بووە و هەم مامۆستای زانکۆ، بۆیە زۆرێك لە خوێندکاران لێی بەهرەمەند بوون و سوودیان لە زانستەکەی وەرگرتووە، هەر بۆیە لێرەدا نموونەی فەقێ و خوێندکاری زانکۆی دەخەینە ڕوو لەگەڵ بۆچوونیان دەربارەی مامۆستاکەیان:

١- عەبدوڕەحمان موفتی یەکێك بووە لە فەقێ و قوتابییەکانی مامۆستا سەجادی، وەك خۆی دەنووسێت: (قوتابییەکی خۆی بووم لە چلەکان بەدواوە، هەر هانی دەدام بۆ نووسین، بە وشەی پاك و جوان، هەر لەبیرم ناچێتەوە (شایەتیشم گۆڤاری گەلاوێژی بەنرخە) کە لەزۆریدا نووسین و شیعری منی بلاوکردووەتەوە، ئەمەش (شانازییەکە بۆ من)(٧).

٢- دکتۆر شوکرییە ڕەسوڵ، یەکێك لە خوێندکارە بە وەفاکانی مامۆستا سەجادییە کە وتارێکیشی دەربارە نووسیوە و لە ناونیشانی وتارەکەیدا شانازی بەوەوە دەکات کە خوێندکاری بووە و دەنووسێت : (مامۆستای لە یاد نەکردووم سەجادی!)، لە ناوەرۆکی وتارەکەشدا ئاماژە بەوە دەکات مامۆستا سەجادی زۆر ڕێزی گرتووە و هاندەری بووە بۆ نووسین و خوێندنەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: (سەجادی نەك هەر ڕێزی منی بەتایبەتی دەگرت، بەڵکو ڕێزی هەموو ئەو قوتابییە چاپوکانەی دەگرت کە هەڵوەدای نووسین و خوێندنەوە و ڕێگای بەرەو هەورازی خوێندن بوون. زۆر جار پۆلەکەمانی بە نوکتەی (خاوەن دەق) خۆش دەکرد. لەگەڵ هەر دەقێکی پەخشانی هونەری کە پێی دەوتین نوکتەیەکی بەتام و چێژی سلێمانی و هەولێرییانەی لەمەڕ وشەی (ئەرێ بۆ و ئەدی لۆ)وە بۆ دەگێڕاینەوە)(٧).

**سەجادی لە پتەوکردنی ئەستوونی پەخشانی کوردیشدا بە پێشکەشکردنی چەندین بەرهەمی گرنگ و بەپێز، دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە**

## ٥،٢ تایبەتمەندییەکانی عەلائەدین سەجادی

دڵپاکبوو، دەروون پاکبوو، خاوەنی دڵێکی فراوان بوو، پیاوێکی بە لەش بچووك و بە مێشك گەورە بوو، مەند و زرنگ و هێمن و لەسەرخۆ بوو. بۆ ژیانی خۆی تێدەکۆشا و بۆ دڵخۆشکردنی خوداش تێدەکۆشا، بەڵام هیچ دەمێك کەڵك

و چاکەی تایبەتی خۆی نەدەخستە پێش کەڵك و چاکەی گشتییەوە، هەمیشە دەیویست بەپیر خەم و پەژارەی خەڵکییەوە بچێت، کەس نەبوو هێندەی ئەو هەموو خەڵکی خۆش بوێت و حەز بە خۆشی و بەرزی و سەرکەوتنی هەموو خەڵك بکات. لە خۆشی هەموو خەڵکدا زەردەخەنەی بەختیاریت بەسەر لێویەوە دەبینی و لە ناخۆشیی هەموو خەڵکدا ماتەم دایدەگرت. وەك گەورەی خۆی، بایەخی بە کاری گەورە دەدا و زۆر بە شتی بچووکەوە دڵی خۆی ئازار نەدەدا. ڕۆژێك بێ و لاپەڕەی یادگار دەربارەی سەجادیی ئینسان تۆمار بکرێ، ئەوا هەر نواندنی ئەو شەخسیەتە مەزنە، گەشتێکی گەورە و بەرزی نووسینە(٩)، (٧).

سەجادی عاشقی وشەی پاك و جوان بوو، زۆربەی ژیانی خۆی لەگەڵ وشە و خوێندنەوە و نووسین و دەنگ و ڕەشی و گەشیی چاپخانەدا بردە سەر(٩). بەجۆرێک ساڵەهایەکی دوور و درێژ، مامۆستای ڕەحمەتیمان مامۆستا عەلائەدین سەجادی، لەم بەغدایە بەدەم هاوار و هانای هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردەوە بوو، کە دەستی قەڵەم بگرێت و بتوانێت بنووسێت. تا پاش شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨یش کەم کتێبی کوردی لە بەغدا دەرچووە بنووسەکەی دانیشتووی دەرەوەی بەغدا بووبێت و مامۆستا عەلائەدین چاپخانە بۆ پەیداکەر و ڕاستکەرەوەی پڕۆڤەی چاپ و سەرپەرشتیکاری لە چاپدانی نەبووبێت(١٠). لەم بوارەشدا هاوکاری (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، عەبدوڵڵا گۆران، شاکر فەتاح، فەهمی جاف) و دەیان کەسی تری کردووە(١١).

لە کۆششی مەردانە شوێن دەستی دیارە، بێ هەوا بوو، هەرگیز لە مردن نەدەترسا. کامەرانی و بەختیاریی لە یاریدەدان و خزمەتکردنی گشتیدا دەبینی بەبێ ئەوەی بەرامبەر بەم هەموو ڕەنجکێشانە چاوەڕێی هیچ جۆرە پاداشتێك بێت، یا چاوەڕێی دەستیاوێکی کۆششی ڕەنگینی بێت(١٢). خوداناسییەکەی پاڵی پێوە دەنا، لە کۆڕی نەتەوایەتی و نیشتمانی و مرۆڤ دۆستیدا ئیسلامەتییەکەی خۆی بەکەڵك بهێنێ، بۆ پێشکەوتنی کوردەواری(٧). کوردایەتییەکی پاك، بیرێکی پاك و سەر بە گەل و خاك و مێژوو و پێشکەوتن. لە دڵەوە خۆشویستنی کەسانی چەوساوە و دوژمنی هەموو چەشنە چەوساندنەوەیەك بوو(٧).

لە نووسین و خوێندنەوە و خزمەت بەردەوام بوو، نارەحەتییەکانی ژیان کاری نەکردە سەری هەتاوەکو کوژرانی کوڕە گەورەکەی بەناوی (دانا) لە جەنگی ئێران-ئێراقدا لە ساڵی ١٩٨٣، کە کاریگەری کردە سەری و لە ڕووی دەروونییەوە لە پەل و پۆی خست و توانای وەك جاران نەما، هەر بەوهۆیەشەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد(١١).

**٦،٢ مردنی عەلائەدین سەجادی**

ئەگەرچی مامۆستا عەلائەدین سەجادی دوای بەڕێکردنی تەمەنێکی پڕ سەروەری و خزمەت کە مێژوویەکی باڵا و گرنگە لە ڕێکەوتی (١٤- ١٢- ١٩٨٤ز ) لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە شاری بەغدا لە نزیك شێخ عەبدوڕەحمان نەقشبەندی و شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە بە خاك سپێردرا، بەڵام بەهۆی جیاوازی سەجادی لەگەڵ ئەوانی تردا، مامۆستا مەسعود محەممەد دەنووسێت: (مردنی تۆ بەندە بە مردنی وشە و ئەدەب و ڕۆشنایی و ئەو خاکە و ئەو خەڵقەی مردنیان بۆ نییە. کورد و کوردستان هەر زیندوون، تۆش لەنێوەندی دڵیاندا)(١٣).

**٣، ڕچەشکێنی عەلائەدین سەجادی**

مامۆستا سەجادی بە یەکێك لە نووسەرە ڕچەشکێنەکانی کورد دادەنرێت، کە لە هەندێك بواردا تاقانەی سەردەمی خۆی بووە و یەکەمین بەرهەم و دانراوی بوارەکە نووسینەکانی ئەو بووە، هەر بۆیە بە کورتی باس لە هەوڵە داهێنەرانەکانی و کارە ڕچەشکێنییەکانی دەکەین. کە هەندێکیان لە وێنەیان نییە و هەندێکیشیان لەگەڵ ئەوەی پێشینەیەکی هەیە، بەڵام کارەکەی سەجادی لە پێشترینە بە کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز، ئەمەش ڕچەشکێنی بۆ سەجادی تۆمار کردووە.

**١،٣ لە حوجرە و مەلایەتییەوە بۆ مامۆستای زانکۆ**

مامۆستا مەلا عەلائەدینی سەجادی لە ساڵی ١٩٥٩ بە مەرسوومێکی عەبدولکەریم قاسم بووەتە مامۆستای زانکۆی بەغدا و لەبەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب، تا ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام بووە لە وانە وتنەوە. دیارە ئەمە لە لایەکەوە گەورەیی و زانایی و لێهاتوویی مامۆستا سەجادی دەردەخات، لەلایەکی تریشەوە بەیەکێك لە ڕچەشکێنییەکانی مامۆستا سەجادی ئەژمار دەکرێت کە مەلا و دەرچوویەکی مەدرەسە و حوجرەی مزگەوت بە بێ خوێندنی زانکۆیی ببێتە مامۆستای زانکۆ(٦).

**مامۆستا سەجادی لە هەموو بەرهەمەکانیدا ئەمانەتی زانستی پاراستووە و هەموو سەرچاوەکانی دیاری کردووە و لە نوسیندا شێوەیەکی نوێی گرتووەتەبەر و لە هەندێک بابەت و نووسیندا بە داهێنەر دەدرێتە قەڵەم**

پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار لە وتارێکدا بە ناونیشانی (بیرەوەری و دڵۆپێك فرمێسك بۆ مامۆستا)، دەربارەی ڕچەشکێنی و لێهاتوویی مامۆستا سەجادی دەنووسێت: (هەندێک پێش جەنگی گێتیی

دووەم لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە دەرچوانی قوتابخانەی تازە بابەت هەبوو، مامۆستا سەجادی دەرچووی حوجرەی کۆن و دوازدە عیلم و پێش نوێژ لە ڕیزی پێشەوە لەگەڵ دەرچوانی کۆلێژەکانی بەغدا وەستا. لە زۆربەی ئەوانیش باشتر بوو، چونکە ئەوان لە کۆلێژەکان هەموو شتیان دەخوێند، ئەدەبی کوردی نەبێ، لەبەرئەوە کاتیان کەم بەدەستەوە بوو خەریکی ئەدەبی کوردی بن، کەچی مامۆستا قوتابخانەی گەلاوێژ و هەموو دەم و ساتێکیشی هەر بۆ ئەدەبی کوردی بوو، ماوەی نوێژەکانی لێ دەرچێت(١٤). هەرچەندە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دکتۆر خەزنەدار پێی وایە حوجرەی کۆن و دوازدە عیلمی هاوشانی قوتابخانەی تازە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەجادی هاوشانی دەرچوانی قوتابخانەی تازە بووە. ئەمەش بە جۆرێک لە پلاری ناڕاستەوخۆ تێدەگەین بۆ حوجرە کە هۆکەی ئایدۆلۆژیای دکتۆر خەزنەدارە.

## ٢،٣ سەجادی نووسەری یەکەم پەرتووکی ڕەوانبێژیی

مامۆستا عەلائەدین سەجادی بە نووسینی پەرتووکی (خۆشخوانی) بووەتە ڕچەشکێنی بواری ڕەوانبێژیی، چونکە خۆشخوانی یەکەم پەرتووکی کوردیی سەربەخۆی سەبارەت بە ڕوونبێژییە، هەر سێ بابەتی ڕوونبێژی وەك واتاناسی، ڕوونبێژی و جوانکاری لەخۆ بگرێت. لەم دانراوەدا بۆ یەکەمجار هەر سێ زانستەکەی ڕەوانبێژی بە تێر و تەسەلی باسکراوە. هەروەها بۆ یەکەمجار وشە و دەستەواژەکانی ڕەوانبێژی بە زمانی کوردی خراوەتە بەردیدەی خوێنەران و نووسەران و پسپۆڕان، واتە بۆ هەر یەکێك لە وشە عەرەبییەکان، وشەی کوردی زۆر جوان و ڕەوانی داناوە، وەك (جوانی بایس، خۆگێلکردن، دژیەك، چاو لە یەك، ڕەگەزدۆزی، دوابەسەر و تێلنیشان). ئەمانە تەنیا تایبەت بە جوانکاری نییە، ڕوونبێژی و واتاناسیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە چەند دەستەواژەیەکی ڕوونبێژی ئاماژە پێ دەکەین، وەك (وەك یەك، درکە، خوازە و خواستن). بەڵام بە ١٣ ساڵ دوای ئەم ڕچەشکێنییەی مامۆستا سەجادی، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیش پەرتووکە بەدیعولعەڕوزی نامی چاپکردووە، دواتریش دکتۆر عەزیز گەردی و زۆر کەسی تریش دەربارەی ڕەوانبێژی پەرتووکی نوسیووە، کە کاریگەری ئەو دەستەواژانەی مامۆستا سەجادییان بەتەواوی پێوە دیارە و ناچاربوون زۆربەی زۆری ئەو دەستەواژانە وەربگرن و ببنە جێگەی دڵپەسەندییان. ئەمەش ڕچەشکێنی و سەرنج و وردێتی مامۆستا سەجادی دەردەخەن(١٥).

## ٤،٣ گەشتنامەنووسی لای سەجادی

فەقێی کورد بۆ خوێندنی باوی ئەو ڕۆژگارە کە خوێندنی شەرعی بوو لە حوجرەدا،

لانیکەم چەندان، ئەمە ئەگەر نەڵێین دەیان، شار و شارۆچکە و گوند دەگەڕا، هەر پەرتووکێك، یان چەند پەرتووکێکی بوارێکی وەك (نەحو، سەرف، بەلاغە، تەجوید، زانستی قورئان، زانستی فەرموودە، فیقهـ، گەردوونناسی، و .... هی تر) ی لای مەلایەك و لە شوێنێك دەخوێند، پاشان ڕووی دەکردە شوێنێکی تر بۆ خوێندنی بابەتێکی تر لە حوجرەیەکی تر و لای مەلایەکی بە ناوی. ئەمەش خاڵی سەرەتا و پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی سەجادی وەك یەکێك لە فەقێکانی کورد لەو ڕۆژگارەدا، ببێتە سروشتناسێکی شارەزا، چونکە لەم گەڕانەی یەکەمیدا چاوی بە سەدان دیمەنی جوانی سروشتی کوردستان و ئاوی کانی، کارێز، شاخ و داخ، ڕەز و باخ، گوڵ و گوڵزار کەوتووە، هەروەها زۆربەی ئەو ئاژەڵانەی بینیوە کە بە خێوکراون، یاخود کێوی بوون.

دواتریش گەشتی دووەمی لەناوەڕاستی پەنجاکاندا کردووە، کە (١٨١٦) کیلۆ مەتر بەناو کوردستاندا گەڕاوە و ئەم گەشتنامەیەی کردە پەرتووکێکی سەربەخۆ بە ناوی (گەشتێك لە کوردستانا)، کە خوێنەر ئاشنا دەکات بە لایەنی (مێژوو، جوگرافیا، کەش و هەوا، ژمارەی دانیشتوان، داب و نەریت، پۆشاك، باری دارایی، بارودۆخ و بژێوی دانیشتوان، ئاستی خوێندەواری و شێوازی حوکمڕانی ناوچەکە و ئاستی پەیوەندی دەسەڵات و دانیشتوان). ئەو شارانەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی گەشتیان بۆ دەکات بریتین لە: موسڵ، ئاکرێ، زاخۆ، دهۆك، ئامێدی، بامەڕنی، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی، دوکان، قەڵادزێ، ... هی تر.

**سەجادی عاشقی وشەی پاك و جوان بوو، زۆربەی ژیانی خۆی لەگەڵ وشە و خوێندنەوە و نووسین و دەنگ و ڕەشی و گەشی چاپخانەدا بردە سەر**

ئەگەرچی پێش مامۆستا سەجادی، مامۆستای شەهید (شاکر فەتاح)، چەند گەشتنامەیەکی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە، ئەوانیش: (گەشتی پێنجوێن ١٩٣٠، گەشتی سرۆچك ١٩٣٢، گەشتی شاربازێڕ ١٩٢٩، گەشتی هەڵەبجە و هەورامان ١٩٣٣). بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستا شاکر فەتاح و مامۆستا عەلائەدین سەجادی هاوڕێ و خۆشەویستی یەك بوون و ئاگایان لە کار و نووسینی یەکتر هەبووە، کەچی مامۆستا سەجادی نووسینەکەی خۆی بە یەکەم گەشتنامە ناوزەد دەکات، ئەمەش لە خۆڕا نییە و نووسینەکانی مامۆستا شاکر فەتاح لە پاڵ ڕاپەڕاندنی ئەرکی میریدا نووسیونی و کاتێکی کەمتر و

نووسینێکی کەمترە لە چاو گەشتەکەی مامۆستا سەجادیدا، کە مامۆستا سەجادی بەتایبەتی وەکو دەقی گەشتنامە نووسیویەتی، هەر لەبەر ئەمەشە کە دکتۆر مارف خەزنەردا دەربارەی گەشتنامەکەی سەجادی نوسیویەتی : (پەخشانە جوانەکانی سەجادی لە کتێبی گەشتێك لە کوردستانا، لێکسیکۆن و زمانی ئەدەبی یادداشت و تێبینی ڕۆژانەیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، ئەو کتێبەی سەجادی بریتییە لە تێبینی لە بابەت ئەو گەشتەیەوە لە کوردستانی عێراق کردویەتی، لە بەغداوە بۆ مووسڵ و هەولێر و کەرکووك و سلێمانی)(١٦).

ئەم کارەی مامۆستا سەجادی بەڵگەیە لەسەر بە ئاوەزی و بەرنامەڕێژی لای سەجادی، هەروەك دکتۆر فەرهاد شاکەلی پێی وایە: (لەنێو دەستەی ڕۆشنبیرە کلاسیکیەکانی کورد، کەس هێندەی سەجادی بە بەرنامە کاری نەکردووە، کاری حکومەتێکی کردووە، چونکە زانیویەتی کورد حکومەت؟ دەوڵەتی نییە) (١٧). گەشتی یەکەم و دووەمی مامۆستا سەجادی بووە پاڵنەرێکی بەهێز تا سەجادی ببێتە سروشتناس و سوودیش لەم سروشتناسییەی وەربگرێت بۆ بەرهەم و دانراوەکانی، ئەگەرچی خۆشی لەم بارەیەوە هیچی نەوتبێت. هەربۆیە ڕەنگدانەوەی گەڕان و گەشتەکانی سروشتناسییە و ڕەنگدانەوەی سروشتناسییەکەشی مێژووی ئەدەب و ڕەخنە و ڕەوانبێژیی و بەرهەمەکانی تری سەجادییە.

### ٥،٣ سروشتناسی لای سەجادی

لە کۆنەوە مرۆڤەکان نەك تەنیا بە خودی سروشت، بەڵکو بە هەماهەنگی لەگەڵ شتەکانی تریش سەرسام بوون، هەربۆیە وشەی (سروشت Nature) چەندین واتای هەیە، کە لە چوارچێوەی جیاوازدا بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە (دروستکردن، ڕووخسار و تایبەتمەندی مرۆڤ، موڵك، دەوروبەر و .... هتد)(١٨). سروشت زاراوەیەکی فراوانە، ئاماژەیە بۆ جیهانی فیزیکی لەگەڵ دیاردەکانی وەك بەفرباری، بارانبارین، با، هەور، تەمومژ و ...هتد، ئاماژەیە بۆ بوونەوەرە زیندوو و نازیندووەکانی وەك ئاژەڵ، باڵندە، ڕووەك، گوڵ، ماسی، مێروو، بەرد، ڕووبار، شاخ، خاك، گۆم، گرد و ... هتد، ڕوودانی ئەم جۆرە شت و دیاردە سروشتییانە، نەك تەنیا کاریگەری لەسەر نووسەر و شاعیر و لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی هەیە، بەڵکو کاریگەری لەسەر هەر مرۆڤێکی ئاسایش هەیە لە دارشتنی بیرۆکە و شێوازی ژیانیاندا، بەڵام نووسەران بەتایبەتی لە ژێرکاریگەری سروشتدان(١٩). سروشت ئەوەندە دەوڵەمەندە بە نهێنی سەرنجڕاکێش و سەرسورهێنەری باوەڕپێنەکراو، کە بەم شێوەیە دڵی مرۆڤەکان دەگرێت و هانیان دەدات بۆ نووسین، ئەم

ئاوازانەی سروشت، چ لە پەخشاندا بێت، یان شیعر، لە دڵی نووسەرانەوە دەچنە سەرپارچە کاغەزێك وەك کەوتنە خوارەوەی گەڵا لە دارەوە(١٨).

**خوداناسییەکەی پاڵی پێوە دەنا، لە کۆڕی نەتەو ایەتی و نیشتمانی و مرۆڤ دۆستیدا ئیسلامەتییەکەی خۆی بەکەڵك بهێنێ، بۆ پێشکەوتنی کوردەواری**

هیچ نووسەرێك لەم جیهانەدا نییە کە سروش لە سروشتەوە وەرنەگرێت، لە ڕاستیدا، هەموو نووسەرێك کە پێنووسەکەی دەهەژێنێت، ناتوانێت کارەکانی تەواو بکات بە بێ ئەوەی جوانییەکانی تێدا بخاتە ڕوو، چونکە سروشت و وێژە دوو شتن کە ئەوەندە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەبێ یەکتر ناتوانرێ خەیاڵیان بۆ بکرێت.(١٨)

سروشت هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە وێژەدا، بەتایبەتی لە شیعردا، نووسەران و شاعیران زۆر جار سروشتیان بەکارهێناوە بۆ ڕونکردنەوەی هەست و سۆز و بیرکردنەوەکانیان دەربارەی ژیان و مردن و خۆشەویستی و شەڕ(٢٠).

تابلۆ جوانەکانی سروشت کە لە وێژەدا بەکار دێن، یەکێکن لە هۆکارە هەرە گرنگەکان بۆ ئاشکراکردنی شێوازی نووسینی شیعر و پەخشان، دیاریکردنی هەڵوێستی نووسەر بەرامبەر بابەتەکەی و هەڵسەنگاندنی بەهاکەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی، دەروونی، .... هتد. نووسەرانی بە توانا و داهێنەر دەتوانن سروشت وەك ئامرازێکی تایبەت بەکاربهێنن بۆ ئاشکراکردنی هەردوو لایەنی کارەساتباری و دڵخۆشی ژیانی مرۆڤ(١٨).

شیکردنەوەی شیعر، بە شێوەیەکی زانستی ورد، کردارێکی سەخت و ئاڵۆزە، چونکە لێکۆڵەر دەبێت لە چەند بوارێکی گرنگی پەیوەست بە تێگەیشتن لە شیعر شارەزا بێت، ئەوانیش: (ئاماژەکردن، واتا، وێنەسازیی، وێنەی بینراو و گۆڕانکارییەکان، وێنەی بیستراو، وێنەی قسەکردن، ڕەوانبێژیی، نواندن و لاساییکردنەوە، هێڵکاری وێنەی سروشت، کەسایەتیسازی، هێماسازی، جوانی بایس، کەمکردنەوە، زیادەڕەوی، پێچەوانەکردنەوە، وێنە، باری دەروونی و ..... هتد)، کە مامۆستا عەلائەدین سەجادی تەواو شارەزای ئەم بوارە پەیوەستانە بووە، ئەگەرچی ئاماژەشی بۆ نەکردبن، بەڵام بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی شیعر و سروشت کە دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و لە زۆر ڕووەوە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە، ئەو ڕێگایانەی کە شیعر پەیوەست دەکەن بە سروشتەوە، گرنگ و پڕبایەخن(٢١)، ئەوانیش:

**١- سروش Inspiration**

لە کۆنەوە سروشت سەرچاوەی سروش Inspiration بووە، نووسەران جوانی سروشتیان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی سۆز و بیرکردنەوە و بیرۆکەکانیان. زۆرجاریش بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانە لە گۆڕانکاری و تێکەڵکردن و دەستکاریکردنی بیرۆکەکانی ترەوە، هەروەها لە نموونە و چەمکەکانی ترەوە، سەرچاوە دەگرێت. بەڵام ناکرێت نموونە و کارە کۆن و سروشتییەکان وەك خۆی وەربگیرێنەوە و لەبەریان بگیرێتەوە، بەڵکو پێویستە ببنەوە بە سروش Inspiration بۆ لەدایکبوونی کارێکی نوێ(٢٢).

**٢- هێماسازی Symbolism**

هێماسازی Symbolism، شتێکە کە بۆ شتێکی تر بەکاردەهێنرێت، یان وەك پیشاندانی شتێکی تر سەیر دەکرێت، بەتایبەتی تر هێما بریتییە لە وشەیەك، یان دەستەواژەیەك، یان دەربڕینێکی تر کە کۆمەڵێك واتای ئاڵۆز پەیوەستە پێیەوە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە هەر هێمایەك، واتای جیاواز و جۆراوجۆری هەڵگرتووە(٢١ p. ٣٩). زۆر جار سروشت وەك هێمایەك لە شیعردا بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی گەیاندنی واتای قوڵتر، چونکە لە نێو ئەو هونەرە جۆراوجۆرانەی کە لە شیعردا بەکاردەهێنرێن، هێماسازی Symbolism یەکێکە لەو ئامرازە کاریگەرانەی کە شاعیران بۆ دەربڕینی پەیوەندی و پوختەکردن بەکاری دەهێنن، بۆ نموونە: ڕەنگە زریانێك هێمای گێژاوی سۆزداری بێت، یان گوڵ و گوڵخونچەیەك هێمای گەشەکردن و نوێبوونەوە بێت(٢٣). هێما بریتییە لە (کەس، شوێن، شت، پەسن، جۆر، یان پەیوەندییەك کە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بە شتێکی تر جگە لە خۆی)، لە شیعردا، هێماسازی باو و ناباو هەن، هێما باوەکان ئەوانەن کە بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێن و لەگەڵ دیتن و خوێندنەوەیدا واتاکانی تێدەگەین، بۆ نموونە ئاڵا، خاچ، گوڵەبەڕۆژە، ...هتد. بەڵام هێما ناباوەکان، ئەو هێمایانەن کە بۆ بۆنەیەکی دیاریکراو داهێنراون و بەکاردێن، لێکدانەوەکەی بە گوێرەی ئەو شیعرە دیاری دەکرێت کە بەشێکە لێی، شاعیر هیچ لێدوانێکی ڕاشکاوانە نادات دەربارەی بەها و نرخی هێماکان، بەڵکو متمانەی بە دەقەکەی خۆی هەیە کە واتاکەی بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە(٢١).

بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر هێماسازی هەن، ئەوانیش(٢٣):

- هێماسازی لە ڕێگەی شتە بەرجەستەکانەوە: زۆربەی کات شتە بەرجەستەکان بۆ هێماسازی بیرۆکەیەك، یان چەمکێك بەکاردەهێنرێن، وەك ڕێچکە و ئاماژەدەرێك بۆ ئاڕاستەکردنی خوێنەر بەرەو هەندێك لەو تەوەرە بنەڕەتییانەی کە بەرهەمێك مامەڵەی لەگەڵ دەکات.
- هێماسازی لە ڕێگەی کەسایەتییەکانەوە:

هەندێك جار، کەسایەتییەکان خۆیان دەتوانن هێمایەك بن بۆ (شکۆمەندی، خراپەکارییەکی تایبەت، بیروباوەڕ، رامیاری، .... هتد).

- هێماسازی لە ڕێگەی ڕووداوەکانەوە: ڕووداوەکـــان دەتوانن ببنە هێما و بەهۆیانەوە هێماسازی نێو پەخشان و شیعرەکان پێکبهێنن.

**گەشتی یەکەم و دووەمی مامۆستا سەجادی بووە پاڵنەرێکی بەهێز تا سەجادی ببێتە سروشتناس و سوودیش لەم سروشتناسییەی وەربگرێت بۆ بەرهەم و دانراوەکانی**

ئـــەگـــەرچی سێ جـــۆری جـــیـــاوازی هێماسازی هەن، بەڵام لە ڕووی ئەرك و سوودەکانیانەوە لێك نزیکن کە بە شێوەیەکی گشتی لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینە ڕوو(٢٣):

- یارمەتی خوێنەر دەدەن بۆ بینینی چەمکە ئاڵۆزەکان و تەوەرە ناوەندییەکان، چۆنێتی بەدواداچوون بۆ گەشەکردنیان.

- دەرفـــەت بە شـــاعیران و نـووسـەران دەدات بۆ گەیاندنی بیرۆکەی گەورە بە شێوەیەکی کارا و هونەرییانە.

- هێماسازی بانگهێشتکردنی خوێنەرانە بۆ لێکدانەوەی دەقێك بە شێوەیەکی سەربەخۆ، نەك ڕاستەوخۆ مەبەستەکە دەربخەن.

- سەنگ و قورسایی سۆزدارییانە، سەرباری دەقەکان دەکات.

- شاردنەوەی ئەو تەوەر و باسانەی کە زۆرترین مشومڕیان لەسەرە و ناتوانرێت بە ئاشکرا باس بکرێن.

### ٣- باری دەروونی و کەش و هەوا Mood and Atmosphere

باری دەروونی، وشەیەکە کە لە هەمان وشـەی کۆنی بـاری دەروونـی Mood ئینگلیزییەوە هاتووە، کە بە واتاکانی (دڵ، گیان و ئازایەتی) دێت، باری دەروونی ئاماژەیە بۆ ئارەزووی دەروون، هەست، دۆخێکی سۆزداری. زۆر جار شاعیران، پەسنە سروشتییەکان Descriptions of Nature بەکاردەهێنن بۆ دانانی باری دەروونی و کەش و هەوای شیعرەکانیان، بۆ نموونە: ڕەنگە دیمەنێکی سروشتی ئارامبەخش، هەست و دەرونێکی ئارام و مایەی دڵپەسەندی بوروژێنێت. باری دەروونی بەرهەمێکی وێژەی ئاماژەیە بۆ کەش و هەوا، یان ئاوازی بالادەستی، هەموو بەرهەمێکی وێژەی سەرەکی، بارێکی دەروونی باوی هەیە(٢١).

### ٤- هـێـڵکـاری وێـنـەی سـروشـت (سروشتخواز) Metaphor

شێوەیەکە لە شێوەکانی قسەکردن کە تێیدا وشەیەك، یان گوزارشتێك

بۆ کەسێك، بیرۆکەیەك، یان شتێك بەکاردەهێنرێت، کە بە شێوەیەکی ڕستەی کاری پێناکرێت، زۆر جار نووسەران وێنەی سروشتی وەك هێڵکاریی قسەکردن و خوازراو بۆ ئەزموون و هەستەکانی مرۆڤ بەکاردەهێنن، بۆ نموونە، ڕەنگە باڵندەیەك هێمای ئازادی بێت، بەڵام دارێك ئاماژە بێت بۆ هێز. کەواتە سروشتخوازی Metaphor دەربڕینێکە کە بە واتایەکی تازە بەکاردێت و لێکچوونێکی ئاماژەپێکراوە کە بە شێوەیەکی خەیاڵی شتێك لە گەڵ شتێکی دیکە دەناسێنێت، لەسەربنەمای لێکچوون لە نێوان ئەو واتای وشەکە و ئەو شتە نوێیە، یان ئەو دۆخەی کە بۆی جێبەجێ دەکرێت. ئەم سروشتخوازییە Metaphor یەکێکە لە دروشمەکان، هەروەها ئامرازێکە کە نووسەر و شاعیر بەهۆیەوە واتای وشەیەك دەگۆڕێت، یان لە واتاکەی دووری دەخاتەوە و لایدەدات. سروشتخوازی کە بە شێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێت، ڕەنگە لە مێشکدا ئەو توخمە لێکچووانە لە دەستبدات کە لە بنەڕەتدا هەیبووە، پاشان پێی دەوترێت سروشتخوازی مردوو dead metaphor، لە قسەکردنی ڕۆژانەدا، سروشتخوازی مردوو زۆرن، بۆ نموونە (پەرتووکێکی وشك Dry Book، خوێندکارێکی درەوشاوە، بیرکردنەوەی ڕووکەش، .... هتد)(٢١).

هەر چوار بنەما سەرەکییەکە لە لایەن مامۆستا سەجادییەوە بەکارهاتووە، جا بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی شیعر بێت، یاخود لە نووسینی پەخشانەکانیدا.

**پەرتووکی (گێتی زیندەوەر) یەکێکی ترە لە دانراوەکانی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، کە زۆربەی ئاژەڵ، باڵندە، ڕووەك، گوڵ و پێکهاتە گەردوونییەکانی تێدا خراوەتە ڕوو**

### ٦،٣ باڵندە، ئاژەڵ و گەردوون، یان گێتی زیندەوەر لای سەجادی

پەرتووکی (گێتی زیندەوەر) یەکێکی ترە لە دانراوەکانی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، کە زۆربەی ئاژەڵ، باڵندە، ڕووەك، گوڵ و پێکهاتە گەردوونییەکانی تێدا خراوەتە ڕوو، وەك (ئاسك، ئەسپ، ئێستر، بەراز، بەران، بزن، پشیلە، پڵنگ، سەگ، باز، چۆلەکە، تاوس، تووتی، قاز، کەو، هەڵۆ، دوپشك، ژیشك، مار، زەیتوون، سنەوبەر، چنار، هەرمێ، هەڵووژە، هەنار، مانگ، زەوی، زێڕ، زیو) و سەدانی تر، ئەمەش کارێکی تەواو دەگمەنە و بە یەکێکی تر لە ڕچە شکێنییەکانی مامۆستا سەجادی دادەنرێت، کە پێش ئەو کەسێکی تر بەرهەمێکی لەم جۆرەی بە زمانی کوردی نەنوسیووە. بەهەمان

شێوەی گەشتنامەکەی کە هۆکاری سروشتناسییە و مامۆستا سەجادی بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەی شیعری شاعیران سوودی لێوەرگرتووە و لە نووسینی پەخشانیشدا بەکاری هێناوە. بە کورتی باس لە هەندێکیان دەکەین کە لە بنەماکانی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەقن، وەك:

**١-باڵندەکان Birds**

باڵندەکان Birds، سەرچاوەیەکی باوی سروشبەخشن Inspiration، هەرلەر ئەمەش لە کۆنەوە باڵندەکان بە شێوە و هێمای جۆراوجۆر پیشان دراون، مرۆڤ هەمیشە سەرسامییەکی زۆری بەرامبەر بە سروشت هەبووە، بەتایبەتی باڵندەکان. کاتێك سەربەرز دەکەینەوە بۆ ئاسمان، یان سەیری دارێك دەکەین، یاخود ئەگەر بچینە شاخەکانیش و وشکترین شوێنەکانیش، ئەوا هەمیشە هەندێك زیندەوری باڵاتر هەیە کە لە مرۆڤ بەرزتر دەبێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە باڵندەکان سروش بەخشن بۆ شاعیر بە مەبەستی تێگەیشتن و پەیوەندی لەگەڵ سروشت لە بوارە جیاوازەکانی وەك (هەست، نیشانە، باوەڕ و پەیام)، شاعیران سروشت و جوانییەکانی سروشتیان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و هەستەکان، باڵندەکانیش بەهۆی تایبەتمەندییەکانی وەك (وردێتی لە هەڵسوکەوتدا، دزیکردن و شێوازەکانی، توانای فڕین بەبەرزی و ڕاوکردن، تێپەڕین بە دەریا و ئۆقیانووسە گەورەکاندا، ...) (٢٤). بە شێوەیەکی باو هەندێك لە باڵندەکاندا دەبینین لە نێو شیعرەکاندا، کە بۆ واتا و هێمای جیاواز بەکاردەهێنرێن، وەك (کۆتر، هەڵۆ، باز، چۆلەکە، قەلەڕەش، تووتی، هوما، هود هود....)، بۆ نموونە زۆر جار ئاماژە بە ڕەنگ و هێمنی کۆتر دەکرێت، یاخود وەك هێمایەك بۆ گیان (ڕۆح).(٢٥)

باڵندەکان، وەك هونەرێکی هێماسازی Technique of Symbolism لە شیعر و پەخشاندا بەکاردەهێنرێن، بۆ بەرزکردنەوەی شیعر و پەخشانەکان و پێدانی تێڕوانینی زۆرتر بە خوێنەر. هەروەها بەستنەوەی سروشت بە هەست و بیروباوەڕەوە. هێماسازی بۆ ئاماژەدان بە بێتاوانی و خۆشی و پاکی و کورێنی و .... هتد، کەڵکی لێوەردەگیرێت کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر فرەواتایی Multiple Meaning شیعر، بابەتەکان گشتگیرتر دەکەن و سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشن و سەرقاڵی دەکەن (٢٣). لە سۆفیگەریی ئیسلامیدا، وێنەی باڵندە لە هێما گرنگەکانە، یەکێکە لە هێما دیارەکان لە نێوان هێما دیارەکانی وەك (گوڵەبەڕۆژە، باخچە، شەراب). هێمای باڵندە، تەنیا یەك واتای نییە، کە ئەویش هێمای (گیان)ە، بەرزبوونەوەی گیانی مرۆڤ بۆ ئاستێکی باڵا، بەڵام واتای دیکەشی هەیە، وەك هێمایە بۆ هەندێك

کەس، ئەزموون، داهێنان، دروستکردن. ئەو سۆفییانەی خۆیان گۆشەگیر دەکەن، وەك باڵندەی ناو قەفەس هێما دەکرێن، ئەو سۆفییانەشی کە دەکوژرێن، وەك باڵندەی پیرۆزی گەڕاوە بۆ هێلانەکانیان هێمایان بۆ دەکرێت، ئەو سۆفییانەی زۆر بیردەکەنەوە و سەرنج دەدەن، بە باڵندە بێدەنگەکان هێما دەکرێن، پەیامبەران و فریشتەکان و پیاوانی خودا بە باڵندەی فڕین لە باخچەی ئاسماندا هێمایان بۆ دەکرێت. باڵندە بریندارەکەرەکانیش هێمای هێز و گرفتە دەروونییەکانن، بەڵام باڵندە دەنگخۆشەکان کە ئاوازی جۆرا و جۆر دەچڕن، هێمان بۆ هیوا و خۆشی و بێتاوانی. هەروەها دیتنی باڵندە و پەلەوەرەکان لە مانگی سێدا، هێمای لە دایکبوونەوە و ژیانەوەیە، لەلایەکی دیکەشەوە زۆرجار باڵندە هێمای ئازادییە، پەپوولەش هێمای ناسکی و جوانی و خۆشەویستییە(٢٦).

باز (نسر، eagle)، هەندێکجار هێمای گیانی ئارامە، هەندێکجاریش باڵندەی دڵخۆشی و حاڵ لێهاتنە کە باس لە هێزی خۆشەویستی خودا دەکات کە مەبەستێتی دڵی مرۆڤە دوو دڵەکان بە دەستبهێنێت، هەر وەك چۆن بازێك هێرش دەکاتە سەر نێچیرەکەی. کۆتریش وەك باڵندەیەکی جوان کە لە سروشتەوە دەخرێتە ناو قەفەس، بە لە دەستدانی ئازادی، دڵی لە دەست نادات و نامرێت، بەڵکو خۆیان دەگونجێنن و دەبنە سروشتخوازێك metaphor بۆ دۆزینەوەی بەختەوەری و ئیمانی لە تاریکترین ساتەکانیشدا، ئەمەش دۆزینەوەی ئارامی و متمانەی تەواوە بە خودا، کە ئازادی گیانی پاداشتەکەیەتی. شاعیرانی جیهانیش باڵندەی ڕۆبینیان Robin وەك هێمای ئایینی بەکارهێناوە، چونکە ڕۆبین سروش Inspiration و ڕێنماییە بۆ ئەوەی مەسیحییەکی باش چۆن دەبێت ڕەفتار بکات(٢٦).

**ڕشتەی مرواری یەکێکە لە کتێبە ناوازەکان، کە لە کایەیدا سەدان چیرۆك و بەسەرهات و ڕووداو و پەندی هەڵگرتووە و لە لەناوچوون پاراستوونی**

## ٢-ئاژەڵ

مرۆڤ لە سروشتدا دراوسێی هەیە، ئاژەڵ، ڕووەك، دار، شاخ، دەریا و دیاردە سرشتییەکانی تر، لە ڕاستیدا جگە لەوەی بەرکەوتنی هەیە لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا، لەگەڵ ئاژەڵ و دیاردە سروشتییەکانی تری دەوروبەریشی بەرکەوتنی هەیە، هەرلەبەرئەمەشە ئاژەڵەکان Animals بۆ هێماسازی Symbolism و سروشتخوازی Metaphor بەکاردەهێنرێن لەناو شیعرەکاندا، بۆ پیشاندانی هەندێك بیرۆکە، هەست

و تایبەتمەندی، بۆ گەیاندنی قوڵتری پەیام و تەوەری تایبەت و وروژاندنی هەست و دروستکردنی پەیوەندی. بە شێوەیەکی گشتی ئاژەڵەکانی وەك (گا، مانگا، مەڕ، بزن، شێر،ئەسپ، کەر، ئاسك، کەروێشك، تانجی، سەگ، مشك، حوشتر، مار، .... هتد) (٢٧). چەند سورەتێکی قورئانی پیرۆز بەناوی ئاژەڵانەوەیە، ئەوانیش: (النحل، البقرە، الفیل، العنکبوت، النمل، الانعام، العادیات، العلق)، هەروەها ئاژەڵان لە ٥٢ سوورەتی قورئان و ١٥٤ ئایەتدا باسکراوە و چەند جارێکیش ناوی چەند ئاژەڵێك دووبارە بووەتەوە، ئەوانیش (قەلەڕەش ٢ جار، ئەسپ ٥ جار، نەهەنگ ٤ جار، سەگ ٥ جار، جاڵجاڵۆکە ٢ جار)، لە سورەتی (کەهف/ئەشکەوت)یشدا کە ١١٠ ئایەتە، دوو جار و لە هەردوو ئایەتی (١٨ و ٢٢) ناوی سەگ هاتووە، هەروەها لە ئایەتی (١٧٦) ی سورەتی (ئەعراف)یشدا ناوی سەگ هاتووە(٢٨). لە نێو ئاژەڵدا هێماسازی سەگ Dog Symbolism بەکارهێنانێکی زۆری هەیە، چونکە سەگ گیاندارێکی بێ زوبانی، بێ زیانی، پێ بزانی، بەسەزمانە. لە ماڵێك کە پارچە نانێکی خوارد ئیتر ئەو بەردەرگایە بەرنادات، یان لە یەکێکەوە کە پارچە کولێرەیەکی دەستکەوت ئیتر بەجێی ناهێڵێ و کلکەلەقەی بۆ دەکات! بەڵکو لەوانەیە کە خۆی بکات بە بالاگەردانی، سەری بە قوربانی. لە گوندەکاندا سەگ هاوەڵێکی بەوەفای مێگەلەکان و شوانەکانە، ڕانەکان لە هەڕەشەی گورگ و دڕندەکانی دیکە ومرۆڤەکانیش لە هێرش و شاڵاوی دڕندەکان دەپارێزێت، هەر لەبەر ئەمەش سەگ هێمای بەوەفاییە، هێمای پارێزەری و ڕزگارکەرییە، هەرچەندە بە هێمای خراپیش بەکاردێت وەك لە بەرامبەر فرە بڵەیی و چەنەبازیی و دەمدرێژیی دەکرێتە هێما(٢٩).

### ٣- گەردوون

پان و بەرینی ئاسمان و گەلە ئەستێرەکان، درەوشانەوەی مانگ، هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر، هەستێکی سەرنجڕاکێش و ئارەزووخوازانەن کە مێشکی مرۆڤ دنە دەدەن، بەم هۆیەش لە زۆرێك لە بەرهەمە هونەری و وێژەییەکانی جیهاندا ڕەنگ دەدەنەوە، زانستی گەردونناسیش کە یەکێکە لە زانستە کۆنەکانی مرۆڤ کاریگەری زۆرتر دروست دەکەن لەسەر ئەو دنەدان و سەرنجڕاکێشییە. لە ماوەی چەندین سەدەدا، لە ڕێگەی چاودێری و ئەزموونی کەسییەوە، مرۆڤەکان پێشبینی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا، ڕوودانی بومەلەرزە، با، مانگگیران، خۆرگیران، بارانبارین، بەفربارین، سەهۆڵبەندان و .... هتد کردووە. هەرلەبەر ئەمەش گەردوناسی و هەموو جوانییەکانی لەبەرهەمی زۆرێك لە شاعیران و نووسەراندا بە جوانی و ڕوونی نیشاندراوە(٣٠).

### ٧،٣ مێژووی ئەدەبی کوردی

مامۆستا سەجادی لە ساڵی ١٩٥٢ پەرتووکی مێژووی ئەدەبی کوردی بە قەوارەی ٦٥٢ لاپەڕە چاپ و بڵاوکردەوە کە دانراوێکی گەورە و پڕبایەخ و تاقانەی سەردەمەکەی خۆی بوو، توانی هەموو ئەو کارانە تێبپەڕێنێت کە پێش ئەو کرابوون و ببێتە سەرتۆپی دانراوەکانی تر. هەرچەندە بۆچوونی جیاواز لە بارەی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەوە هەیە، هەندێك پێیان وایە ئەم کتێبە لە دوای کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی- ڕەفیق حیلمی)، تا ڕادەیەك دەبێتە سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، نووسەرەکەی هەوڵیداوە تاڕادەیەك شێوازی لێکۆڵینەوەکەی شێوازێکی زانستییانە پەیڕەو بکات لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی شیعری شاعیران. گرنگییەکی زۆری بە ناوەڕۆك و لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان داوە، لە لێکۆڵینەوەی بابەت و ناوەڕۆکی هەندێك دەقی شیعریدا بە وردی چۆتە قوڵایی ناوەڕۆکی دەقەکانەوە. پەیڕەویی ڕیبازیی Method تەواوکاری کردووە لە لێکۆڵینەوەی ژیان و دەقی شیعری شاعیرەکاندا، چۆنێتی بەکارهێنانیشی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، چونکە ڕێبازە دەرەکییەکان و تاڕادەیەکیش ناوەکییەکان بوونیان هەیە، بەڵام ڕێبازە ناوەکییەکان کەمتر هەستی پێدەکرێت(٣١).

### ٨،٣ ڕشتەی مرواری

ڕشتەی مرواری یەکێکە لە کتێبە ناوازەکان، کە لە کایەیدا سەدان چیرۆك و بەسەرهات و ڕووداو و پەندی هەڵگرتووە و لە لەناوچوون پاراستوونی. ئەگەرچی بە ڕوواڵەتێکی سادە دەربڕاون، بەڵام واتای شاراوە و پەنهان لە سەربوردە و چیرۆك و گێڕانەوەکانی ڕشتەی مرواری مامۆستا عەلائەدین سەجادیدا، بە خشکەیی دەربڕدراون(٣٢).

**ڕشتەی مرواری موزاییکی کولتوورو ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری نەتەوەی کوردە، تاکە مرواری پڕبەها و دەگمەنی کتێبخانەی کوردییە**

ڕشتەی مرواری موزاییکی کولتوور و ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری نەتەوەی کوردە، تاکە مرواری پڕ بەها و دەگمەنی کتێبخانەی کوردییە کە دەکرێت لە گەڵێ لایەنی زانستییەوە توێژینەوەی ڕەخنەیی نوێ و ڕەخنەی کرداری و ڕەخنەی دەروونناسی و دەیان ڕوانگە و ڕەهەندی جیاوازەوە توێژینەوەی لەسەر بکرێت. چونکە ڕشتەی مرواری تەنیا کتیبێك نییە کە نوکتە و قسەی خۆشی ناو خەڵکی تێدا نووسرابێتەوە، بەڵکو کتیبێکی گشتگیری فرەبابەتە کە

کورتە چیرۆك و سەرگوزشتە و بەسەهات و هەندێك پارچە شیعری تێدایە(٣٣). مامۆستا (جەمال بابان)یش پێی وایە کە هیچ کەسێك پێش مامۆستا سەجادی زاتی نەبووە هەوڵ بدا ئەم ئەدەبەمان بپارێزێ. بەڵێ چەند تەقەلایەك دراوە، بەڵام هەرگیز بەم ڕادەیە نەبوە(٧). ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی مامۆستا سەجادی بە ڕچەشکێن دابنرێت لە بوارێکی تریشدا بە هۆی نووسینی ڕشتەی مرواریەوە.

## سەرچاوەکان

١. مامۆستا سەجادی و ڕێبازی لە مێژوونووسی ئەدەبیدا. عوسمان دەشتی و جەلال ئەنوەر سەعید. مكان غير معروف : گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢، المجلد کۆنفراسی سەجادی، الصفحات ١١-١٦.
٢. گێڕانەوە وەکو ڕەگەزی زاڵ لە ڕشتەی مرواریدا. یەدوڵلا پەشابادی. مكان غير معروف : گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢، المجلد کۆنفراسی سەجادی.
٣. عەلائەدین سەجادی. شۆڕشەکانی کورد و کورد وکۆماری عێراق. سنندج : بڵاوکردنەوەی کوردستان، ٢٠١٧.
٤. عەبدوڵلا زەنگەنە. سەرجەمی بەرهەمە ڕۆژنامە نووسییەکانی شەهید جەبار جەباری. هەولێر : چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٠.
٥. ڕۆڵی عەلائەدین سەجادی لە بواری ڕوناکبیری و ڕۆژنامە نووسی کوردیدا ، گۆڤارەکانی گەلاوێژ و نزار بە نموونە. بەهادین ئەحمەد محەممەد و نەوزاد سدیق محەممەد. ٢٠٢٢، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، المجلد کۆنفراسی سەجادی، الصفحات ٧٤-٩٢.
٦. ڕۆڤار. عەلائەدین سەجادی، ڕوناکییەکی پێشەنگ. سلێمانی : دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، ٢٠٠٤. المجلد ٢٨.
٧. دلێر عەلائەدین سەجادی. یادی سەجادی. بەغدا : چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧.
٨. مستەفا نەریمان. پایەو مەقامی مامۆستا علائەدین سەجادی لەناو کتێبخانەی کوردیدا، یادی سەجادی. بەغدا : چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧.
٩. دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ. یادی سەجادی. بەغدا : چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧.
١٠. محەممەدی مەلا کەریمی مودەڕیس. یادی سجادی. بەغدا : چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧.
١١. مێژووی کورد لە تۆمارەکانی عەلائەدین سەجادیدا، ڕشتەی مرواری بە نموونە. کەیوان ئازاد ئەنوەر. مكان غير معروف : گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢، المجلد کۆنفراسی سەجادی، الصفحات ٥٨-٧٣.
١٢. دکتۆر ئیحسان فوئاد. چەپکێك وشەی بەسۆز بۆ گیانی پاکی سەجادی. بەغدا : چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧.
١٣. مەسعوود محەممەد. یادی سەجادی، سەجادی لەسەرەتای نەمری دا. بەغدا : چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧.
١٤. دکتۆر مارف خەزنەدار. یادی سەجادی، بیرەوەری و دڵۆپێك فرمێسك بۆ مامۆستا. بەغدا : چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧.
١٥. ڕۆڵ و پێگەی عەلائەدین سەجادی لە ڕەوانبێژی لە زمانی کوردیدا. سەید ئەحمەد پارسا. ٢٠٢٢، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، المجلد کۆنفراسی سەجادی، الصفحات ١٧-٢٢.
١٦. دکتۆر مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی حەوتەم). هەولێر : دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠.
١٧. پێشەکی فەرهاد شاکەلی. هەمیشە بەهار. هەولێر : دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٢.
١٨. THE DESCRIPTION OF NATURE IN

UZBEK POETRY. kizi, Abdikhamidova Sevinch Obidjon. ١٢, ٢٠٢٣, EURASIAN JOURNAL OF SOCIAL SCIENCES, PHILOSOPHY AND CULTURE, Vol. ٣.

١٩. Nature: A Recurrent Theme in Wordsworths Poetry. Sharma, Lok Raj ٣, ٢٠٢١, Scholars International Journal of Linguistics and Literature, Vol. ٤.

٢٠. ROLE OF NATURE IN ENGLISH POETRY. Sharma, Akash and Chundawat, Ms. Vandana ٤, ٢٠٢١, International Journal of Education, Modern Management, Applied Science & Social Science (IJEMMASSS), Vol. ٣, pp. ٨-١١.

٢١. Understanding how to Analyze Poetry and its Implication to Language Teaching. Irmawati, Dr. Noer Doddy ١١, ٢٠١٤, International Journal on Studies in English Language and Literature (IJSELL), Vol. ٢.

٢٢. Concept Decomposition for Visual Exploration and Inspiration. YAEL VINKER، وێخرون. ٦، ٢٠٢٣، ACM Trans. Graph، المجلد ٤٢، الصفحات ١-١٣.

٢٣. Effects of Symbolism of Birds in British Romantic Poetry. AHMED, AWADIA ALI ABD-AL GHANI. ٣, ٢٠٢١, EUROPEAN ACADEMIC RESEARCH, Vol. IX, pp. ١٨٠١-١٨١٣.

٢٤. The Role of Birds in English Literature and Poetry. D'couto, Dr Roweena B ٤, ٢٠١٦, International Journal of Science and Research (IJSR), Vol. ٥, pp. ١٠١٤-١٠١٥.

٢٥. The Nature of Parrot and Its Rhetorical Reflections in Persian Poetry. Mehri, Fateme. ٩٧, ٢٠٢٣, Literary Text Research, Vol. ٢٧, pp. ٤٠٥-٤٣٩.

٢٦. BIRD SYMBOLISM IN PERSIAN MYSTICISM POETRY. Johan, Irmawati M. ٢, ٢٠١٩, International Review of Humanities Studies, Vol. ٤, pp. ٦٩٥-٧١٦.

٢٧. نمود جانوران در شعر فروغ فرخزاد. دکتر یوسف کرمی چمه. ١٦، ١٤٠١، تجلیل و زیبایی شناسی متون، المجلد ٣، الصفحات ٥-٢٥.

٢٨. محەمەد پشتیوان. بزانە دەربارەی قورئان. سلیمانی : چاپەمەنیی ناوەندی سارا، ٢٠٢١.

٢٩. شێخ محەممەدی خاڵ. ناڵەی دەروون. هەولێر : دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١١.

٣٠. بررسی تگبیقی جلوهای گوناگون خورشید براساس نجوم قدیم در اشعار نقامی و انعکاس ێن در خمسه شاه گهماسبی. بهناز شهنوازی. ١٦، ١٣٩٩، هنری اسلامی، المجلد ٣٨، الصفحات ٢٣٠-٢٤٤.

٣١. خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەدین سەجادی) بەپێی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری. سروشت جەوهەر حەوێز. ٢٠٢٢، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، المجلد کۆنفڕانسی سەجادی، الصفحات ١٠٨-١١٦.

٣٢. ڕێکبەندی و بەخشکەی دەربڕین لە گێڕانەوەکانی ڕشتەی مرواری عەلائەدین سەجادیدا. دارا حەمید محەممەد. مکان غیر معروف : گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢، المجلد کۆنفڕانسی سەجادی، الصفحات ٩٣-١٠١.

٣٣. شێوازی دەربڕینی هەستی ژن لە گێڕانەوەکانی سەجادیدا (رشتەی مرواری بە نموونە). حەمە نوری عومەر کاکی. مکان غیر معروف : گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢، المجلد کۆنفڕانسی سەجادی، الصفحات ١٠٢-١٠٧.

# ئایین و ئایینزاکانی کوردستان

ئایینناسی

# فەتواکانی "ئیبن سەلاحی شارەزووری" دەربارەی سیفەتەکانی خودا

## مشتومڕێکی عەقیدەییە لەگەڵ "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" و زانا کەلامییەکانی دیکە

د. یاسین تەها

**پوختە:**

ئەم بابەتەی بەردەست تیشك دەخاتەسەر بۆچوون و فەتواکانی "ئیبن سەلاحی شارەزووری" (مردووە: ٦٤٣هـ/١٢٤٥م) لە بارەی سیفەتەکانی خودا لەبەر ڕۆشنایی مشتومڕێکی عەقیدەیی ناوبراو لەگەڵ زانای ئیسلامی ناسراو "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" (مردووە: ٦٦٠ك/ ١٢٦٢ز)، هەروەها بۆچوونەکانی دیکەی "ئیبن سەلاح" لەبارەی چۆنێتی تێگەیشتن لە دەقەکانی پەیوەست بە سیفەتەکانی خودا و ڕێگاکانی تێگەیشتن لێیان و هەڵوێست دەربارەیان، دەخاتە ڕوو.

### هۆکاری مشتومڕو ژینگەی کاری هەردوو زانا ئیسلامییەکە

لە سەدەی ٧ك/ ١٣ز دا کۆمەڵێك کەس پرسیارێکیان ئاڕاستەی زانای ئیسلامی ناسراو "ئیبن سەلاحی شارەزووری" کردووە، لەبارەی سیفەتی کەلامی خودا و مەسەلەی پیت و دەنگ لە قورئاندا (الحرف والصوت)، ئەویش وەڵامێکی پوختی داوەتەوە کە "قورئان مەخلوق نییە" و نابێت لەم بابەتەدا بچنە وردەکاری و بنکۆڵکارییەوە. بەرامبەر بەمەش "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" کە هەڵگری نازناوی "سوڵتانی زانایانە" و هاوچەرخی "ئیبن سەلاح" ە، فەتوای داوە کە دەبێت ئەو بابەتە وردبکرێتەوە، ئەمەش دەکاتە ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکەی "ئیبن سەلاح".

هەرچەندە لە فەتواکانی هەردوو زانا ئیسلامییەکەدا ئاماژەکردن بۆ ناوی یەکتر نەهاتووە، بەڵام چەند ئاماژەیەك هەن ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە وەڵامی یەکتر بن: هەردوو زانا ئیسلامییەکە هاوچەرخ و هاوتەمەنی یەکترن و نیشتەجێی شاری دیمەشق

بوون، هەردووکیشیان لەبارەی بابەتی دیکەوە کەوتوونەتە ناکۆکی ئاشکراوە (ابن کثیر، ١٩٩٣: ٨٧٣)، بواری کارکردنیان تارادەیەك جیایە؛ "ئیبن سەلاح" زیاتر لە فەرموودەدا کاری کردووە و "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" زیاتر لە بوارەکانی عەقیدە و کەلام ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەیان هەبووە. توێژەر و مامۆستایەکی شەریعە لە زانکۆی "أم القرى"ی سعودی کە وەڵامەکانی "عیززی کوڕی عەبدولسەلام"ی ساغ کردووەتەوە و بۆ یەکەمجار بڵاوی کردوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەدایە ئەوانە وەڵامی فەتواکەی "ئیبن سەلاحی شارەزووری" بێت، چونکە هەردووڵا لەبارەی یەك شتەوە ناکۆك بوون، هەروەها دواتر خوێندکارێکی "ئیبن سەلاح" بەناوی "کەمالەدینی مەغریبی" (مردووە: ٦٥٠ك) بەرگری لە مامۆستاکەی کردووە و وەڵامێکی درێژتر لە "ئیبن سەلاح"ـەوە دەگوازێتەوە، دیسان "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" تێهەڵدەچێتەوە و وەڵامێکی دیکەی بۆچوونەکانی "ئیبن سەلاح"ی داوەتەوە (العوني، ٢٠٢٤: ١٨١_١٨٤)، ئەمەش ئاماژە زیاتر دەکات کە مەبەستیان یەکتر بوویێت.

هەردوو تێڕوانین و تێگەیشتنەکەی ئەم دوو زانایەش لەبارەی چۆنێتی لێکدانەوەی سیفەتەکانی خودا چمکێك لە مێژووی مشتومڕە عەقیدەییەکانی سەدەی ٧ك/١٣ز لە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئەیوبیدا لە میسر و شام دەخاتەڕوو، لەکاتێکدا ئایینزای سەرەکی دەوڵەت لە سەردەمی سوڵتانی دامەزرێنەرەوە کە "سەلاحەدینی ئەیوبی" یە ئەشعەری بووە (المقريزي/ ١٤١٨هـ: ٤/ ١٦٧)، ئەم ئەشعەریبوونەی دەوڵەتیش بە ڕوونی لە عەقیدەنامەکەی شەرعزانی کەلامی "تاجەدینی حەمەوی" دا دیارە، کە بۆ "سوڵتان سەلاحەدین"ی داناوە و بە "العقيدة الصلاحية" ناسراوە. لەم دانراوەدا گرنگترین تەوەرەکانی عەقیدەی سوننە بە پێی بنەماکانی ئەشعەری چەسپێنراون و لە دەوڵەتی ئەیوبیدا بوونەتە بنەما. ڕێباوەڕی ئەشعەرییش کە لە پانتاییەکی گەورەی جیهانی ئیسلامی ئەوکاتدا بڵاوبووەتەوە قوتابخانەیەکی کەلامی سوننەیە و جگە لە "سیفەتە زاتییەکانی خودا" کە بەشێکن لێی و لێی جیا نابنەوە وەك (الحياة، العلم، الإرادة، السمع، البصر، القدرة، والكلام)، ئەوانی دیکە یان تەئویل دەکەن و مانای دیکەیان بۆ دەدۆزنەوە یان ماناکانیان هەواڵە دەکەن بۆ خودا کە "التفويض"ی پێدەگوترێت (الجويني، د.ت: ١٣٧)، بە شێوەیەکی بەربڵاویش ئەشعەرییەکان کەلام و فەلسەفە بەکاردەهێنن بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و خستنەڕووی بابەتەکانی پەیوەست بە عەقیدە و سیفەتەکانی خودا.

**ئیبن سەلاحی شارەزووری.. پەروەردە و جێگەدەستی**

ئەم نێوداره ئیسلامییه شارەزوورییه کە بە "ئیبن سەلاح" ناسراوه (مردووه: ٦٤٣ك)، ناوی "عثمان بن الصلاح عبد الرحمن"ـه، ناسناویشی "تقي الدين أبو عمرو الشهرزوري"يه، يەکێکه له ناسراوترین پێشەوا کوردەکانی ناو مەزهەبی شافیعی، له چەند زانستێکی ئیسلامیدا لێهاتویی خۆی پیشانداوه، لەوانەیش: تەفسیر و فەرموودەناسی و شەرعزانی (ابن خلكان، ١٩٠٠: ٣/ ٢٤٣)، هەروەها هەڵگری ناسناوی "الحافظ"ـه، که خۆی له خۆیدا ئاماژەیه بۆ شارەزایی. هەرچەندە ناوبراو له بنەڕەتدا خەڵکی گوندی "شرخان"ی هەولێره له نزیك شارەزوور (ابن خلكان، ١٩٠٠: ٣/ ٢٤٥)، بەڵام له موسڵ پەروەردەبووە و له دیمەشق گیرساوەتەوە (السبكي، ١٤١٣ﻫ ٨/ ٣٢٨). بە پێی بەدواداچوونەکان "ئیبن سەلاح" پەروەردەی بەردەستی "عەبدولڕەحمان"ی باوکی بووه و له ژێر چاودێری ئەودا لای شەرعزانه کوردەکان و چەند ناوچەیەکی دیکەی ئیسلامی گەڕاوه لەوانەش: موسڵ، بەغدا، شاره جیاجیاکانی ئێرانی له خۆراسان و هەمەدان و شارەکانی دیکە، لەگەڵ دونەیسەری جزیره (ابن الصلاح، ٢٠٠٢ _١٣_١٤) بەر لەوەی له شام و قودس بگیرسێتەوه.

"ئیبن سەلاح" له دەوڵەتی ئەیوبیدا خزمەتی کردووه و ئەرك و بەرپرسیارێتی له قوتابخانەکانی فەرموودەدا هەبووه (ابن خلكان، ١٩٠٠: ٣/ ٢٤٣). له کاروانی ژیانی زانستیی خۆیشیدا دەوروبەری پازده (١٥) بەرهەمی نوسیوه، جگه لەوەیش بۆچوون و ڕاڤەی له سەر چەند بەرهەمێکی تر هەیە (الأسنوي، ١٩٨٧: ٢/ ٤١). سەربارى ئەمانەیش شارەزایی سەرەکیی ئەم شەرعزانه له زانستی فەرموودەدایه و لەم پێناوەدا زۆر کاریکردووه و کۆی ئەم وردبوونەوەیەیشی له دووتوێی بەرهەمێکدا کۆکردووەتەوه بە ناوی "مقدمة"، کە له سەر زاری زانایانەوە دەگوترێت باشترین دانراوه له زانستی فەرموودەناسیدا بەو پێیەی کۆکراوە و گوشراوی ئەوانەی پێش خۆیەتی بە شێوەیەکی ڕوون و ڕێکخراو هەروەها زانیاری نوێشی خستووەتە سەری (العسقلاني، ٢٠٠٢: ٣٩).

ئەم زانا شارەزوورییه لەگەڵ ئەیوبیەکان کاریکردووه، سەردەمانێك بەڕێوەبەر و گەورەی قوتابخانەی نیزامییەی قودس بووه کە بە "الناصرية" بە ناوبانگە و "سوڵتان سەلاحەدین" خۆی دایمەزراندووە، دواتریش له دیمەشق سەرپەرشتیی خانەی فەرمووده (دار الحديث)ی "مەلیك ئەشرەف"ی ئەیوبی کردووه، لەگەڵ قوتابخانەی "ست الشام"ی زومرد خاتوونی هەمان بنەماڵە (ابن خلكان، ١٩٠٠: ٣/ ٢٤٣)، یەکەم کەسیشه لەو قوتابخانەیە مامۆستایەتی

کـردبێـت و دواتــر سـەپـەرشتـیـکـردنی قـوتـابـخـانـەی "الجـوانـیـة"ی دیمەشقی لـە ئەسـتـۆ گـرتـووە، بـەوەش نـاسـراوە کـە پێـشـەوا و لێهـاتـوو بـووە لـە زانستە ئایینیەکان و بنەماکانی مەزەبی شافیعی، لـە بیروبـاوەڕ و عـەقـیدەشدا ڕێچکەی پێشینان (سـەلـەف)ی پەیڕەو کـردووە و ڕقی لـە فـەلـەسـەفـەکاری و بەکارهێنانی زانستی لۆژیك بووە، پادشا ئەیوبیەکانیش لەمەدا بە قسەیان کردووە و ڕاوێژەکانیان وەرگرتووە (ابن كثير، ١٩٩٣: ٨٥٧).

**"ئیبن سەلاح" زیاتر لە فەرموودەدا کاری کردووە و "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" زیاتر لە بوارەکانی عەقیدە و کەلام ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەیان هەبووە**

### فـەتـوا کـەی "ئـیبن سـەلاح دەربـارەی قورئان":

ئەم فەتوایە لە وەڵامی پرسیاری کۆمەڵێك کـەسـدا هـاتـووە، کـە لـە "ئـیبن سـەلاح" یـان پرسـیـوە: خـەڵکانێك هـەن باوەڕیـان وایـە پیتەکانی قـورئـان و ئـەو دەنگـەشی دریـدەکـات لـە کـاتی خـوێـنـدنـەوە هـەر سـیـفـەتی "قـدیم"یان هـەیـە، ئەمە چۆن چارەسـەر دەکرێت لـە کاتێکدا مەزهەبی پێـشین و مـەزهـەبی ئـەوانـەشی تـەئـویلی دەقـەکان ئـەکـەن هـەر لـەگـەڵ ئـەمـەدا نـاجـۆرە. ئـەوانـەی پرسـیـاریـان کـردووە مـەبـەستی خـۆیـان بـەوە دیـاریـکـردووە دەیـانـەوێت لـە نێوان سیفەتی "قدیم" و پێچـەوانـەکـەی سـیـفـەتی " المحـدث" جـیـاوازی بـکـەن، بـۆ ئـەوەی شتـێك نەچێتە عەقڵ و دەروونیانەوە کە بەرەو گومڕایی بڕوات، داواشیانکردووە لە "ئیبن سـەلاح" کە بە بەڵگەی عـەقڵی و شـەرعی ڕوونکردنەوە بدات.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا "ئیبن سەلاح" (١٤٠٧هـ: ١/ ٢١٥_٢١٦) جەخت لـەوە دەکـاتـەوە، ئـەوەی پێـشـیـنـان و پـاشین لەسەری دەڕۆن و بەندە ڕاساڵەکانی خوا هەڵیانبژاردوە ئەوەیە؛ "ڕۆچوون ناکرێت لـە سـیـفـەتـەکـانی خـودا بـە دیـاریـکـردنی چۆنـایـەتـیـان"، لـەبـارەی قـورئـانیـشـەوە کە لقێکە لە سیفەتەکانی خـودا دەڵێت : "نابێ بگوترێت خـودا بـەوجـۆرە و وەهـا قـسـەی کـردووە، بەڵکە کورتدەکرێتەوە بەوجۆرەی پێشینان (سـلـف) وتوویانە".

لە ڕوونـکـردنـەوەی بـاوەڕی پێشینانیشـدا "ئـیبن سـەلاحی شـارەزووری" دەڵێت "قـورئـان پـەڕاوی دابـەزیـوی خـودایـە، دروسـتـکـراو (مخـلـوق) نـیـیـە، پێشینان دەربارەی ئەو دەقانەی قورئان کە لە یەک دەچن و مانای جۆراوجۆر هەڵدەگرن، بڕوایان پێیان هەیە و کورتی دەکەنەوە بـەوەی بـە کـۆمـەڵ وەریـانـدەگـرن بـەبێ وردکردنەوە و دیاریکردنی ئەوەی کە چۆن چۆنن". دەربـارەی بابەتە گشتییەکانی

بیروباوەڕیش "ئیبن سەلاح" ئەوە لە پێشینانەوە دەگوازێتەوە کە: باوەڕیان وایە خودای "سبحانە وتعالی" لە هەموو ئەو شتانەدا تەواوەتی ڕەهای هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە. باس لەوەش دەکات: پێشینیان پشتیش لە ڕۆچوون دەکەن لە سیفەتەکان لە ترسی ئەوەی نەبادا پێیان بخلیسکێت پاش ئەوەی جێگیر وەستاون. ئامۆژگاری ئەوانەش دەکات پرسیاریان کردووە: ئێوەش شوێن ئەوان بکەون بێوەی دەبن. باس لەوەش دەکات زۆر لە گەورە زانایانی کەلامی خاوەن دانراویش، دواتر گەڕاونەتەوە بۆسەر ئەم بنەمایە، ئەویش پاش بێزاربوون لەوەی کە تووشیان هات لە دەرد و بەڵای ورکردنەوەی سیفەتەکانی خودا. لە کۆتاییدا زانا شارەزووریەکە ئامۆژگاری پرسیارکەرەکان دەکات دەربارەی قورئان: هەرچی هاتە بەردەستتان لەم بابەتانە باوەڕت وابێت هەموو کەمال و تەواوەتییەك و پاکێتییەکی ڕەها و بێ کۆتایی بۆ خودایە، لە پاش ئەوە وردەکاری پێویست نییە، تەنیا باوەڕ و پشتڕاستکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی بەسە.

**وەڵامی "عیززی کوڕی عەبدولسەلام":**

هاوشێوەی پرسیارەکەی "ئیبن سەلاح" پرسیارێك ئاڕاستەی "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" (مردووە: ٦٦٠ك) کراوە کە خەڵکانێك هەن دەڵێن: خۆمان ناخەینە نێو شتێك کە لێی دڵنیا نین، ئاخۆ کەلامی خودا بە پیت و دەنگە، یان پیت و دەنگ نییە و دەڵێن: لەمەدا باوەڕمان هەمان باوەڕی پێغەمبەرە (د.خ). ئەوانەی پرسیاریان کردووە لە "عیززی کوڕی عەبدولسەلام دەپرسن: ئایا ئەم کەسانە پێویستە نکولییان لێ بکرێت؟ یان ئاڕاستە بکرێن؟ یان ئەگەر باوەڕیان وابێت، هیچ زیانی نییە؟

سەرەتا پێویستە ئاماژە بکرێت کە "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" کێیە و پێگەی چییە لە دنیای ئیسلامدا. ناوبراو زانایەکی هەرە بەناوبانگی سەردەمی ئەیوبیە کە لە زیاتر لە زانستێکی ئیسلامیدا دانراوی هەیە. سەرەتا ماوەیەك لای شەرعزانی ناسراوی ئەشعەری و زانستە نەقڵییەکان "سەیفەدینی ئامەدی" خوێندوویەتی، سەردەمێك جگە لە وانەبێژی لە غەزالییەی دیمەشق، وتاربێژی مزگەوتی ئومەویش بووە لە پایتەختی شام (السبكي، ١٤١٣ھ: ٨/ ٢٠٩_٢١٠)، بە شێخی شافیعییەکان ناسراوە، لە بوارەکانی تەفسیر و فەرموودە و شەرعزانی و بنەماکانیدا دانراوی هەیە و خوێندکاری زۆر لە وڵاتانەوە ڕوویان تێکردووە، پاش سەفەری بەغدا لە دیمەشق کراوەتە وتاربێژ، لەگەڵ "ئیبن سەلاح" دا کە شێخی "خانەی فەرموودە" بووە لەبارەی هەندێك پرس ناکۆك بوون، پاشان چووەتە میسر و لەوێ لای پادشای ئەیوبی "الصالح نجم الدين أيوب"

گیرساوەتەوە و بووە بە دادوەر و وتاربێژی دەوڵەت (ابن كثير، ٢٠٠٤، ٨٧٣_٨٧٥).

لە وەڵامی پرسیارەکەشدا بۆ خۆڵادان لە مشتومڕی سیفەتەکانی خودا بەو پێیەی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) باو نەبووە، "عیززی کوڕی عەبدلسەلام" (١٤١٩: ١٠٢_١٠٣)، بە پێچەوانەی "ئیبن سەلاحی شارەزووری" فەتوایەکی داوە کە دەڵێت: "ئەمە قسەی کەسێکی نەزانە خۆیشی نازانێ چ دەڵێت: ئەو کەسە پێویستە سیفەتە تەواوەکانی خودا بزانێت بۆ ئەوی لە ڕاراییدا نەمێنێتەوە لە نێوان سیفەتی تەواو و سیفەتی نوقساندا. جێگەی سەرسوڕمانیشە بڵێت باوەڕم هەمان باوەڕی پەیامبەرە لە کاتێکدا نازانێت باوەڕی ئەو چۆن بووە؟". لە جێگەیەکی دیکەدا "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" (١٩٨٦: ٥٥_٥٧)، جەخت دەکاتەوە، هەرکەس بڵێ باوەڕی ئەو دەربارەی سیفەتەکانی خودا هەمان باوەڕی پێشینانە "ئەوە درۆی کردووە"، چونکە "تۆ چۆن باوەڕت شتێکە کە هەستت پێنەکردووە، لەسەر ماناکانی نەوەستاویت". بە بۆچوونی ئەو قسەکردن لە سیفەتەکانی خودا بیدعەیەکی خراپ نییە، بەڵکو بیدعەیەکی پەسەندە، بگرە واجبیشە بەهۆی سەرهەڵدانی گومانەوە. "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" پێیوایە پێشینان بۆیە لە سیفەتەکان بێدەنگبوون، لە سەردەمی ئەواندا کەس نەبووە قسەی خودا و پێغەمبەر بە ئاراستەی دیکەدا ببات و لێکدانەوەی دیکەیان بۆ بکات، ئەگەر لەسەردەمی ئەوانیشدا گومان هەبووایە؛ ئەوە "بەرپەرچیان دەدایەوە و بەدرۆیاندەخستەوە و ئەوپەڕی نکولییان لێدەکرد". "عیزز"، بەڵگەش بەوە دێنێتەوە کاتێك قەدەرییەکان ] نکولی دەکەن لەوەی خودا شتەکانی پێش ڕوودانیان نووسیبێت[ لە سەردەمی هاوەڵان دەرکەوتوون و "بیدعەی خۆیان ئاشکرا کردووە" ئەوان وەڵامیان داونەتەوە، لە کاتێکدا پێشتر ئەو مشتومڕەیان نەکردووە چونکە پێویست نەبووە.

**وەڵامی "ئیبن سەلاحی شارەزووری":**

لە فەتواکانی "ئیبن سەلاح" دا هاتووە کە لە عێراقەوە پرسیارێکی لێکراوە دەربارەی پیت و دەنگی قورئان و "استواء"ی خودا لەسەر عەرش، ئایا لە سوننەت و دیدی خەلیفەکانی ڕاشدین و پێشەواکاندا چۆن بوون؟. بەپێی گێڕانەوە خوێندکارەکەشی "کەمالەدینی مەغریبی"، ئەویش وەڵامێکی داوەتەوە کە شایستە و بیانووبڕە، ئەمەش "لەسەر ڕێبازی ئەهلی وەرع و ڕاساڵان کە پەیڕەوانی چوار ئاییزاکەی سوننەت قبوڵیانە" (حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی). دەقی فەتواکەش دوورودرێژە، بەشێکیشی بەم جۆرەیە (١٤٠٧هـ: ١١٥): پێویستە باوەڕیان وابێت خودا هەموو سیفەتێکی تەواوی هەیە،

پاك و بێگەردە لە هەموو سیفەتێكی نوقسان، پاك و بێگەردە لە چوواندن [ بە مرۆڤ[ و نواندن ]لە لایەن مرۆڤەوە[ (التشبیە والتمثیل). هەروەها "ئیبن سەلاح" جەت دەكاتەوە پێویستە خەڵك باوەڕیان پتەوبێت بە وتەكانی خودا، لەسەر ئەو واتایەش وەربگرن كە خۆی مەبەستی بووە، باوەڕیان بە فەرموودەكان هەبێت لەسەر ئەو واتایەی پێغەمبەر (د.خ) مەبەستی بووە، ئەمەش كۆكراوەی سەرجەم ڕستەكانی باوەڕە. هەروەها "ئیبن سەلاح" جەخت لەوەش دەكاتەوە قسەكردن لەبارەی پیت و دەنگی قورئان (الحرف والصوت) و شێوازی "استواء"ی خودا لەسەر عەرش "بەشێك نییە لە ئایین"، هەركەسیش سەرقاڵی چۆنێتی سیفەتەكانی خودابێت "ئەوە بەلای ئایین و ئافاتی یەقینە"، هەروەها پێیوایە ئەوە لادانە لە سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) و خەلیفەكانی و پێشەوا موتەقییەكانی دی؛ لە هاوڵان و شوێنكەوتەكانیان لە پێشین و پاشینی موسوڵمانان (السلف و الخلف). پاشان "ئیبن سەلاحی شارەزووری" (١٤٠٧ك: ١١٥)، پێشنیار بۆ ئەو كەسانە دەكات دەیانەوێت ڕێگای پێشین و پاشینەكانیان بگرنەبەر دەربارەی دەقەكانی پەیوەست بە سیفەتی خودا، ئەوە بڵێت: ئەوانە واتاگەلێكیان هەیە شایستەیە بە گەورەیی و تەواوەتی و پیرۆزی ڕەهای خودا، گەڕان بەدوای وردەكارییەكەشیاندا ئەركی خەڵك نییە و بێدەنگبن لە ئاستیاندا، لەبارەی واتاكانیانەوە نەپرسن و نەچنە وردەكارییەوە چونكە پرسیاركردن دەربارەیان بیدعەیە. "ئیبن سەلاحی شارەزووری" پێیوایە هەركەس بچێتە ئەو وردەكارییانە ئەوە ڕیسكی بە ئایینی خۆیەوە كردووە، ڕەنگە كوفریشی كردبێت یان نزیك بووبێتەوە لێی و خۆی بەخۆی نەزانێت.

**هەردوو تێڕوانین و تێگەیشتنەكەی ئەم دووزانایەش لەبارەی چۆنێتی لێكدانەوەی سیفەتەكانی خودا چمكێك لە مێژووی مشتومڕە عەقیدەییەكانی سەدەی ٧ك/١٣ز لە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئەیوبیدا لە میسر و شام دەخاتەڕوو**

پاش گواستنەوەی فەتواكەشی "ئیبن سەلاح" خوێندكارەكەی "كەمالەدینی مەغریبی" بەوە بەرگری لێدەكات (١٤٠٧ك: ١١٥)، بۆچوونی شێخەكەی هاوتایە لەگەڵ هی شافیعی و خوێندكارەكەی كە "المزني" یە، هەروەها هاوتایە لەگەڵ بۆچوونی "ابن شریح" و سەرجەم سەر مەزهەبەكانی دیكەی میللەتی ئیسلام [ چوار ئاییزاكە[، هەروەها نموونەش بە بۆچوونەكانی ڕێبەری شافیعی نێودار

"ئەبو حامیدی غـەزالی" دەهێنێتەوە لە بەرهەمەکەیدا بەناوی "الجام العوام عن علم الکلام" کە هاوتایە لەگەڵ فەتواکەی "ئیبن سەلاحی شارەزووری".

## وەڵامی دووەمی "عیززی کوڕی عەبدولسەلام"

مشتومڕی "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" و "ئیبن سەلاحی شارەزووری" درێژە دەکێشێت و لە وەڵامی روونکردنەوەی دووەمی "ئیبن سەلاح" دا زانا ناودارەکەی تری شام چەند سەرنج و ڕەخنەیەکی هەیە لە "ئیبن سەلاح" و بە "مسکین" ناوی دەبات، سەرنجەکانیش لە فەتوا دەستخەتەکانیدا هەن (سێ نوسخەی جیای هاوتا) (العوني، ٢٠٢٤، ١٨٤_١٩٠) کە ئەمە پوختەکەیەتی: "عیززی کوڕی عەبدولسلام" پێیوایە پێداگریکردن لەسەر ئەوەی قسەکردن لە سیفەتەکانی خودا بەشێك نییە لە ئایین "هەڵەیەکی زەق و گەورەیە"، بەڵگەش بەوە دێنێتەوە گرووپە موسوڵمانەکان بۆچوونی جۆراوجۆریان لەبارەی سیفەتەوە هەیە، ئەگەر وابێت ئەوانە لە ئایین دەرچوون، هەندێکیان سیفەتیان تەئویل کردووە و مانای دیکەیان بۆ دۆزیوەتەوە] ئەشعەرییەکان[، هەیانە مانای ڕواڵەتیی دەقەکانیان وەکخۆی وەرگرتووە ]حەنبەلییە سەلەفییەکان[ و ...هتد. هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە ناکرێت ئەوە بکرێتە بەڵگە کە هاوەڵان لە سیفەتەکانی خودا بێدەنگبوون، چونکە ئەوکات ئەو بابەتە نەوروژێنراوە، لەو کاتەشدا بۆ ئەوان "بێدەنگی ڕەوا بووە". جەخت لەوەش دەکاتەوە: ئەگەر گومان دەرکەوت؛ وەڵامدانەوەی واجبە، بە بەڵگەی ئەوەی پێشین گومانی قەدەرییەکانیان ڕەتکردووەتەوە، "عەلی کوڕی ئەبو تالیب" مشتومڕی لەگەڵ کردوون، هەر "عەلی کوڕی ئەبو تالیب" و "عەبدوڵلای کوڕی عەباس" لەگەڵ خەواریج گفتوگۆی ڕووبەڕوویانکردووە، "ئەبو حەنیفە"ش بە هەمانشێوە لەگەڵ خەواریج مشتومڕی هەبووە، پێشینان بەرپەرچی موعتەزیلەیان داوەتەوە لەبارەی ئەوەی وتوویانە "قورئان مەخلوقە" و کێ بەرپرسە لە کردەوەی مرۆڤ، خۆی یان خودا، نمونەی ئەم گفتوگۆ ڕووبەڕووانەش لەگەڵ جەبری و مورجیئەکان ]کردەوە بە بەشێك لە ئیمان نازانن و دەڵێن تەنیا بڕوا و پشتڕاستکردنەوەیە[ لە پێشینانی ئیسلامدا زۆرە. بە بۆچوونی "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" ناکرێت مرۆڤ ئەگەر پرسیاری بۆ دروست بوو لە شك و گوماندا بمێنێتەوە، بە تایبەت کە خودا ڕێنمایی خەڵکی کردووە لە کاتی نەزانین پەنا بۆ شارەزایان ببەن (فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ). لەوەڵامی ئەوەشی کە پێشەوا "شافیعی" لە سەردەمی خۆی سەرکۆنەی "ئەهلی کەلام" و ڕۆچوون لە پرسەکانی عەقیدەی کردووە، "عیززی

کوڕی عەبدولسەلام" بەوە تەئویلی دەکات کە تایبەتە بە "لەڕێ دەرچووانی سەردەمی خۆی"، بۆ هۆشداریدانی "ئەبو حامیدی غەزالی" کە هاوشێوەی "ئیبن سەلاح" لەگەڵ گشتاندنی باسەکانی سیفەتەکانی خودا و وردکردنەوەیاندا نییە، "عیززی کوڕی عەبدولسلام" پێیوایە بۆ ئەوانەیە کە نایزانن نەبادا بەهۆی ئەوەوە بخلیسکێن بۆ کوفر و بیدعە، ئەمەش هاندان نییە بۆ ئەوەی خەڵك لە گوماندا بمێنێتەوە.

## ئەشعەرییەکان کەلام و فەلسەفە بەکاردەهێنن بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و خستنەڕووی بابەتەکانی پەیوەست بە عەقیدە و سیفەتەکانی خودا

## کێشەی "ئیبن سەلاح" لەگەڵ لێکدانەوەی عەقڵی

کێشەی "ئیبن سەلاحی شارەزووری" لەگەڵ لێکدانەوەی عەقڵییانە بۆ دەقەکان تەنیا لەو پرسیار و وەڵامەدا نییە دەربارەی سیفەتی کەلام و وردبوونەوە لە پیت و دەنگی قورئان یان مانای "الاستواء"ی خودا لەسەر عەرش، بەڵکە فەتوای هاوشێوەی دیکەی هەیە کە دژ بەوە فەلەسەفەکاری و بەکارهێنانی زانستە عەقڵییەکانە بۆ لێکدانەوەی سیفەتەکانی خودا (ابن كثير، ١٩٩٣: ٨٥٧)، ئەمە لە کاتێکدا ناوبراو ئەو ئەکاتەی لە موسڵ فێرخواز و هاوەڵی شێخی شافیعی_ئەشعەری "کەمالەدینی کوڕی مەنعە"ی (م.٦٣٩ك/١٢٤٢ز) هەولێری بووە، هەوڵیداوە بە نهێنی زانستی "مەنتیق"ی لا بخوێنێت، بەڵام مامۆستاکەی ئامۆژگاریکردووە واز لە خوێندنی "مەنتیق" بهێنێت و پێیوتووە: "خەڵك ڕایان لە سەرت باشە، هەر کەسیش خەریکی "مەنتیق" بێت لە سەر ئەوانە ئەژماردەکرێت کە عەقیدەیان خراپە، بە هۆی ئەمەیشەوە واتێدەگەن تۆ عەقیدەیان تێکدەدەیت، بەم هۆیەیشەوە "ئیبن سەلاح" لە خوێندنی مەنتیق وازیهێناوە" (ابن خلكان، ١٩٩٤: ٥/ ٣١٤). ئەم هۆشداری و دوورەپەرێزگرتنەوەی "ئیبن سەلاح" لە "مەنتیق" دەگاتە ئەوەی فەتوایەکی بەناوبانگ بدات لە سەر حەرامکردنی فەلسەفە و لۆژیك کە ئەوکات دەقەکانی پەیوەست بە سیفەتەکانی خودایان پێ لێکدەدرایەوە. لە فەتواکەیدا "ئیبن سەلاح" (١٤٠٧هـ/ ١: ٢٠٩_٢١٠) جەخت لە چەند شتێك دەکاتەوە: "فەلسەفە ترۆپکی گەمژەیی و بەربادییە، بابەتێکە بۆ دڵەڕاوکێ و گومڕایی و دڵکرمی و زەندەقە، هەر کەسیش فەلسەفەکاری بکات چاوی لە ئاست جوانییەکانی شەریعەت کوێردەبێت و شەیتان سواری سەری دەبێت". لە

بارەی "مەنتیق"یش پێیوایە (١٤٠٧هـ/ ١: ٢٠٩_٢٠١٠) "دەروازەی خراپەکارییە"، سەرقاڵبوون بە فێربوونیشی لە شەریعەتدا بە حەڵاڵ نازانێت چونکە "لە ناو هاوەڵان و شوێنکەوتەکانیان و پێشەوایانی سەلەفدا ڕێگەپێنەدراوە". جەخت لەوەش دەکاتەوە بەکارهێنانی زاراوەکانی "مەنتیق" لە باسە شەرعییەکاندا خراپەکارییە"، دەربارەی ئەوانەشی پێیانوایە بۆ کەڵکوەرگرتن خۆیان بەم زانستەوە سەرقاڵدەکەن دەڵێت: ئەوە شەیتان خڵافاندوویەتی و فێڵیلێکردووە". بەلای ئەویشەوە ئەرکی دەسەڵاتدار ئەوەیە ئەم "شوومانە" لە قوتابخانەکان دووربخاتەوە و ئەوانەیش سزابدات کە پێوەی سەرقاڵن ئیتر چ بە شمشێر بێت یان بە ئیسلامەتی، هەروەها جەختیکردووەتەوە (١٤٠٧هـ/ ١: ٢٠٩_٢٠١٠)، لە هەموو شت پێویستتر لادانی ئەو مامۆستایانەیە لە کاری وانەوتنەوە کە ئەهلی فەلسەفەن یان دانراویان هەیە تێیدا، نەك هەروەها بەڵکە پێویستە زیندانی بکرێن و لە ماڵەوە دەستبەسەربن. لەم میانەیەشدا ئەوە باوە کە وتوویەتی وەرگرتنەوەی قوتابخانەیە لە "سەیفەدینی ئامەدی" لە ڕزگارکردنی شاری عەککا باشترە لە خاچییەکان" (ابن تیمیة، ١٩٩٥: ٧٦/٩)، بە دوای ئەمەیشدا پادشای ئەیوبی "مەلیك ئەشرەف" لە ناو خەڵك هۆشداریداوە کەس خۆی بە زانستە دێرینەکانەوە سەرقاڵنەکات و لە بری ئەوە گرنگی بە تەفسیر و فەرموودە و شەرعزانی بدەن. هەروەها "سەیفەدینی ئامەدی" لە مامۆستایەتی قوتابخانەی "العزيزية" لابردووە (ابن كثير، د.ت: ١٣/ ١٢٤) ، چونکە ناوبراو پێشەنگی زانستە عەقڵییەکان بووە لە سەردەمی خۆی.

**عەقیدەی "ئیبن سەلاحی شارەزووری"**

"ئیبن سەلاحی شارەزووری" لە ژینگەیەکی ئەشعەریدا پەروەردە بووە کە پێشتر ئاماژەی پێکرا سیفەتەکانی خودا یان تەئویل یان ماناکەی هەواڵەی خودا دەکەن (التفويض)، کەچی ئەم شەرعزانە کوردە شارەزوورییە جیاواز لە زۆر لە هاوتا کورد و ئیسلامییەکانی دیکەی سەردەمی خۆی هۆگری عەقیدەی پێشین بووە کە پابەندییە بە مانای ڕواڵەتی دەقەکانەوە و بە دەربڕینی "ابن كثير" (١٩٩٣: ٨٥٧) لە عەقیدەدا سەلەفی بووە". ئەمەش زیاتر لە نوسینی پەراوێزێك دا دەردەکەوێت کە لە سەر هۆنراوەیەکی "أبي الحسن الكرجي" (م.٥٣٢ك/١١٣٧ز) نووسیویەتی، هۆنراوەکە باسی بەرز و بڵندیی (العلو)ی خودا دەکات لە سەر عەرش، تانەی زۆریش لە عەقیدەی ئەشعەرییەکان دەدات و خراپ ناویاندەهێنێت، "ئیبن سەلاح"یش لەسەری نووسیوە "ئەمەیە عەقیدەی ئەهلی سوننەت و فەرموودە" (الذهبی، ٢٠٠٣، ٢/ ٤٧٣) . هەر بەم

هۆیەیشەوە "الذهبي" (١٩٩٨: ٤/ ١٤٩) لە بارەی "ابن الصلاح" وتوویەتی "کەسێکی بە عەقیدە سەلەفی بووە، دووریگرتووە لە تەئویلی ئەهلی کەلام، باوەڕی بە واتای دەقەکان هەبووە بەبێ قووڵبوونەوە و وردبوونەوە تێیدا"، ئەمەش هەمان ئەنجامگیری "ابن کثیر"ە لەبارەی باوەڕی زانای شارەزووری.

## "ئیبن سەلاح" لە دەوڵەتی ئەیوبیدا خزمەتی کردووە و ئەرك و بەرپرسیارێتی لە قوتابخانەکانی فەرموودەدا هەبووە

کارکردنی "ئیبن سەلاح" لەگەڵ "مەلیك ئەشرەف" ی ئەیوبی کە دۆست و هاوڕێی حەنبەلییەکانە وەك لە پێشەوە باسکرا، دەشێت هەر ئەم پاڵنەرەی هەبوو‌بێت، هەردوولایش لەو شافیعییە کوردانەن کە نەچوونەتەناو تەوژمی باوی ئەشعەرییەوە، لەم چوارچێوەیەیشدا "مەلیك ئەشرەف" بەڕێوەبردنی "دار الحدیث"ی دیمەشقی پێسپاردووە (٦٢٨ك/١٢٣١ز)، لەم خانەیەشدا ئەو نەعلانە نمایشکرابوون کە باوەڕوایە هی پێغەمبەر بێت (د.خ) (الذهبي، ٢٠٠١: ١٣/ ٣٦٠). هەر لەم سۆنگەیەشەوە "ئیبن سەلاح" و "مەلیك ئەشرەف" یش لەگەڵ "عیززی کوڕی عەبدولسەلام ناکۆکی و ناجۆرییان زۆر بووە، چونکە وەك "السبکي" (١٤١٣ھ: ٨/ ٢١٨) دەڵێت: هاوەڵانی ئەم پادشا لەوانەبون خۆیان بە سەلەفی و پەیڕەوی "ئەحمەدی کوڕی حەنبەل" زانیوە و هێندەش کاریگەرییان هەبووە لەسەری "تێکەڵ بە خوێن و گۆشتی سوڵتان بووە"، بەم هۆیەشەوە کێشەیەك کەوتووەتە نێوانیان لەگەڵ "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" و دواتر بە نێوانگریی شەرعزانی کوردی میسری "ئیبن حاجیب" و دەستوەردانی پادشای ئەیوبی "مەلیك کامیل" دامرکێنراوەتەوە و "مەلیك ئەشرەف" ڕازیی کردووە و داوای لێبوردنی لێکردووە (السبکي، ١٤١٣: ٨/ ٢٢٩_٢٣٠_٢٣٩)، پێشتریش ئاماژەی پێکرا کاریگەربوونی "مەلیك ئەشرەف" بە "ئیبن سەلاح" وایکردووە مامۆستاکەی "عیززی کوڕی عەبدولسەلام" کە "سەیفەدینی ئامەدییە" لە وانەبێژی لە شام دووربخرێتەوە و لەوە بەدوا بە گۆشەگیری و لە باخەکەی خۆیدا ژیاوە تا کۆتایی ژیانی (ابن کثیر، د.ت: ١٣/ ١٤١)، بەشی گەورەی هۆکاری ئەمەش ئەوەیە وەك "ئیبن تەیمیە" (١٩٩٦: ٩/٧) دەڵێت: "کەس لە سەردەمی ئەودا هێندە قووڵنەبووە لە زانستە کەلامی و فەلسەفییەکان" لە هەمان کاتیشدا

شایەتی ئەوەی بۆ داوە "کەس لەو مسوڵمانتر و باوەڕقایمتر نەبووە".

**کۆبەند**

لەم باسانەی پێشەوە دەردەکەوێت ڕاجیاییەکی توند لە بارەی وەستان لە بارەی سیفەتەکانی خودا یان ڕۆچوون لە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنیان لە نێو شەرعزانە دیارە ناسراوەکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا لە شام هەبووە (سەدەی ٧ك/١٣ز) لە کاتێکدا هەموویان لە چوارچێوەی گشتی ئایینزای شافیعیدا کاریانکردووە. لەم مشتومڕەشدا "ئیبن سەلاحی شارەزووری" وەك کوردێکی دەرکەوتوو لە زانستە ئیسلامییەکاندا، پێگە و بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبووە و بە فەتواکانی بەشداریی بەرچاوی لە بابەتە عەقیدەییەکاندا کردووە و کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتدارانیش هەبووە لەوانەش "مەلیك ئەشرەفی ئەیوبی". ئەم شەرعزانە کوردە جیاواز لە زۆر لە کوردە هاوسەردەمەکانی خۆی، لە بارەی عەقیدەوە سەر بە قوتابخانەی نەقڵ بووە و پشتیوانی لەوەکردووە جگە لە وەرگرتنی واتای ڕواڵەتی دەقەکانی پەیوەست بە سیفەتەکانی خودا، وردەکاریی و بنکۆڵکاری زیاتریان تێدا نەکرێت بە پشتبەستن بە زانستەکانی فەلسەفە و لۆژیك، ئەمەش وایکردووە لەگەڵ یەکێك لە هەرە ناسراوترین زانا ئیسلامییەکانی هاوچەرخ و هاوسەردەمی خۆی کە "عیززی کوڕی عەبدولسەلام"ە، بکەوێتە ناکۆکی و مشتومڕەوە. لایەنگریکرنی "ئیبن سەلاح" بۆ قوتابخانەی نەقڵ لە کاتێکدا لە زنجیرەی مامۆستاکانیدا زۆربەیان لەگەڵ تەئویل و هەواڵەکردنی مانای دەقدان بۆ خودا، ئەمەش دەشێت پەیوەندی بە کێڵگەی سەرەکی کارکردنی ناوبراوەوە هەبێت کە فەرمووودەناسییە. مشتومڕی ئەم دوو زانا ئیسلامییەش لەگەڵ یەکتر ئەگەرچی هەندێك زبریشی تێدایە لە وردەکاریدا، بەڵام بەگشتی بەشێکن لە چوارچێوەیەکی گەورەتری مشتومڕ و ململانێ عەقیدەییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی کە شار و سنوری قەڵەمڕەویی دەوڵەتی ئەیوبیشی گرتووەتەوە لە کاتێکدا ئایینزای سەرەکی دەوڵەت شافیعی _ ئەشعەری بووە و بەشێکیشن لەو هەوڵانەی بۆ ناسینی زیاتری زاتی خودا و سیفەتەکانی دراون هەریەك بە پێی میتۆد و ڕێچکەی خۆی.

---

**سەرچاوەکان:**

الأسنوي، عبدالرحيم جمال الدين (ت ٧٧٢هـ/١٣٧١م). (١٩٨٧). طبقات الشافعية، تحقيق كمال الحوت. بيروت: دار الكتب العلمية.

ابن تيمية، أحمد بن عبد الحليم (ت ٧٢٦هـ/١٣٢٦م). (١٩٩٥). مجموع الفتاوى، تحقيق عبد الرحمن بن محمد بن قاسم. المدينة: مجمع الملك فهد لطباعة المصحف.

ابن حجر العسقلاني، أحمد بن علي بن محمد (٧٧٣-٨٥٢هـ/١٣٧١-١٤٤٩م). (٢٠٠٠). نزهة النظر في توضيح نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر، تحقيق نور الدين عتر. دمشق: مطبعة الصباح.

الجويني، عبد الملك عبدالله (ت٤٧٨هـ/١٠٨٥م) (د.ت). الإرشاد الى قواطع الأدلة في أصول الاعتقاد. مصر: مكتبة الثقافة الدينية.

الحموي، تاج الدين. (ت ق٦هـ/١٠م) (١٣٢٧هـ) حدائق الفصول وجواهر العقول في علم الكلام على أصول أبي الحسن الأشعري. مصر: مكتبة الخانجي.

ابن خلكان، شمس الدين أحمد بن محمد (ت ٦٨١هـ/١٢٨٢م). (١٩٦٨). وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق إحسان عباس. بيروت: دار صادر.

الذهبي، شمس الدين محمد (ت ٧٤٨هـ/١٣٤٧م). (١٩٩٨). تذكرة الحفاظ. بيروت: دار الكتب العلمية.

الذهبي، شمس الدين محمد (ت ٧٤٨هـ/١٣٤٧م). (٢٠٠١). تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تحقيق بشار عواد معروف. بيروت: دار الغرب الإسلامي.

الذهبي، شمس الدين محمد (ت ٧٤٨هـ/١٣٤٧م). (٢٠٠٣). العرش، تحقيق محمد التميمي. المدينة: الجامعة الإسلامية.

ابن الصلاح، عثمان بن عبد الرحمن، أبو عمرو، تقي الدين (ت ٦٤٣هـ/١٢٤٥م). (٢٠٠٢). معرفة أنواع علم الحديث، تحقيق عبد اللطيف الهميم وماهر ياسين الفحل. بيروت: دار الكتب العلمية.

ابن الصلاح، عثمان بن عبد الرحمن، أبو عمرو، تقي الدين (ت ٦٤٣هـ/١٢٤٥م). (١٤١٧هـ) فتاوى ابن الصلاح، تحقيق موفق عبد الله عبد القادر. بيروت: مكتبة العلوم والحكم، عالم الكتب.

ابن عبد السلام، العز (١٩٨٦). كتاب الفتاوى، تخريج وتعليق عبد الرحمن بن عبد الفتاح. بيروت: دار المعرفة.

ابن عبدالسلام، العز (٦٦٠هـ/١٢٦٢م). (١٤١٩هـ). الفتاوى الموصلية. تحقيق إياد خالد الطباع. بيروت: دار الفكر المعاصر.

ابن كثير، إسماعيل بن عمر (ت ٧٧٤هـ/١٣٧٣م). (٢٠٠٤). طبقات الشافعيين، تحقيق أنور الباز. المنصورة: دار الوفاء.

ابن كثير، عماد الدين إسماعيل بن عمر (ت ٧٧٤هـ/١٣٧٢م) (د.ت). البداية والنهاية. القاهرة: مطبعة السعادة.

المقريزي. علي بن أحمد (ت٨٤٥هـ/١٤٤٢م). (١٤١٨هـ) المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار (الخطط المقريزية). بيروت: دار الكتب العلمية.

## سەرچاوە نوێیەکان:

العوني، الشريف حاتم بن عارف. (٢٠٠٤). سجال عقدي حول إيجاب الإجمال أو إيجاب التفصيل في المسائل الخلافية من صفات ربنا الجليل. دورية نماء، مركز نماء، مصر، ٨(١٤)، ص ١٧٨-١٩٦.

ڕانانی کتێب

ئایینناسی

# زانستی کۆمەڵناسی ئایینی

نووسەر: د. مهدی محمد القصاص
ڕانانی: ئلیاس تاهیر

نووسەری ئەم پەرتووکە (د. مهدی محمد القصاص)ە لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٥ لە وڵاتی میسر هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی میشیگان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تایبەتمەندی زانستی کۆمەڵناسی و پەیوەندی بە ئایین و یاسا و کۆمەڵگەوە، خاوەنی چەندەها پەرتووك و توێژینەوەی زانستی گرنگە لەم بوارەدا. دیارترین بیروڕا و بنەما هزرییەکانی نووسەر ئەوەیە کە مرۆڤ هەموو کات پێویستی بە ئایین و بیروباوەڕێك هەیە هەتا ژیانی ڕاستەقینەی پێدروست بکات، لەبەر ئەوەی کە ژیانی مادی و ڕوحی تەنیا لە ڕێگەی ئایینەوە ئاوێتە دەبن و دواتر مرۆڤ خاوەن بیروهۆش دروست دەکەن، کەواتە ئەم پەیوەندییە ڕاستەوانەیە و هەموو کات هەردوو لایەن یەکتر تەواو دەکەن.

ئەم پەرتووکە لە حەوت بەش پێکهاتووە و زۆر بە تێروتەسەلی شیکردنەوە بۆ بواری زانستی و تیۆری ئایین و پەیوەندی لەگەڵ ژیانی تاك لە کۆمەڵگەدا کراوە و پاشان لێکۆڵینەوەی واقیعیش تێکەڵ بەلایەنی تیۆری کراوە.

لەبەشی یەکەمدا شیکردنەوە بۆ مانا و ماهیەتی زانستی کۆمەڵناسی ئایینی کراوە، لەبەر ئەوەی پێناسەی ئایین زۆر لایەن و بابەتی تری جیاواز لەخۆ دەگرێت و بەهۆی بوونی جۆرەها بیروباوەڕی جیاواز لە جیهاندا بە درێژایی مێژوو وای کردووە کە نەتوانرێت تەنیا پێناسەیەك بۆ ئایین بکرێت، بەڵکو زانایان لەم بوارەدا پەنایان بردوە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر ئایین و پاشان چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لەناو کۆمەڵگە، لێرەوە زانایانی کۆمەڵناسی بۆ دەستکەوتنی پێناسەیەکی گشتگیر و گونجاو بۆ ئایین گەیشتونەتە یەکگرتن لە سەر دوو بنەمای سەرەکی کە دەبێت کە پێناسەی ئاییندا هەبێت، یەکەمیان بوونی دیاردەی جیهانی بوون، دووەمیان هەبوون و

ڕەنگدانەوەی ئەرکی کۆمەڵایەتییە بۆ تاك و کۆمەڵگە. بەم شێوەیە ئایین دەبێتە کۆمەڵێك بیروبۆچوون و بنەما و ڕێنمایی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی دەبێت و تێڕوانین و شیکردنەوەی بۆ ڕووداوەکان پێ دەکات.

بەم شێوەیە نزیك دەبینەوە لە دەستکەوتنی پێناسەی زانستی کۆمەڵناسی ئایینی، هەرچەندە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان زانایان لە سەردەمانی پێشوو ئێستاشدا لەسەر پێناسە و مانای زانستی کۆمەڵناسی ئایینی، بەڵام بە گشتی زانستێکە گرنگی بە کاریگەری ئایین دەدات لەسەر کۆمەڵگە و شێوازی بیرکردنەوە و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە ڕوون دەکاتەوە، هەرچەندە گرنگە ئەوە بزانین کە زانستی کۆمەڵناسی ئایینی، زانستێکی ئایینی نییە، بەڵکو لقێکی زۆر گرنگی زانستی کۆمەڵناسییە.

لێرەدا پرسیارێك دروستە دەبێت کە بۆچی ئەم گرنگیدانە بە ئایین؟ بە تایبەت بە پەیوەندی لەگەڵ تاك و کۆمەڵگە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەند خاڵێك دەخەینە ڕوو:

**یەکەم:** پەیوەست بوونی مرۆڤایەتی بە ئایین و دەرکەوتنی ئایین لە هەموو کۆمەڵگەکانی پێشوو و سەردەمی نوێدا و بە ڕوونی هەستکردن بە کاریگەری ڕێنمایە ئایینییەکان لەسەر بڕیار و هەڵسوکەوت و شێوازی گشتی ژیانکردن لە کۆمەڵگەدا و ئایین وەك سەرچاوەیەکی گرنگی شیکردنەوەی ڕووداوەکان سەیر دەکرێت.

**دووەم:** گرنگی ئەو ئەرکانەی کە ئایین لە کۆمەڵگەدا ئەنجامیان دەدات، بێگومان ئایین کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ و گەورەی لەناو کۆمەڵگەدا لە ئەستۆ گرتووە، تاك بە هۆی ئایینەوە زۆربەی داخوازی و ویستەکانی دەست دەکەوێت، گرنگترین ئەرکی ئایین دروستکردنی ئارامی دەروونییە بۆ شوێنکەوتوانی، هەروەها پێکهێنانی بە شێکی گەورەی داب و نەریت و بنەما کۆمەڵاییەتییەکانی ناو کۆمەڵگە لە ئایینەوە سەرچاوە دەگرێت کە تاك بە خۆشحاڵییەوە پێوەی پەیوەستە و بەرگریشی لێ دەکات.

**سێیەم:** ڕۆڵی ئایین لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بێگومان ئایین ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە هەر گۆڕانکارییەك کە ڕووبەرووی کۆمەڵگە دەبێتەوە و لە زۆر قۆناغی مێژوودا ئایین سیمای کۆمەڵگەیەکی بە تەواوەتی گۆڕیوە.

**چوارەم:** ڕۆڵی ئایین لە پێشکەوتن و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە ئایین ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی هەیە لە بە هێزکردنی ئابووری و ڕۆڵی لەم بوارەدا. هەروەها ناتواترێت ڕۆڵی گرنگی ئایین لە چارەسەری زۆرێك لە نەخۆشییە دەروونی و تاوانە باوەکانی ناو کۆمەڵگە وەك درۆ، دزی، خیانەت، مادەی هۆشبەر ....... هتد لەبیر بکرێت.

بەم شێوەیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئایین هەندێك ئەرکی دیاریکراو و گرنگی لە کۆمەڵگەدا هەیە کە بریتین:

١- جەختکردن لەسەر ئامانج و مەبەستی سەرەکی هەر بابەت و ڕووداوێکی ناو کۆمەڵگە بە تایبەت گۆڕانکارییەکان.

٢- نوێکردنەوەی خۆشەویستی و یەکگرتوویی کۆمەڵگە کە ئایین بە هۆی هەندێك لە ڕێکارەکانی (طقوس) بەردەوام بەیەکەوەبوون و یەکگرتووی نوێ دەکاتەوە.

٣- ئایین دەبێتە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ کۆمەڵگە کە پاش هەموو باس و جیاوازییەك بۆی دەگەڕێنەوە.

٤- ئایین هۆکارێکی سەرەکی ڕوونکردنەکاری چاك و هاوکاری و دەستباربوونی ناو کۆمەڵگەیە.

کەواتە ئایین سەرچاوەی سەرەکی پەیوەست بوون و ڕێکخستنە لە کۆمەڵگە لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و کولتوور، دابونەریت، یاسا، بەهاکان، ڕای گشتی، خێزان، خوێندن و فێرکردن، پەروەردە....... هتد.

لە بەشی دووەمدا نووسەر چووەتە سەر باسی شیکردنەوەی ئایین وەك بابەتێکی توێژینەوەی کۆمەڵناسی، بۆ ئەم مەبەستە گەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوەی دروستبوونی ئایینەکان و ئاماژەی بەوە کردووە کە ناتوانرێت سەرهەڵدانی ئایین بە هیچ کات و قۆناغێکی دیاریکراوی مرۆڤایەتی ببەسترێتەوە، بەڵکو باشترین بۆچوون ئەوەیە کە هەر لەگەڵ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتیدا هەبووە، چونکە هەموو کۆمەڵگەکان بە درێژایی مێژوو پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە ئایین و بیروباوەڕێکیان هەبووە.

لەڕووی دابەشکاری بۆ جۆرەکانی ئایین نووسەر پێی وایە کە چەند جۆرێکی سەرەکی ئایین لە جیهاندا بوونی هەیە:

١- ئایینە ئاسمانییەکان (ئیسلام، مەسیحیەت، جولەکە)

٢- ئایینە هاوبەشەکان (هندۆکی – هندۆسی)

٣- ئایینەکانی تەریقەت (بوزی، کۆنفۆشیوسی، گاوی)

٤- ئایینی دواکەوتن (شنتەوی لە یابان)

٥- ئایینە سەرەتاییەکان کە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا هەن و هەبوون وەك (ئەرۆحی، (ڕۆحی بوونی کەون)، تەوتەحی)..

بەم شێوەیە نووسەر گەیشتووەتە ڕێگای یەکلابوونەوە بە هەبوونی پەیوەندی هەموو کۆمەڵگەیەك بە ئایینەوە و هیچ کۆمەڵێك لە خەڵکی ناتوانن بەیەکەوە لە شوێنێکدا بژین بەبێ هەبوونی جۆرێك لە ئایین و بیروباوەڕ. کەواتە ئایین بابەتێکی حەتمیە کۆمەڵگەکاندا و ئاراستەی ڕێگا و تێڕوانینی تاك بۆ ژیان و بوون و ئامانج دیاری دەکات.

لێرەدا دەتوانین پەیوەندییەکی تری ئایین لە کۆمەڵگە بدۆزینەوە کە بریتییە کولتوور و ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵگە کە ناتوانرێت جیابکرێتەوە لە ئایین، چونکە دواجار

ئایین دەبێتە سەرچاوەی کردنەوەی گرێ کوێرەی هەر بابەت و پرسیارێك کە ژیری و زانست لەبەرامبەریدا دەستەوەستانن ئەم شێوازەی تێڕوانین لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە ڕوونی بەدیدەکرێت کە دواجار و لە کۆتایی هەرگرێوگۆڵێك ئایین بووەتە ڕێگا و سەرچاوەی پەنا بۆ بردن و ڕێگری کردن لە تێکچون و ئاڵۆزبوونی هەندێك لایەنەکانی بنەڕەتی ژیان لە کۆمەڵگەدا.

نووسەر بۆ ڕوونکردنەوەی تێگەیشتن لە ئایین و پەیوەندی بە خودی تاك و پاشان گشتی کۆمەڵگە شیکردنەوەی بۆ هەندێ تیۆری زانایانی کۆمەڵناسی کردووە وەك (دورکایم) هەرچەندە زیاتر لەژێر کاریگەری کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا بوە بەڵام دەرئەنجامی توێژینەوەکانی گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێك:

١- ئایین بەوە جیاوازە لە هەموو دیاردەکانی تری کۆمەڵگە کە ئایین لە ناخەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام دیاردەکان بە گشتی لە دەرەوەی مرۆڤن.

٢- لە کۆتایدا بۆ شیکردنەوەو تێگەیشتن لە ئاییندا پشت بە زانست نابەسترێت، بەڵام بۆ دیاردەکانی تر مرۆڤ هەموو کات بە دوای وەڵامی زانستیە.

٣- هەر دیاردەیەکی تایبەت بە ماوەیەك لەناو دەچێت بەڵام ئایین بەردەوامی هەیە و ڕوحی ئایین لە ناخی تاك و چەق کۆمەڵگەدا هەیە.

لێرەدا گرنگە ئەوە ڕونبکرێتەوە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەندێك بنچینە هەیە کە کۆمەڵگە بە گشتی وەك پایە و بنەما و بوون و پێشکەوتن لێی دەڕوانێت کە بریتی یە لە یاسا، دابوونەریت، ڕای گشتی، بەهاکان ....هتد و هەموو ئەمانەش لەژێر کاریگەری ئایینی گشتی کۆمەڵگەدان و ئایین وەك سەرچاوەیان سەیر دەکرێت ئایینەکانیش لەگەڵ هەر جیاواز یەك کە هەبێت لە نێوانیان بەڵام بە گشتی ئایین دەبێت سێ ڕەگەزی سەرەکی هەبێت:

١- **ڕەگەزی ڕوحی و ئیمانی:** کە بریتییە لەو هێزەی کە باوەڕی ئایینی دەیبەخشێت بە ڕوح و دڵی بڕوادارەکان و پەیوەست بوون بە ئایینەوە دەکاتە بابەتێکی ڕاستەقینە و حەتمی.

٢- **ڕەگەزی پەرستن:** بریتییە لە ئەنجامدانی هەندێ کارو ئەرکی پەرستش وەك هۆکاری نزیکبوونەوە لە خودا و بەدەستخستنی پاداشت.

٣- ڕەگەزی بەڵگەیی و مەرجەعی: بریتییە لە هەبوونی دەق و یاسا و ڕێسای تایبەت بە ئایین و پشت پێ بەستنی لە کاتی پێویست.

ئایینی ئیسلام وەك ئایینی سەرەکی کوردستان بە تەواوەتی هەرسێ ڕەگەزی سەرەکی تێدایە و بنەماکانی ئایینی وەك گەورەترین ئایین لە جیهاندا بە ڕوونی لە خۆگرتوە. بە ئاماژە بە هەرسێ ڕەگەزی ئایین دەتوانین بڵێین ئایین چەند ئەرکێکی گرنگ جێ بەجێ دەکات لە کۆمەڵگەدا:

١- یەکریزی و یەکگرتوویی و هاودەنگی

نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە.
٢- ڕاگـرتـن ورێـکـخـسـتـنی سـلـوك و هەڵسوکەوتی تاك و چوارچێوەکردنی.
٣- شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی هەندێك باس و ڕووداو کە ڕێگاکانی ڕونکردنەوەیان قورس و گرانە.
٤- ڕاگـرتـن و هێـمن کـردنـەوەی دڵ و دەرونـی تـاك لـە کاتی ڕووداو کێشـە و گرفت ونەهامەتیەکان.
٥- هەموو کات هەستکردن بە ئارامی و خۆشبەختی و بێ خەم بوون لە ژیان.
٦- ئـایین بـاشترین هـۆکارە بـۆ پـاراستن و مـانـەوەی مێژوو کولـتووری نیشـتمان و خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.
لـەبـەشی سێـهـەمـدا بـاس لـە زانـستی کۆمەڵناسی ئایین کراوە لەلایەن زانایانی ئـەم زانستـە، لـە پێشـەنگی زانـایـان (إبن خلدون) دەردەکەوێت لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (المقدمە) جەختی کردووە لەوەی کە ئایین سەرچاوەی سەرەکی کۆمەڵگەیە چونکە هەموو کۆمەڵگەیەك لەلای ئیبن خـەلـدون لـەسـەر دوو بنـەمای سـەرەکی دادەمەزرێت ئەوانیش دەمارگیری و ئایین (الـعـصبیە والـدین) کە دەتـوانین بڵێین دەمــارگیری لـە هـزری ئـیبن خـەلـدونـدا بریتییە ڕەچـەڵـەك و ڕەگـەز،و نـەتـەوە و ئایینیش ڕووکـەی تـری کۆمەڵگەیە. بە کورتی هـۆکاری گرێدانی نـەتـەوە و ئـایین بەیەکەوەیە کە ئیبن خـەلـدون پێی وایە ئـەگـەر بـە هـۆکاری نـەتـەوەیی و ڕەگـەزی کۆببینەوە ڕوداوی نـەشـیـاو و نـامرۆڤـانە ڕوودەدات بـە هـۆی دروسـتـبـوون و پـەرەسـەنـدنی ڕەگـەزپـەرستی و ڕۆچـون تێـیدا، بـەڵام ئـایین دەبێتـە هـۆکاری ڕێك ڕاگرتنی ژیانی پێکەوەیی نەتەوە و پاشان کۆمەڵگەی دروست و شیا و پێکدێت.
دواتـر نـووسـەر هـزری ئوگـست کونت شیـدەکاتەوە کە دیارترین بۆ چونەکانی کـونـت بـریتی بـوە لـە سێ یـاسـاکـە کە شیـکـەرەوەن بۆ بـەرەو پێشچـونی هـزری مرۆڤـایـەتی بۆ ئاستێك بتوانێت وەڵامی هـەمـوو پـرسـیـارێکی پێ بێـت و هـەمـوو تازەیەك ڕونبکاتەوە.

**بەهۆی بوونی جۆرەها بیروباوەڕی جیاوازلە جیهاندا بە درێژ ایی مێژوو وای کردووە کە نەتو انرێت تەنیا پێناسەیەك بۆ ئایین بکرێت**

یاسای یەکەم بریتی یە لە بیروبۆچوونی کۆمەڵگە سـەرەتـایـیـەکان و هـەبـوونی زانـیـاری کـەم و زاڵ بـوونی لـێکـدانـەوەو بیرکـردنـەوەی لاهـوتی بـەڵام زۆر درێـژە ناکێشێت و دەچێتە قۆناغی دوەم و یاسای دووەم سـەرهـەڵـدەدات کـە کۆمەڵگە دەچـێـتـە قـۆنـاغی هـزری مـیـتـافیزیـقی مـوجـەرەد، هـەتـا دواتـر دەچێتـە یاسای سێهەم کە بریتییە لە شیکردنەوەی هەموو دیاردەکانی کۆمەڵگەیە هزرو لێکدانەوەی

زانستی، ئەم یاسای سێهەمەش کۆتا قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەبێت وپاشان پێویستی بە هیچی تر نابێت .

لێرەدا ئۆگست کونت لە زنجیرەی پێشکەوتنی هزری مرۆڤایەتیدا ئایینی وەك قۆناغێکی سەرەتایی ئەژمار کردووە و دواتر هیچ گرنگی نامێنێت و یاسای ژیری و زانستی مرۆڤ بەتەنیا دەبێتە سەرچاوەی وەڵامی هەموو ڕوودا و داواکاری و تازەگەریەکانی کۆمەڵگە و ئەمەش کۆمەڵگەیەتی سەردەمی دروست دەکات کە هەر سەردەمێك باس و دیاردەو لێکدانەوەی تایبەت بە خۆی دەبێت.

سەبارەت تێڕوانینی دورکایم دەتوانین لە سێ خاڵی سەرەکیدا کۆی بکەینەوە، یەکەمیان گرێدانی ئایینە بە کۆمەڵگەوە کە دورکایم بنەمای سەرەکی سەرهەڵدانی ئایین دەبەستێت بە بوونی کۆمەڵگە و دیاردەکانی ڕۆژانەی ناو ئەو کۆمەڵگەیە، دووەمیان شێوازە سادەکانی بابەتە ئایینییەکانە کە تێکەڵی دیاردەو دابوونەریتی ڕۆژانە دەبن، سێهەمیان، کاری ئایینەکە بریتییە لە ڕێکخستن و چاککردنی کۆمەڵگە.

بەڵام هەرچی سەبارەت بە زانا (هربرت سبنسر)ە خاوەنی بیرۆکەی بنەمای زیندویی (المبدأ الحیوی)یە کە بریتییە لە پەرستنی یاخود بڕوا بوون بە هەندێ لە ڕوحەکان کە پێشتر ژیاون و لەکاتی ئێستادا ڕوحیان چاودێری کۆمەڵگە دەکات لەبەر ئەوە پێویستە بە پیرۆز سەیربکرێن و ڕێزیان لێ بگیرێت، کەئەمەش لە کۆتاییدا بوەتە شێوە لە شێوەکانی ئایین و شوێنکەوتە و پەیڕەوانی پەیداکردووە. پاشان ماکس فیبەر بە شێوازێکی جیاواز تێڕوانینی بۆ ئایین پەیداکرد و بەگەڕان بە دوای وەڵامی پرسیاری کە ئایا ئایین کاریگەری لەسەر ئابووری هەیە؟ یاخود ئابووری پەیوەندی و کاریگەری لەسەر ئایین هەیە؟ بۆ وەڵامەکەش فیبەر دەڵێت کە کاریگەری و پەیوەندی دوولایەنەیە، لێرەوە ماکس فیبەر گەیشتوەتە بیرۆکەی ئەوەی کە ئایین زیاتر ڕێکخستنی شێواز و باری ئابووریە لەناو کۆمەڵگەدا و ئەرکی سەرەکیەتی و ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە مرۆڤ بۆی دەژێت. هەموو ئەمانەش لە سیستەمەکانی سەرمایەداری و هاوبەشیدا دەرکەوتون. کە فیبر وای دەبینێت کە سیستەمی سەرمایەداری دەرئەنجامی کردووە و بیرو بۆچوونەکانی ناو کۆمەڵگەیە، هەروەك چۆن مارکسیش بە ناڕاستەوخۆ پەیوەندی چینایەتی و باری کۆمەڵایەتی بە دەستهاتوی وەك بەشێك لە بیروباوەڕو ئایین بینیوە.

لەبەشی چوارەمدا نووسەر تیۆرەکانی تایبەت بە زانستی کۆمەڵناسی ئایینی خستۆتە ڕوو کە بریتین لە شەش تیۆر بەم شێوەیە:

**تیۆری یەکەم:** تیۆری مێژوویي: ئەم تیۆرە بۆ شیکردنەوەی سەرهەڵدانی ئایین و قۆناغەکانی پێشکەوتنی پشت

بەرووداوە مێژوویەکان دەبەستێت، کە هەر ڕووداوێکی دیار و گرنگی مێژوو بووەتە ویستگەی دروستبوونی سەرەتایەک بۆ ئایین و بیروباوەڕێک و ئەم پەیوەندییە هەبوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە. دیارترین بیرمەند لەم بوارەدا (بارسونزوبیلا) یە کە خاوەنی زۆرترین تێڕوانین بۆ پەیوەندی مێژوو و ڕووداوەکانی بە ئایین و دەرکەوتنی.

**ئایین دەبێتە کۆمەڵێك بیروبۆچوون و بنەما و ڕێنمایی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی دەبێت و تێڕوانین و شیکردنەوەی بۆ ڕووداوەکان پێ دەکات**

**تیۆری دووەم:** تیۆری بەراوردکاری: ئەم تیۆرە بۆ ڕونکردنەوەی دەرکەوتنی ئایین پشت دەبەستێت بە بەراوردکاری نێوان بیروباوەڕو تێڕوانینی کۆمەڵگە و بابەتی ئابووری هەروەها بیروباوەڕی کۆمەڵگە و بابەتی کولتووری و دابوونەریت کە ئەم دوانەیە بوونەتە هۆکاری گەلاڵەبوونی هەندێك تێڕوانین بۆ ژیان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە کە دواتر شێوازێك لە پیرۆزیان وەرگرتوە و پاشان بوونەتە ئایین.

**تیۆری سێهەم:** تیۆری ئەزمونی: ئەزمون لێرەدا واتە وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو بابەتەی کە پێویستە توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت بە هۆی ئەو کەسانەی کە کاریگەر دەبن بە بابەتی توێژینەوەکە، بەم شێوەیە زانایان لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە سەبارەت بە ئایین لەهەر کات و شوێنێکی دیاریکراو دەتوانن دەرئەنجامێك بە دەست بهێنن سەبارەت بە جۆر و شێوازی ئایین و پەیوەست بوون و کاریگەریەکانی.

**تیۆری چوارەم:** ژمێرەیی: ئەم تیۆرە پشت بە چەندێتی دەبەستێت بۆ سەلماندنی گریمانەکانی،بەڵام ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی فراوان لە بواری کۆمەڵناسی ئاینی دا بەکارهاتوە و زۆر ڕێژەیی لێوەبەدەسهاتوە. بە نموونە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا ڕەگەزی مێ زیاتر گرنگی بە بابەتە ئایینییەکان دەدات وەك لە پیاو، یاخود ئەوانەی کە نزیکترن لە ئایین کەمتر دوو دڵی و شێواوی دەرونیان هەیە وەك لە وانەی دورن لە ئایین.

**تیۆری پێنجەم:** تیۆری ڕوپێوی کۆمەڵایەتی: بەکارهێنانی ئەم تیۆرە زۆر باوو بەربڵاوە لە زانستی کۆمەڵناسیدا و پشت دەبەستێت بە وەرگرتنی سامپڵ لە هەر لێکۆڵینەوەیەك کە ئەنجامبدرێت بە پشتبەستن بەو مەرجانەی کە جێگای بایەخی ئەم تیۆرەیە، هەرچەندە ئەو ڕێگایانەی ئەم تیۆرە پشتی پێ دەبەستێت بۆ دەست کەوتنی ئەنجامەکانی نزیکە لە تیۆری ژمێرەیی بەڵام لە هەندێ لایەن جیاوازیان هەیە.

**تیۆری شەشەم:** تیۆری هەڵسەنگاندن و بەهاکان: ئەم تیۆرە جیاواز لە هەموو تیۆرەکانی تر پشت دەبەستێت بە بەهاو بنەما سەرەکیەکانی ئایین بۆ دەرخستنی هەر لایەنێکی ئەو ئایینە، نموونەی وەك ئەفلاتۆن دەردەکەوێت لە پەرتووکەکانی (الجمهوریه) کۆمار و یاساکان هەروەها ئەرستۆ لە پەرتووکەکانی (بەهاکان) و (سیاسەت)، هەروەها فارابی لە پەرتووکە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (شانیشی خوازراو) وەك کەسانێك کە پشتیان بەم توێژینەوەیە بەستوە لە نوسراو توێژینەوەکانیان.

لە بەشی پێنجەمدا نووسەر چۆتە ناو بابەتێکی گرنگ لە بواری ئایین و کۆمەڵگەدا ئەویش بە گەران بە دوای پەیوەندی نێوان بەها ئاینییەکان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و بۆ ئەم مەبەستە بە چەند خاڵێك ئەم پەیوەندییەی ڕون کردووەتەوە،.

**یەکەم:** شیکردنەوەی پێناسە و مانای ئایین و دەرخستنی ڕووی تەواوی ئایین وەك خۆی، لەم باسەدا نووسەر پشتی بەستوە بە تیۆری ئیمیل دورکایم کە لە سەرەتادا بە پێویستی دەزانێت جیاوازی بکرێت لە نێوان کەسانی ئایینداروبێ ئایین، کە لێرەوە دەردەکەوێت ئایین بە واتای گشتی بریتی یە لە هەموو ئەو بیروباوەڕو کردەوانەیە کە کۆمەڵێك لە خەڵك بەیەکەوە باوەڕیان پێی هەیە یاخود ئەنجامی دەدەن لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا.

**دووەم:** بواری زانستی کۆمەڵناسی ئایینی: مەبەست لەبوار لێرەدا واتە کارو ئەرکی ئایین چیەو لە کۆمەڵگەو ژیانی مرۆڤەکاندا تاچ ئاستێك دەردەکەوێت، هەرچەندە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان بیرمەندان لەم بوارەدا، بەڵام بە گشتی ئایین دەبێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تاك و کۆمەڵیش هەبێت، تاك واتە دەبێت ئایین هۆکار بێت بۆ جیاکردنەوەو ڕێکخستنی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەو هەنگاوی ڕۆژانەی ئەم کەسە، هەرچی سەبارەت بە کۆمەڵگەش بێت دەبێت ئایین هەندێ سیما و شێوازی تایبەت و جیاواز ببەخشێت بە کۆمەڵگە و جیابکرێتەوە لە کۆمەڵگەکانی تر، تەنانەت کاریگەری ئایین لە هەموو بوارو لایەنەکانی ژیان ڕەنگدانەوەی دەبێت وەك کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی، ڕامیاری، ئەخلاق .......هتد چونکە لە کۆتاییدا ئایین بیروباوەڕە لە دڵ و دەروندا دەچەسپێت و دەبێت ڕەنگدانەوەی هەبێت.

**سێهەم:** بەها ئاینییەکان و جۆرەکانی نوێگەری: لەم تیۆرەدا گرنگی دراوە بە پەیوەندی دولایەن و کاریگەری ئایین و بەها کۆمەڵایەتییەکان کە تا چ ئاستێك کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە و چۆن ئایین بەها دروست دەکات و پاشان سیمای گشتی کۆمەڵگە دەگۆڕێت و سیمای نوێ و جیاواز دەردەکەوێت. نووسەر جەختی کردووەتەوە لەسەر گەورەیی و گرنگی

هەر گۆڕانکارییەك كە بە هۆی بەها ئایینییەکانەوە دروست دەبن و سیما و شێوازی ژیانی کۆمەڵگەیەك دەگۆڕن بۆ چەندها سەدە بەردەوام دەبێت.

**چوارەم:** چینایەتی لە کۆمەڵگەدا: کارل مارکس وەك دامەزرێنەری ئەم تیۆرە سەیر دەکرێت کە بنەمای تیۆرەکەی لەسەر چینایەتی ناو کۆمەڵگە دارشتوە و کۆمەڵگەی کردووە بە دوو چینەوە، چینی هەژار و چینی سەرمایەدار، سەبارەت بە چینی هەژاران ئایین وەك ئارامکەرەوە سەیر دەکرێت کە هەژاران بەردەوام پێویستیان پێیەتی بۆ ڕاکردن لە ڕوداوە قورسەکان و واقعی تاڵی ژیان و دڵخۆشبوون بە پاداشت یاخود ژیانێکی تری جیاواز کە چاوەڕێیان دەکات. بەڵام هەر چی چینی سەرمایەدارانە ئایین بەکاردەهێنن وەك ئامرازێك بۆ دەسەڵاتیان و توانای دەستبەسەرداگرتنی جومگەکانی دەسەڵات بەتایبەت سێکتەری ئابووری چونکە سەرچاوەی بەهێزی دەسەڵاتە. لێرەدا مارکس پێی وایە ئایین لەلای چینی یەکەم کە هەژارانە پێویستە لابرێت و بسردرێتەوە هەتا لەم بێهۆشی و خەیاڵە ڕزگاریان بێت و بتوانن مافیان بەدەست بخەن، بەڵام بۆ چینی دووەم کە دەسەڵات دارو و سەرمایەدارانن ئایین هیچ بەهایەکی ڕاستەقینەی نییە و تەنیا ئابووریە، هەر بۆیە کاتێك ئابووریان لاوازکرا دەتوێنەوە و دیار نامێنن. کەواتە مارکس ئەم تیۆرەی لەسەر پەیوەندی نێوان ئابووری و بەها ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان دارشتوە و کاریگەریان لەسەر یەکتر پێچەوانەیە.

**نووسەرگەیشتووەتە ڕێگای یەکلابوونەوە بە هەبوونی پەیوەندی هەموو کۆمەڵگەیەك بە ئایینەوە و هیچ کۆمەڵێك لە خەڵکی ناتوانن بەیەکەوە لە شوێنێکدا بژین بەبێ هەبوونی جۆرێك لە ئایین و بیروباوەڕ**

**پێنجەم:** ئایینی مەدەنی: پشت بەستن بە توێژینەوەی زۆرێك لە بیرمەندان بە هۆی پێشکەوتنی ژیان و تەکنەلۆژیا و زیادبوونی کاریگەری وڵات لەسەر ژیانی تاك و دانانی یاساو ڕێنمای بۆ وردەکاری ژیانی تاك، شێوازێك لە یەکگرتوویی بیربۆچوون لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست بوە کە دواتر بوەتە هۆی پابەندبوون و پەیوەست بوون پێوەی کەلە زۆرکاتدا وەك ئایین سەیردەکرێت، یاخود جێگای ئایین دەگرێتەوە لە ڕووی واقعی ڕوداوەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، بە نموونە بەپیرۆزدانانی سەرکردە گەورە و ڕوحیەکانی نیشتمان و ڕۆژی ئاڵا و بابەتی سەربەخۆیی و ....هتد هەموو ئەمانە وا دەکات لەلای مرۆڤ ئایین بەمانای پێشوتری لاواز ببێت و ئەم چالاکی و

ڕێنماییە شارستانییە نوێیانە شوێنی بگرێتەوە و وەك ئایینی مەدەنی ئەژمار بکرێت.

لەبەشی شەشەمدا نووسەر چەند لێکۆڵینەوەیەکی جیهانی سەبارەت بە ئایین وەرگرتوە و شیکردنەوەی بۆ کردون:

**لێکۆڵینەوەی یەکەم:** پێگەیاندنی ئایینی گەنجان: بەمەبەستی پێگەیاندنی گەنجان لەسەر ئایینێکی دیاریکراو پێویستە هەنگاوی زۆر ورد و قۆناغی ماوەدرێژ ڕەچاو بگیرێت، چونکە لە منداڵیەوە دەست پێدەکات بە قۆناغی هەرزەکاریدا تێدەپەڕێت و لە قۆناغی سەرەتایی گەیشتن بە کامڵ بوون کۆتایی دێت و هەر قۆناغێکیش تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە بەم شێوەیە:

**١- قۆناغی منداڵی:** بە گشتی منداڵ لە ئایینەکاندا شوێنی گرنگی نییە، بەڵام لە ڕێگەی زانیاری کە ڕووبەڕووی هەستیان دەکرێتەوە سودمەند دەبن لە بنەما ئایینییەکان وەك چیرۆك و بەسەرهاتەکان، هەروەها بە هۆی ژیانی کۆمەڵایەتی هەر لە خێزانەوە بۆ خوێندنگا و بەشەکانی تری کۆمەڵگە منداڵ فێری زۆرێك زانیاری دەبێت سەبارەت بە ئایین، لێرەوە منداڵ دەست دەکات بە فێربوونی هەندێك بنەمای سەرەتایی و پاشان گرنگ سەبارەت بە ئایینەکەی و دواتر دەبێتە بیروباوەڕو کاریگەری لەسەر کۆی ژیانی دەبێت.

**٢- هەرزەکاری:** هەرزەکاران لە قۆناغێکدان بەگشتی هەستیارە و زوو گۆڕانکاری لە دیدو بۆ چونیان بەدیدەکرێت، لەبەر ئەوە لەم قۆناغەدا پێویستە بە هێمنی و وردی کار لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیار و پڕکردنەوەی داخوازیەکانیان بکرێت، واتە قۆناغی هەرزەکاری لە ڕووی پەروەردەکردنەوە هەرزەکاری لەرووی پەروەردەکردنەوە دەبێت وەك قۆناغێکی هەستیار و ڕاگوزەر تەماشا بکرێت و بەهەموو ئامرازەکانی بەردەست هەوڵبدرێت لەسەر شێوازی ژیانکردن و بوارێکی بیرکردنەوەی سنوردار جێگیر بکرێن.

**٣- سەرەتای کامڵ بوون:** ئەم قۆناغەی ژیانی تاك گرنگی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی دەکەوێتە بیرکردنەوە لە ژیانی پاشترو داهاتوی، کە ئایا چ کارێك بکات بۆ ئەوەی باش بژێت؟ یاخود لەگەڵ کێ هاوسەرگیری بکات؟ لە کوێی لە کۆمەڵگە شوێنی دەبێت؟ هەر بۆیە لێرەدا قۆناغێکی هەستیار دەست پێ دەکات ئەویش دۆزینەوەی جۆری پەیوەندییەکە ئایین و بیروباوەڕەکەی هەیەتی لەگەڵ جۆری ژیان و بابەتی داهاتوی، تا چەند یەکانگیر دەبن یاخود لە کوێدا پێچەوانەن، هەموو ئەمانە دەبێتە بنەمای دروستبوونی بیروەباوەڕی نیمچە جێگیر بۆ بەشی کۆتایی و ماوەی ژیانی.

**لێکۆڵینەوەی دووەم:** گەنجان و پەیوەستی ئایینی: یەکێك لە گرنگترین ویستەکانی دامودەزگا ئایینییەکان لە

کۆمەڵگەدا بریتییە لە هەوڵدان بۆ بڵاوبوونەوەی ئایین و بیروباوەڕەکەی لە نێو گەنجان لەبەر ئەوەی سەرچاوەی کاریگەرین لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمەش بە گرنگیدان بە سێ ڕەگەز:

**یەکەم:** ڕەگەزی ژیری: واتە توانای جێکردنەوەی بنەمای ئایین لە ژیری و بیرکردنەوەی گەنج و دۆزینەوەی ڕێگای گرێدانی زانیاریە ئایینییەکان بە بیروتێڕوانینی گەنج هەتا باشتر تێبگات و لەژێریدا بچەسپێت.

**دەمارگیری لە هزری ئیبن خەلدوندا بریتییە لە ڕەچەڵەك و ڕەگەزو نەتەوە و ئایینیش ڕووەکەی تری کۆمەڵگەیە**

**دووەم:** ڕەگەزی دەرونی: واتە گرنگیدان بە توانای دروستکردنی ئارامی دەرونی و هێمنی خودی گەنج و دڵخۆشبوون بە بنەما و ڕێنماییە ئایینییەکان وەك ڕەگەزێك بۆ چەسپاندنی ئایین لەناو گەنجان.

**سێیەم:** ڕەگەزی ڕەزامەندی: ئەمە کۆتا ڕەگەزە کە گەنج پێی بگات و لەم قۆناغەدا ئایین دەبێتە بابەتێکی ویستراو و پیرۆز و پاشان گەنج دەبێتە هۆکاری بە هێزبوونی ئەم ئایینە و بڵاوەپێکردنی، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە دەبێت گەنج بە ویست و ڕەزامەندی خۆی ئەم ئایینە قبوڵ بکات و هیچ زۆرە ملێ و زۆر لێکردنێك لە ئارادا نەبێت.

نووسەر لە باسێکی تردا باسی تیۆرەکانی گەشەسەندن و پەیوەست بوون بە ئایینەوە دەکات و لە تیۆرەکانی (جیمس فویلر، جون ویسترهوف، برویس بورز، فون هوجل) کۆی دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی بە گشتی تیۆرەکان لە ڕووی ناوەڕۆك و ماناوە لەیەك نزیکن بە پێویستی دەزانم یەك پوختەی گشتگیر و سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ گەشەسەندن و پەیوەست بوون بە ئایین باس بکەین، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرانەوە ئایین لە دوای تەمەنی سێ ساڵی دەست پێدەکات لەلای مرۆڤ و هەتا تەمەنی هەشت ساڵی کە تەمەنی منداڵیە، لەم کاتەدا منداڵ تەنیا بە هەست و سۆز ئایین دەناسێت و سەرەتایەکی کەمی لێوە وەردەگرێت، پاشان لەتەمەنی هەشت ساڵی هەتا دەگاتە تەمەنی چواردە بۆ هەژدە ساڵی کە تەمەنی دەستپێکردنی کارکردنی ژیری مرۆڤە ئایین دەبێتە باسێکی گرنگ ترو دەبێتە چەند پرسیارێك کە دواتر وەڵامەکانی دەبنە هۆکاری پەیوەست بوون یاخود لاواز بوونی ئایین لەلای هەرزەکاران. دواتر قۆناغ و تەمەنی سێهەم دەستپێدەکات کە بریتییە لە سەرەتایی کامڵ بوون و تەواوبوونی ژیری مرۆڤ، لێرەدا ئایین وەك بەها و ڕەوشت و هەڵسوکەوت دەردەکەوێت و دەبێتە

بەشێکی گرنگ و بنەمایەکی پتەو کە تاك پشتی پێ دەبەستێت بۆ پاشماوەی ژیانی و دەبێتە هەڵی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ هەموو کێشەکانی کە دێتە بەردەم بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە.

**لێکۆڵینەوەی سێهەم:** ئایین و کۆمەڵگە (تێڕوانینی ماکس فیبەر) لە سەرەتادا گرنگە ئەوە بزانین کە ماکس فیبەر یەکێکە لە زانا پێشەنگ و دیارەکانی بواری ئایین کە زۆربەی لە ژیانی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایین تەرخان کردووە و باوەڕی وابوە کە ئایین هۆکاری سەرەکی کاریگەرە لە بڕیارو هەڵسوکەوت و ڕەوشتی تاك، هەر بۆیە گەیشتوتە ئەو دەرئەنجامەی کە کۆمەڵگە بوونی نییە بەبێ ئایین، چونکە کۆمەڵگەش لە تاك پێکدێت.

هەروەها ماکس فیبەر ڕەخنەی لە کارل مارکس گرتوە کە لە زۆربەی بۆچوونەکانی ئایینی پشتگوێ خستوە، چونکە وەك فیبەر ئاماژەی بۆ دەکات لە پەیوەندی نێوان ئایین و ئابووری ئایین دەبێتە خاوەن کاریگەری سەرەکی و ئابووری دەبێتە پاشکۆ و دەرئەنجامی ئایین، بۆ ئەمەش نموونەی سەرمایەداری ئەوروپا و پێشکەوتنی چین وەك بەڵگەی تیۆرەکەی وەردەگرێت و دەسەلمێنێت کە ئایین و بەهاکانی بوونەتە هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەم کۆمەڵگەیانەدا، ئەوەی جێگای سەرنجە ماکس فیبەر هەموو ئەمانەی بەستوەتەوە بە توانای ڕێکخستنی ژیرانە و بیرکردنەوەی بنیاتنەرانە کە دەبێتە کۆمەڵگە وەك قۆناغێکی ئاسایی پێی بگات، لەبەر ئەوەی وەك فیبر ئاماژەی بۆ دەکات دەبێت ئایین گرێ بدرێت لەگەڵ ژیریەکی ئاست بەرز هەتا ببێتە بنەمای پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو خاوەن ئایدیای ڕون و بابەتیانە بۆ کۆی سێکتەرەکانی ژیان و داینەمۆی پێشکەوتن و ڕانەوەستان. هەرچەندە تیۆری ماکس فیبەر بۆ پەیوەندی ئایین و کۆمەڵگە ڕووبەرووی ڕەخنەی زۆر بوەتەوە، بەڵام هێشتا هەر یەکێکە لە باشترین ئەو تیۆرانەی کە توانیویەتی بە شێوەیەکی باش ئەم پەیوەندییە ڕونبکاتەوە.

**لێکۆڵینەوەی چوارەم:** ئایین و تێرروانینی کەسانی ئاسایی: لێرەدا نووسەر بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئایین و تاکی ئاسایی هاوڵاتی پشتی بەستوە بە چەند توێژینەوە و چاوپێکەوتنێك کە پێشتر ئەنجامدراون و شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکەش زیاتر وڵاتانی ئەوروپا بوە، کە گەیشتوەتە دەرئەنجامی ئەوەی کە تاکی ئاسایی لە ژیاندا بە هۆی چەند هۆکارێك بەبیروباوەڕوئایین ئاشنا دەبێت کە ئەمانەن:

١- خێزان، واتە ئەو ژینگە سەرەتایی و بچوکەی کە سەرەتایی ژیانی تێدا دەست پێدەکات و بەشێکی گرنگی منداڵی تێدا بەسەر دەبات.

٢-ناوەندی خوێندن، هەر لەسەرەتاییەوە

هەتا زانکۆش ژینگەیەکی گرنگە بۆ ناسین و پێگەیاندنی هزری ئایینی لەلای تاك.
٣- گروپ و پارت و ڕێکخراوەکان، نزیك بوون یاخود پەیوەندیکردن بەهەر گروپ و لایەن و ڕێکخراوێك کاریگەری دەبێت لەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەی تاك.
٤- دەزگا ئایینییەکان وەك مزگەوت و کڵێسا و هەر ناوەند و دەزگایەکی ئایینی ڕۆڵی ئاشکراو بەرچاوی هەیە لەسەر تاك بۆ دروستکردنی هزری ئایینی.

**لێکۆڵینەوەی پێنجەم:** خراپ بەکارهێنانی ئایین: هەروەك پێشتر باسمان کرد ئایین ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ڕێکخستنی ژیانی تاکەکان، ئەویش بە کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوت و کردارەکان بە هۆی چەسپاندنی بیروباوەڕێکی بە هێز لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا، هەر بەم هۆیەوە تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی خۆشبەخت و هاوبەش و ئارامی دەژین و کۆمەڵگەیەکی تەندروست پێك دەهێنن. بەڵام لە هەندێ کاتدا ئایین بە هۆی خراپ بەکارهێنانی یاخود تێگەیشتن و تێڕوانین و شیکردنەوەی جیاواز بۆ بنەماکانی دەبێتە هۆکاری کێشە و گرفت و دووبەرەکی و نەهامەتی بۆ تاك و کۆمەڵگەش، نووسەر بۆ سەلماندنی ئەم مەبەستە شیکردنەوەی بۆ چەند توێژینەوەیەك کردووە لەم بوارەدا و دەرکەوتوە کە لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاواز بۆ ئایین هۆکارە بۆ دروسبوونی چەند گروپ و کۆمەڵەیەك کە دور لە داب و نەریتە گشتی و باوەکانی کۆمەڵگە بیرکردنەوەو هەڵوێستەکانیان کێشەو گرفت بۆ ژیانی گشتی کۆمەڵگە دروست دەکەن.

یەکێك لە دیارترین دیاردەکانی دوای جیاوازبوون لە بیری ئایینی بریتییە لە توندڕەوی کە بریتییە لە زیاد بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەست بوون بە ئایین و بە هەڵە دانانی کەسانی تر کە سادەتر پەیوەستن بە ئایینەوە.

**ئۆگست کونت لە زنجیرەی پێشکەوتنی هزری مرۆڤایەتیدا ئایینی وەك قۆناغێکی سەرەتایی ئەژمارکردووە و دواتر هیچ گرنگی نامێنێت و یاسای ژیری و زانستی مرۆڤ بەتەنیا دەبێتە سەرچاوەی وەڵامی هەموو ڕووداو و داواکاری و تازەگەرییەکانی کۆمەڵگە**

هەروەها دروستبوونی ململانێ وەك دیاردەیەکی تری ئەم بابەت دەردەکەوێت کە ئەگەر تێڕوانینی زۆر جیاواز بۆ بنەما و ڕێنمایە ئایینییەکان هەبێت دواتر دووبەرەکی و ململانێ لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەکات و پاشان ئاسایش و ئارامی گشتی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسیەوە.

دیاردەیەکی تری ئەم جیاوازبوونە بریتییە

لە کەمبوونەوەی هەستی یەکریزی و خۆشەویستی و یەکگرتوویی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە کە هۆکارە بۆ لاوازبوونی هێزی ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتی و .....هتد لەو کۆمەڵگەیە و پاشان نەتەوە و وڵاتێکی لاواز بەرهەم دێت و لێرەوە رێگا خۆش دەبێت بۆ لایەنەکانی تری نەیار بە ئاسانی دەستێوەردان بکەن لە کاروباری ناوخۆی و بیرو هزری گەنجان لە کۆمەڵگەدا.

**بەشی حەوتەم**
**توێژینەوە لۆکاڵیەکان**

یەکێك لە گرنگترین ئەو توێژینەوانەی کە ئەنجامدراون لەم بوارەدا بریتییە لە بابەتی توندوتیژی ئایینی لەلای گەنجان، هۆکار و دەرئەنجامەکان. لەبەر ئەوەی گەنجان توێژێکی زۆر گرنگی کۆمەڵگەن و کاریگەری و رۆڵیان لە کۆی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە بۆیە توێژینەوە لەسەر ئەو توێژە کراوە و هەوڵدراوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدۆزرێتەوە، هۆکارەکانی توندوتیژی لەلای گەنجان چیە؟ جۆر و شێوازەکانی توندوتیژی چین؟ شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ئەم توندوتیژیە چیە؟ لەم روانگەیەوە نووسەر پوخنەی چەند توێژینەوەیەك دەخاتەروو.

توندوتیژی بەگشتی لەلای توێژی گەنجان بابەتی هەبوە یاخود روونتر بڵێن گەنجان ئاسانتر روو لە توندوتیژی دەکەن چونکە بە شێوەیەکی سروشتی قوناغی ئەو کاتی ژیانی گەنج گونجاوە بۆ هەنگاوی لەم شێوەیە، جۆرەکانیشی لە لێدانی سوك دەست پێدەکات هەتا دەگاتە کوشتن کە لەم نێوانەدا جۆری زۆری توندوتیژی هەیە.

هەرچەندە بەشێك لە توێژینەوەکان دەریان خستوە کە توندوتیژی لەلای گەنجان هەندێ کات ئاساییە بەڵام دەبێت رێکاری پێویست بگرێتە بەر بۆ گەورەنەبوون و پەرەسەندنی هەتا بگاتە کاری رێکخراوەیی و توندوتیژی بەمەبەست و پشتبەستن بە بیروباوەر.

کەواتە هەندێك لە جۆرەکانی توندوتیژی لەگەڵ ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەك رێگەپێدراو نییە و دەبێت هەوڵی توند هەبێت لەلایەن یاسا و راگەیاندن و و ناوەندەکانی پەروەردە بۆ رێگری کردن، نموونەی توندوتیژی نێوان هاوسەران، هاورێیان، باوك بۆ منداڵ...هتد بەڵام لە کۆتاییدا جێگەی مەترسی نییە بۆ باری ژیان و ئاسایشی گشتی نەتەوە، هەر بۆیە ئەو توندوتیژیەی کە پشت بە جیاوازی ئایین و بیروباوەر دەبەستێت لەلایەك و کۆمەڵ و رێکخراوی تایبەتی بۆ دروست دەبێت لەلایەکی ترەوە بابەت و هۆکاری سەرەکی تێکدان و ئاڵۆزی کۆمەڵگەیە و دەبێتە مەترسی گەورە بۆ لێکترازان و لەدەستدانی هاوسۆزی کۆمەڵایەتی و تەبایی نەتەوەیی.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش نووسەر نموونەی زۆری لە رابردوو و ئێستادا وەرگرتوە کە بەرونی دەریدەخات کە توندوتیژی ئایینی خراپترین جۆری توندوتیژیە.

هۆکارەکانی توندوتیژی هەر چەندە زۆرن و لە کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکی تر جیاوازن بەڵام دیارترین هۆکار بریتییە لە جیاواز خوێندنەوەی ئایین و دەقەکانی و لێکدانەوەی مێژووی ئایین وتێڕوانینی ئایین بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵگە.
هەر بۆیە زۆر پێویستە وڵات بەرنامەی ڕون و گشتگیری هەبێت لەسەر هەموو ئاستەکانی ناوەندە ئایینییەکان و ڕاگەیاندن و پەروەردە و پەیڕەوی پارت و ڕێکخراوەکان بۆ یەك ڕوانین و یەك هەڵوێست و یەك بڕیار سەبارەت بە هەموو بابەتە هەنوکەیی و جیاوازەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە بۆ دروستکردنی تێڕوانینی هاوبەش و یەکگرتووو لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا پاشان دەستکەوتنی هێمنی و ئارامی لە نێو کۆمەڵگەدا.
گرنگە لێرەدا ئاماژە بە ئەوە بکەین کە زۆرینەی توێژینەوەکان ئاماژەیان بە هۆکاری ئابووریش کردووە وەك سەرچاوەیەك بۆ دروستبوونی ئاڵۆزی و توندوتیژی و ئەوەیان ڕونکردووەتەوە کە ئابووری بەهێز و گەشەسەند و کە تێیدا تاك سودمەندە و داهاتی ڕۆژانەی بەرزە تیایدا و هەست بە دامەزراوەیی دەکات لەبواری ئابووریدا کەمتر ڕوو لە توندوتیژی دەکات و ملکەچی بیر و هزری توند دەبێت.هەروەها هۆکارێکی توندوتیژی بریتی یە لە دەسەڵاتی تاك ڕەوو دیکتاتۆر کە بەهۆی سیاسەتی زوڵم و چەوساندنەوە بارێکی گونجاو بۆ توندوتیژی دەهێنێتە بەرهەم و لە ژینگەی هاوشێوەدا بە ئاسانی گروپ و ڕێکخراو و پارت دروسشت دەبن کە لەرووی ئایدیا و هزرو تێڕوانینەوە زۆر لەیەکەوە دورن.

**دورکایم بنەمای سەرەکی سەرهەڵدانی ئایین دەبەستێت بە بوونی کۆمەڵگە و دیاردەکانی ڕۆژانەی ناو ئەوکۆمەڵگەیە**

ڕێگاکانی چارەسەری توندوتیژی یاخود ڕێگری لە دروستبوونی دیاردەی توندوتیژی زۆرن:
**یەکەمیان:** ئاراستەکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی خوێندن و ئایینی و بەشێوازێك کە گوتاری یەکگرتووو ئامانجداریان هەبێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بیرو هزری گەنج و ئاراستەکردنی بە شێوازێك لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە و یەکریزی و تەبایی کۆمەڵایەتی بێت.
**دووەمیان:** باشترکردنی باری ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی .
**سێهەمیان:** فەراهەمکردنی ژینگەیەکی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین و مافە کەسیەکان.
**چوارەم:** هەبوونی یاسایەکی بەهێز و سزای گونجاو بۆ هەر تاوانێك کە توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت.

# زاراوەناسی

ئایینناسی

# کۆمەڵناسیی ئایینی

ئامادەکردنی: ئایینناسی

ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکدێت کە بریتین لە کۆمەڵناسی و ئایین, یەکەمیان کە زاراوەی کۆمەڵناسیە بریتییە لە زانستێك کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە و ناساندنی کۆمەڵگا مرۆیەکان بەهۆی بنەما و بەها گرنگەکانی ئەو کۆمەڵگایانە,  وەك ئایین و دابونەریت و کەلتور و بواری  رۆشنبیری و رەگەز و رەچەڵەك.

ئەم زانستە گرنگی تەواو دەدات بە خودی تاك لەناو کۆمەڵگادا و شیکردنەوە دەکات بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵسوکەوت و بیروبۆچونی تاکەکان و پاشان دروستبون و گەلاڵەبونی هزر و بەها کۆمەڵایەتیەکان. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك تیۆر و رێگای زانستی بەکاردەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی راسترین بەها و بابەتی کۆمەڵایەتی کە دواتر دەبێتە بنەمایەك کۆمەڵگای پێدەناسرێتەوە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی ئەم زاراوەیە کە ئایینە بریتییە لە هەموو بیروباوەڕ و بۆچون و تیۆرانینێك کە مرۆڤەکان وەك بنەما و رێسا و یاسا لەلایان دەچەسپێت و دەبێتە هۆکاری دیاری شێواز و چۆنێتی مامەڵە و هەڵسوکەوت و رەوشتی رۆژانەیان، کە جیاوازی نیە ئایینەکە ئاسمانی بێت یاخود ئاینێك بێت سەرچاوەی لە زەوی دروست بوبێت، لە باسی ئاییندا ئەوە گرنگە کە ئایینەکە رێنمای و فەرمانی روونی هەبێت لە لایەك و ئاستی پەیوەستەبونی لایەنگرانی ئایینەکەش لەلایەکی تر.

بەم شێوەیە روون دەبێتەوە کە کۆمەڵناسی ئایینی بریتییە لە زانستێك کە گرنگی دەدات بە دۆزینەوەی کاریگەری و پەیوەندی دابونەریت و ئایین و رەوشتی گشتی کۆمەڵگا بە شێوازی دروستبونی هزر و تێڕوانینی تاکەکان لەو کۆمەڵگایەدا، پاشان دەرکەوتنی سیمای گشتی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی یاسا و رێنمای بۆ رێکخستنی ژیانی رۆژانە لەلایەك و کەمکردنەوەی جیاوازی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەکی تر.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە زانستی کۆمەڵناسی ئایینی پەیوەندی راستەوخۆی بە زۆرێك لە زانستەکانی ترەوە هەیە وەك زانستی مێژوو، جوگرافیا، ئابوری، رامیاری .... هتد، کە هەموو ئەم زانستانە دەبنە بەشێکی تەواوکەر بۆ زانستی کۆمەڵناسی ئایینی و هەموو کات پەیوەندی راستەوانە بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

ئایینناسی

ئاییناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاییناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

### ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەباڕەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئاییناسی پارێزراوە.

١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.

١٤.یادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.

-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.

-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.

-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسە بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

گۆڤار و توێژینەوە

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

نموونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوه، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).

ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نموونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نموونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks-٥١٦٥٧٠٨٤", https://www.bbc.com/news/world-europe, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نموونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).

نموونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).

نموونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نموونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی

ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

































CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





















CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





















CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی ئایینناسی

ژمارە (١٠) ساڵی سێیەم، نیسانی ٢٠٢٥